# بارزانی - هەژار

# و

# هەژار و چەندکەسێك

نووسینی : شێرکۆ هەژار

٢٠١٦

ناوەرۆك


بارزانی - هەژار .............................................. ٥ -٤٨

قاسملو - ئەحمەد تەوفیق .............................................. ٤٩-٥٩

مەلا رەشید .............................................. ٦٠-٦٤

سەجادی .............................................. ٦٥-٦٩

جگەرخوین .............................................. ٧٠-٩٤

وردی .............................................. ٩٥-١٠٤

حەوێزی .............................................. ١٠٥-١٠٨

عەزیز شەریف .............................................. ١٠٩-١١١

مرۆڤ، وادیارە دەبێت هێشتا ڕۆژگارێکی زۆر، زۆر سەدە یا زۆر هەزار ساڵ چاوەڕێ بکات بەڵکو تا ئەوسا ئەوەندە پەرەبستێنێت کە بتوانێت لە خۆی بگات، ئەوجا لە خەڵکیتر بگات و،دوای ئەوە بتوانێت نێوانی خەڵك و خۆی بۆ بچێتەوە سەریەك . ئێستا هەر بەوەندە گەیشتووە کە بچێتە عیادەی ڕەواننانسێك و پارەیەك بدات، بۆ ئەوە بەڵکو ئەو ڕەوانناسە بتوانێت وەڵامی پرسیارەکانی بداتەوە : ئەرێ من بۆچی وادەکەم ؟ بۆچی فلان کەسم خۆشدەوێت ؟ یا بۆچی ناخۆشم دەوێت ؟ نێوانی خۆم و هاوسەرم یا فلانەکەس یا کەسان بۆچی وایە ؟ ... ئیتر خۆ مەگەر پرسیار دەبڕێتەوە ؟ گۆران گوتەنی :

یەك لە شوێن یەك : سەد هەزار (..)

یەك لە شوێن یەك بە قەتار،

ئەمیان یەخەمان ئەگرێ،

جوابی ئەممان پێ نادرێ .

کەچی ڕەوانناسی بەدبەخت، لێی چاوەڕوان دەکرێت، بۆ ئەو پارەیەی وەریدەگرێت،" جوابی پێ بدرێت " . بەڵام هەر نیسبەتێکی زۆر کەمی مرۆڤ و لە چوارچێوەیەکی زۆر تەسکدا ئەو کارە دەکەن . خەڵکێکی زۆری دنیا بە چەقۆ، دەمانچە، شکەنجە، جنێودان، زیندان، ڕەجمکردن و ... جۆرەها ڕێگای تر وەڵامی پرسیارەکان دەدەنەوە : ئەوانە بۆرژوان و دەبێت پرۆلیتاریا ڕەگوڕیشەیان هەڵبکێشن، ئەوانە بێ ناموسن، ئەوانە بێ وەفان، ئەوانە خائینن، ئەوانە دەبێت بکوژین تا بچینە بەهەشت، ئەمانە وەها و ئەوانە وەها و خۆم وەها و زۆر زەلامی تریش، کە هیچی فری بە سەر تەشخیسی حەقیقەتی ئەو نێوانەوە نیە . غەریزەکانی مرۆڤ، زۆرتر وەهایە کە بە بێ ئەوە مرۆڤ بتوانێت هیچیان لێ تێبگات، بە ڕێگایەکی وەڵامدانەوەیدا دەبەن کە بەهیچ جۆرێك فری بەسەر حەقیقەتی شتە-کەوە نیە .

دیتنی حەقیقەتی مرۆڤ، بەو سیفەتەی کە مرۆڤە، مەگەر هەر لە چوارچێوەی قانوونەکانی زانستدا بکرێت، چ ئەو زانستەی کە پێوەندیی بە" تێکڕایی" مرۆڤەوە هەیە و، چ ئەوانەش کە پێوەندییان بە تاك- تاکی بەشەکانییەوە هەیە . هەرکام لەوانە قانوونی خۆی هەیە و، بە پێوانەی خۆی دەپێورێت . تۆ لە ئۆتومبیل بنۆڕە، خۆ حاڵەتێکی زۆر لەوەی مرۆڤ سادەترە : خۆشەویستی و ڕق و بیرەوەری و تووڕەیی و خەیاڵ و درۆ و بوختان و حەسوودی و ... ئەو هەمووە شتانەی مرۆڤی نین، کەچی بۆ زانستی تێگەیشتنی تەواوی، چەندە پێویستە : زانستی مەعدەن بە

ئەو هەمووە بەشانەیەوە، هەر لە دەرهێنانی کانەوە تا بە دارشتنی شکڵی ئۆتۆمبیلەکە دەگات، ئەوجا قوماش و پووش و لاستیک و رەنگ و شووشە و، پێداویستی وەکارکەوتنی مۆتۆر و بانزین و ... ئەو هەمووە شتە، هەرکام لەوانەش بە جۆرەها پێوانە، بە میتر و سانتیمیتر و کیلۆ و گرام و دەرەجە و چی و چی دەپێورێن ... مەگەر ژیان بە بێ پێوانە دەکرێت ؟ هەریەکەش بە پێوانەی جیاوازی خۆی، ناڵێین ئەوەندە سانتیمیتر بانزین یا ئەوەندە گرام درێژی و پانی، کەچی کە باس دێتە سەر مرۆڤ، ئەوا لە ئۆتومبیل زۆر سادەتر دەکرێتەوە،نە چەند بەشی هەن و، نە هەر یەکە پێوانەی خۆی هەیە و نە هیچ! :

هەر وڵاتە زۆر شتی‌هەن کە دەیەوێت شانازییان پێوە بکات، شاعیرانی هەن کە پێی‌هەڵدەڵێن، بەغوونە : " محەمەد تەوفیق وردی "ی ئێمە دەڵێت :

گوڵ و گوڵزاری کێوانم بە سەد باغ و چەمەن نادەم
هەڵاڵی دامەنی شاخم بە سەرو و یاسەمەن نادەم .

نووسەری ئێمە مێژووی شەرەفنامەمان لە فارسییەوە بۆ دەکات بە عارەبی و بە کتێبخانە ملیۆنان عارەبی‌زمانانی دەناسێنێت : مەلا جەمیلی رۆژبەیانی . ئەو هەمووە لە مەیدانی شەڕدا دەکوژرێن، ئەوانەش هەموو پارچەی زۆر لەوەی ئۆتومبیلێکی بێ‌گیان و بێ ژیانیان پتر تێدا هەیە . من ئەگەر کارم بە مرۆڤبوونی ئەو کەسە نەدابێت بەڵێ، جگە لەو کارەی کە من کارم پێ هەیە، بەلایدا ناچم . من لە ئاینشتاین شتێکم مەبەستە کە کاری بەوە نەداوە ئایا فریشتە بووە یا بەد ڕەوشت . چونکە ئێجگار زۆر چاك دەکرێت هەر زانایەکی گەورەی جیهان بەدڕەوشت بێت و، وێڕای ئەوەش بمانەوێت سالانێکی زۆری تەمەنمان بۆ فێربوونی زانستی تەرخان بکەین . ئەو هەمووە پارچانەی مەکینە و دەرمان و دەستگا و داهێنانانەی مێژووی مرۆڤ،کە چەندە بە خوێندن و لێ شارەزابوون و یا هەر بەکار- هێنانیان ژیان بەسەردەبەین، کە چووزانین لە داهێنەرانیان چەندیان چ رەوشتێکیان هەبووە یا نەبووە ؟ ئێمە کارمان پێیان‌نەداوە . بەڵام هەر کام لەوانە، ئەگەر بە سیفەتی" مرۆڤبوون"ی لێ بدوێین، ئەوسا مەسەلە دەگۆڕێت، ئەوسا - ئیللان و بیللان - دەبێت هەموو پارچەکانی مرۆڤبوونی باس بکەین : ئەو پرسیارانەی بۆ ریزبکەین کە مرۆڤێك لە رەوانناسەکەی دەکات و، هەوڵ بدەین بزانین وەڵامەکانی ئەو رەوانناسە بۆ ئەو پرسیارانە چین ؟ ئەینا مرۆڤ و مرۆڤبوون یانی چی ؟ هیچ مانایەکی نامێنێت .

لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە پێشەوە : بۆچی باسی مرۆڤبوونی ناودارانمان بکەین ؟ با ناودارمان هەر لەو شتەدا خولاسە بکەینەوە کە پێی ناودار بووە و " رێگا نەدەین باسی هیچی تری بکرێت : بڵێین محەمەد تەوفیق وردی

هەر بریتیە لەو شاعیرەمان کە فەرموویە :

" گوڵ و گوڵزاری کێوانم بە سەد باغ و چەمەن نادەم

هەڵاڵی دامەنی شاخم بە سەرو و یاسەمەن نادەم " و تەواو .

پارچەکانی محەمەد تەوفیق وردی، حەقەن لەوەی ئۆتومبیل پترن، بەڵام ئێمە با - بڵێین- هەر لە رەنگی چراکانی پێشەوەی بنۆڕین کە هەڵیاندەکات" بە سەرو و یاسەمەن نادەم"، ئیتر ئێمە چیمان لە شتەکانی تری داوە ؟ هیچ، ئێمە کارمان بە سەرو و یاسەمەنەکەیەتی . بەڵام ئەی ئەگەر پارچەی تری محەمەد تەوفیق وردی هەبن کە پەندی گرنگیان بۆ ئێمە تێدابن، ئەوان چی ؟ نابێت کەڵك لەوان وەربگرین ؟ بەلایاندا نەچین ؟ خۆلادان لە کەڵك- وەرگرتن لە شتانێك کە پەندیان تێدا هەیە و دەتوانین لێیان فێرببین، کارێکی راستە ؟ نا ، راست نیە . بەڵام ئەگەر ئەو پارچانەی تری کە دەرسی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییان تێدا هەیە : بەجێهێشتنی ژنێکی جەوانی تەنیا لای پیاوێکی جەوانی تەنیا لە ماڵێکدا و نەدیتنی ئیحتیمالی نەتیجەیەکی کە نابێت هیچ سەیر بێت؛ ژن و پیاوێك کە پێکەوە دەبن و حەز لەیەکتر دەکەن تەبیعیترین شتی دنیایە، دەبێت چاوەڕوان بکرێت، کەواتە دەبێت بیری لێ بکەینەوە، بزانین ئایا ئەوە دەکرێت چ نەتیجەیەکی بۆ ژیانی حیزبی و خەبات هەبێت،پێشەکی حیسابی بۆ بکەین، بیخەینە بەرچاومان . یا باسی هەر لایەنێکی تری سایکۆلۆجی . بەڵام ئەگەر ئەوانە زەوقی"هەڵاڵی دامەنی شاخم بە سەرو و یاسەمەن نادەم"ـەکەیان لا کوشتین چی ؟ کامە پارچەیان بە قوربانی کامە پارچەیان بکەین ؟

بۆ ئەوە کە بزانین کامەیان هەڵبژێرین، مەگەر پێویست ناکات هەمووی ببینین ؟ دوورکەوتنەوە لە پرەنسیپی " با حەقیقەتی هەمووی بزانین" مەگەر لێرەدا رێگای هەڵبژاردنیشمان لێ ناگرێت ؟ بە بیری من، ئەزموونەکانی تری ژیانی محەمەد تەوفیق وردی، لە شیعری" سەرو و یاسەمەن"ـەکەی زۆر بەکەڵکترن، بەڵام ئیتر من لە زۆر پارچەی ئاگادارم، لەبەرئەوەیە کە دەتوانم هەڵبژێرم . لەکاتێکدا کە لە باسی " جەواهیری"دا، کە لە هەموو پارچە- کانی ئەویش ئاگادارم، جۆرەها پارچەی چاك و خراپ، من شیعرەکەیم پێ گرنگە و لایەنەکانی تری ئەو مرۆڤە گوێ پێنادەم . من شیعری مەدحی " الجواهری" و " المتنبی" و " النابغە"ش لەبەردەکەم و، زۆرم لا بەرزن، جا بە کێیان هەڵگوتووە یا نەگوتووە کەیفی خۆیانە، پێوانەکەم لێرەدا هی زمان و شیعرە .

ئەوەی لە باسی شاعیردا رەوایە، لە باسی ناودارانی تریشدا رەوایە . من - بەفوونە - سەرۆك مستەفا بارزانی و عەشیرەت و بنەماڵەکەی بە گرنگترین بەنناییانی بیناکردنی ناسیۆنالیزمی کورد دەبینم . بەڵام کە بێتە سەر باسی تیاتر و ئەدەبیات و گۆرانی و مووسیقا و مەستی و زۆر شتی تر، بۆ ئەوانە لە دنیای بارزان دوور دەکەومەوە و،

بیر لە گەورەیی ناوانێکی تر دەکەمەوە، لە رەفیق چالاك بەڤوونە،کە ماوەیەك جاسووسی حکومەتی عیر اق بووە .

سەرۆك مستەفا بارزانی، ئەگەر نەخوێندەواریش بوایە، هەر نەیزانیبا ناوی خۆی بخوێنێتەوە، وەکو پێغەمبەری ئیسلام بوایە - کە دەڵێن بێسەواد بووە، بۆ من تۆزقاڵێك فەرقی نەدەکرد . شێخ سەعیدی پیرانیش یا سمایل ئاغای سمکۆ یا شێخ مەحمود ئەگەر- بڵێین- مەیخانە یا تیاتر یا کۆنسێرت یا هەرچییان لەوانە قەدەغە بکردایە، من ئەم هەڵوێستەی ئێستام لەوان هەر وەکو خۆی دەمایەوە .

ئێستاش، من،بە هەمان بەڵگە، بۆ هەڵوێستی سیاسیم، لە نێوان پیاوانی ئاینیی بارزان و دوژمنە شارستانییە عیلمانییەکانیان، لایەنگری بـارزانم، لەکاتێکدا کە من دژی هەر دەسـەڵاتێکی پیاوانی ئاینم و، حەز لە ژیانی وەك ئەوەی پاریس و کۆپینهاگن دەکەم؛ بۆچی ؟ چونکە " هـەر شتەی بە پێوانەی خۆی" و، من لە نەتیجەی شتەکان بۆ قەومی خۆم دەنۆڕم . لە هـەموو لایەنەکانی ژیانی بارزان هەڵوێستم بە ئەو شتەی بڕیار دەدەم کە چ نەتیجەی بۆ چارەنووسی خۆم بەم سیفەتم کە کوردم و چەندین ملیۆن کەسی تری وەکو من بە هەمان سیفەت، لە مێژووی نەتەوایەتیدا هەیە .

(٢)

هەژار نەك هەر ئەوە کە" بارزانی" و عەشیرەتەکەی بۆخۆی زۆر چاك دەناسین، بگرە زۆر بە راشکاوی و بە گاڵتە و قسەی زۆر خۆش باسی کەسانێکی بارزانیی دەکرد . ئای کە حەشری بە " دەست بە ئاو گەیاندن"ی هێندێك لە بـارزانییەکان دەکرد، ئیتر مرۆڤ هـەر دەبوو پێبکەنێت . جارێك، رەفیق چالاك بە هەژاری گوت : کاك هەژار بۆچی بە بارزانی ناڵێیت فەرمان بدات تیاترێکمان بۆ دروستبکەن تا لە رێگای تیاترەوە هۆشیاری لە ناو گەلدا بڵاو بکەینەوە ؟ هەژار - دوای پێکەنینێکی زۆر- گوتی :" کوڕە بڕۆ مردووت نـەمرێ بۆ عەقڵت، نەوەڵڵا تۆ بڕۆ لەپێشدا ئەوەم بۆ لە ئەفەندییەکانی شار بگەیەنە، ئەوجا منیش بۆت بە بارزانی دەڵێم... کوڕە کورد چووزانێ ئەو شتانە چین هەی بێ عەقڵ ؟ ".

دە هەژاری کە ئەوەی دەگوت، باسی" بالشـۆی تیاتر"ی مۆسکۆ و، بەتایبەتی کۆمیدیاییەکانی رووسی کە لە مۆسکۆ هونەری دیتبوون بەجۆرێك دەگێڕایەوە وەك کە حاجی باسی تەوافی مەککەت بۆ بگێڕێتەوە . بەڵام ئایا هەژار" بارزانی"ی لا پیرۆز بوو ؟ بەڵێ،لەوەدا هەژار و من رێك کۆپیی یەکترین، بە هەمان پێوانە هەموو رابەرانی مێژوومان و زۆر شتی تریش دەپێوین، هەر وەك لە زۆر شتیشدا کەم یا زۆر جیاوازین .

من لام وایە بارزانی و هەژار، هەر کامەیان دەیزانی ئەوەکەی تری "بۆ چ پارچەیەکی" شەخسیەتی خۆشدەویست، بەوە پێوەندییەکەیان زۆر مەنتیقی و لەسەر بناغەیەکی هۆشیاری بوو. هەژار رەنگە لە" تەواوی بارزانی" باش ئاگادار بووبێت، " بارزانی"یش دەیزانی بۆچی هەژاری خۆشدەویست، بەڵام چەندە لە " تەواوی پارچەکانی هەژار" ئاگادار بوو؟ ئەوەیان نازانم. بەتایبەتی لە دواسالانی چیادا. هەژار، خۆی بەشەخسی،" بارزانی"ی دەدیت بەڵێ، بەڵام تەبیعی خۆ نەدەچوو ژیانی تایبەتی خۆی لە بەغدا بۆ باس بکات. ئایا ئیدریس لە ژیانی تایبەتی هەژار ئاگادار بووە؟ ئەگەر بووە،هیچی لێ بە باوکی گەیاندووە؟ یا ئیدریس فلتەرێك بووە، ئەوەی نەیویستووە نەیهێشتووە باوکی بیزانێت ؟ یا -بلێین- ئەوەی بەگرنگ یا شایانی باسی نەدیتووە نەیویستووە سەری باوکی پێ بیەشێنێت. من دیارە ئەو پرسیارەم بۆ وەڵام نادرێتەوە، ئەگەر وەڵامەکەم بزانیایە، دەمتوانی بزانم" سەرۆك مستەفابارزانی" چەندە " هەموو هەژار"ی قەبووڵ بووە. ئێستا بیرم دەکرێت هەر بۆ ئەوە بچێت کە لە ئەوەندە پارچەیەی هەژار ئاگادار بووە کە هەژار خۆی ویستوویە و، هەژاری بۆ ئەوە خۆشویستووە و، ئەو لەگەڵ هەژاردا لە هەژار لەگەڵ ئەودا باشتر و بەوەفاتر بووە. رەوشتی بارزانی وابوو و، ئەگەر غەدرێکیش لە کەسانێك کەوتبێت ( بەنموونە : نووری ئەحمەد تاها) ئەوا رەنگە خەتای ئیدریس بووبێت.

بارزانی،هەموو کارتەکانی هەم فریشتەی چاك و هەم ماکیاڤێلیشی هەبوون. ئەوپەڕی هەوڵیدەدا هەر فریشتە چاکەکە بێت، تا تینی بۆ دەهات ئیتر کارتی سیفەتە خراپەکانی دەردەهێنا. جینەکانی لە ئەولادیدا وا دابەش بوون کە دڵی فریشتەی چاکی لە" مەسعوود بارزانی"ی کوڕیدا زاڵ بوو( کە لەم دواییانەدا دەرکەوت نوختەیەکی زەعفی بوو لەبەرانبەر سلێمانی)، لەکاتێکدا کە لایەنی ماکیاڤێلییەکەی بەر ئیدریس کەوتبوو. سلێمانی لەوەدا بۆ دوژمنایەتیی بارزانییەکان شانسی هەبوو، ئیدریس نەمابوو، ئەینا لەوانە بوو ئەم بەزمەیان وا بە هاسانی بۆ نەچووبایەتە سەر. ئیدریس، هەزار سوێندی بەرانبەر لای ئەو پوولێکی نەدەکرد، ئەویش لەبەرانبەردا بە پێکەنینەوە هەزار سوێندی هەر وا بە گاڵتە بۆ دەخوارد. سەرۆك مەسعوود بارزانی وا نیە، تیپێکی ترە. ئەمجا، دوای ئەو پێشەکییە گشتییە، کە بەشێکی هەر بیروڕای خۆمە، هەوڵ دەدەم بچمە باسەکەمەوە.

(٣)

سەرۆك مستەفا بارزانی، زانیاریی گشتیی زۆر لەبارەیەوە لە دنیا هەن و، باسی بە عاتیفەی خۆشەویستی یا رق و کینە کەم نین، بەڵام کەرەستەی لێکۆڵینەوەی زانستیی نیزیك لە ناخی سەرۆك مستەفا بارزانی، وەکو ئەوانەی

لەبارەی هێندێك لە رابەرانی تری جیهان نووسراون (وەك ئەوەی ئارمستڕۆنگ لەبارەی مستەفا کەمال، یا ئەوانەی لەبارەی چرچل یا جەنەراڵ دوگۆل یا ستالین)، ئەوا زۆر بەداخەوە کە یا نیە، یا من ئاگام لێ نیە .

هەژاری شاعیر، جگە لەوەندەی کە من لەبارەیەوە نووسیومە، هیچ شتێکی جیددیی لەلایەن هیچ کەسێکەوە لەبارەیەوە نەنووسراوە . دیسان، شتی زۆرگشتی و، عاتیفەی خۆشەویستی یا رق و کینە لەکاردابووە . دە دیارە کاتێك کەرەستە بۆ لێکۆڵینەوەی هەرکامەیان وەها بێت، مەگەر باسکردنی نێوانیان هەر زۆر زەحمەت بێت .

بارزانی نووسەر نەبوو، بەڵام هەژاریش - زۆر بەداخەوە- نووسەر نەبوو . ئەگەر من وەکو هەژار نێوانم لەگەڵ "سەرۆك بارزانی"دا هەبوایە، بەلای کەم کتێبێکی - بڵێین- پازدە بەرگم لەبارەی ئەو نێوانەوە دەنووسی و، هەر نووسەرێکی تریش لەو شوێنە بوایە هەر وای دەکرد . هەژار، لە لەحزەیەکی پڕ عاتیفەیدا بۆ سەرۆك بارزانی، دەڵێت : من پارچە پەڕۆیەکم نە پتر، بەڵام چونکە لە خزمەت" بارزانی"دام، بووم بە ئاڵایەك :

شێری ئاڵام و بە با دێم و دەڕۆم      هەردەمێك بای هەڵنەکا پارچێك پەڕۆم   (شەرەفنامەی چاپی تاران ل ٨٣٧) .

ئەی چۆنە هەژار، لەجیاتی" چێشتی مجێور"،" بارزانی و من" ێکی نەنووسیوە ؟ "چێشتی مجێور"ی - دەڵێت- بۆ کوڕێکی (خانی) نووسیوە و، تێدا باسی" بارزانی"یش لێرەو لەوێدا هەیە، بەڵام تەنانەت لەوەندەشدا پێمان- ناڵێت کەی و لەکوێ یەکەمجار" بارزانی"ی دیتووە . نێوانی پێشەوا و بارزانی و خۆی و کەسانی تر لە مهاباد، شتێك لەبارەی بارزانییەکانەوە لە موکریان ... هیچ ناڵێت . ئێستا لە نیوە خوشکی هەژار ( لە هەمان باوك و لە دایکێکی تر، هەژار تاقانەی دایکییەتی) دەبیسین کە : سەرۆك مستەفا بارزانی بە شێست بارزانییەوە لەگەڵدا چوونەتە لای هەژار لە بۆکان . ئەوەمان لە کەسی تر نەبیستووە . زۆر سوپاس زێنەب خانم .

هەژار ساڵی ١٩٤٥ یا ١٩٤٦ لە موکریان بە خزمەت سەرۆك بارزانی گەیشتووە و، یەك شتی تریش :

" لە سەرا لەپڕ نەخۆشکەوتم، ئەو رۆژە بارزانی هاتبو . هەڵیگرتم و بردمیە سابڵاغ و لەوێوە رەوانەی بیمارستانی روسیە لە تەورێز کرام، مانگێك پتر مامەوە " ( چێشتی مجێور ل ٧٨) .

سەرا ؟ سەرا لەکوێیە ؟ ئەو رۆژە بارزانی هاتبوو ؟ چ رۆژێك ؟ بۆچی هاتبووە سەرا ؟ ئەو رۆژە لەکوێوە هاتبوو ؟ ئێ چۆن تۆی دیت و ئەو کارەی بۆ کردیت ؟ پێشتر یەکترتان دیتبوو یا چی ؟ چۆن بوو و لەکەیەوە" ئەو" دەیتوانی کەسێك بنێرێتە ئەو خەستەخانەیەی رووسان ؟ ئەدی چۆن بوو پێشەوا هەر لە خەستەخانەی" شیر و خورشید"ی مهاباد چارە دەکرا ؟

من چ لەوە بکەم ؟ لێرەدا ناکرێت بیرم بۆ ئەو پرسیارانە نەچێت، پێم خۆش نیە کە ئەوانەم بە بیردا دێن و، بە

هیچ جۆرێك مەیلم لە هیچ قسەیەکی ناخۆش نیە، بەڵام کە ئەوانەشم بەبیردا دێن، پێ هەست بە گوناهـ ناکەم . هەرکەسێکی تریش لە لێکۆڵینەوەیدا لە هەر کەسێکی تر، لە ئاست قسەیەکی وەهادا مەگەر هەر ئەوەی بە بیردا بهاتایە . تەبیعەتی لێکۆڵینەوە وەهایە، پێ خۆشبوونی من یا پێ ناخۆشبوونی تێدا نیە . هەستی هەژار لە ئاست شوێنی بارزانی لە مێژوودا، هەمان هەستی ئێستا و هەمیشەی من بووە لە ئاست " بارزانی"دا : گەورەترین پادشای مێژووی پتر لە ٢٥٠٠ ساڵی کورد( لە سەرووی کیاکساری میدیاوە) . کاتێك هەستەکە ئەوە بێت، هەر ئەوەندە نووسین لەبارەی بارزانی لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا لەلایەن کەسێکی ئەوەندە نیزیکییەوە، ئەویش لە شوێنێکی وەهادا ( چێشتی مجێور بۆ خانیی کوڕی) بەڕاستی ئێجگار زۆر سەرنجی من رادەکێشێت .

هەژار، دیسان : ئەگەر نووسەر بوایە،" نەیدەتوانی" هەر بەوەندەوە بوەستێت و پتر لەبارەی" بارزانی" یەوە نەنووسێت، خۆ هەرکێ کتێبی نووسی مانای ئەوە نیە نووسەرە .

هەژار شاعیر بوو، وەرگێڕ بوو، وشە و عیبارەتی کوردیی جوان و دەوڵەمەندی زۆری لەبەربوون و بە رەوانی دایدەڕشتن و، ئەوە بەشی گوتاری - زۆرتر- پرۆپاگەندەی سیاسی و، نووسینی پێشەکیی چەند کتێبێکی دەکرد. بەڵام ئەوە نەبوو کە هەر خۆی کتێبێکی خۆی بنووسیایە . چێشتی مجێور و مێژووی ئەردەڵانەکەی دەکرێت لە شوێنی خۆیدا باس بکەین، ئەوانە - بە پێوانەی نووسین- کارەسات بوون . ئەگەر ئەو کەرەستەیەی " چێشتی مجێور"ی هەژار بەدەست نووسەرێکی حیرفەیی کتێبەوە بوایە، شتێکی زۆر جیاوازی لێ دەردەچوو، ئێجگار زۆر خۆشتر و بەکەڵکتر . ئێستا کەرەستەکە سەد قات لە دەرهێنانەکە پترە، وەکو جیوە لە هەموو درزێکییەوە دەیدە-ڵێنێت و، ئێمە ئەوەندە کەیفمان بەوە، بەو جیوەیەی لە هەموو لایەکییەوە دەیدەڵێنێت دێت . خەڵك هەبوون کە ژیننامەی خۆیان بەو شێوەیەی " چێشتی مجێور"ی هەژار بۆ نووسەرێك گێڕاوەتەوە تاکو نووسەرەکە بیکات بە کتێب ." تاڵەبانی"یش- بەڤوونە- کە دەستی نووسینی هەیە و پتر لە کتێبێکی نووسیوە، بیرەوەرییەکانی خۆی دا دەست " قانیعیفەرد" بۆی دەربهێنێت . نووسینەوەی ژیننامە کارێکی ئاسان نیە، لقێکی ئەدەبیاتە،وەکو وەرگێڕان و نووسینی رۆمان و... ئیدی،هەر بۆخۆی هونەرێکە . هێندێك نووسەرهەن کە بە رادەی یەکەم نووسەری " ژیننامە"ن و، باشترین کاری ژیانی نووسینیان بریتی بووە لە نووسینی ژیننامەی کەسێك . ئەوەی کە هەژار زۆر جوان لەبارەی وەرگێڕانەوە گوتوویە کە هەرکەسێك دوو زمانە یا سێ زمانە بوو، ناتوانێت ببێت بە وەرگێڕ، بە هەمان شێوە : کەسێك کە چیرۆکی ژیانی خۆی بگێڕێتەوە و، بشتوانێت وشە و عیبارەت بە کوردیی جوان دابڕێژێت، بەوە نابێت بە نووسەری ژیننامە .

بەڵام لە هەموو بارێکدا، هەژار چەندە نووسەری چی بووە یا نەبووە، وەڵامی ئەوە ناداتەوە کە، هەروەك بەبیریدا هاتووە "چێشتی مجێور" بۆ خانیی کوڕی بنووسێت، بۆچی بەبیریدا نەهاتووە هەوڵبدات" بارزانی و من" یا بە هەر ناونیشانێکی تر، چیرۆکی نێوانی خۆی و سەرۆك بارزانی بنووسێت. لێرەدا دەکرێت هەر کەسە و بە عەقڵی خۆی شتێکی بەبیردا بێت، شتیش کە وەها بەبیردا هات، دەکرێت راست بێت، لە راستی نیزیك بێت، بەشێك بێت لە راستی، یا هەڵە بێت، کەم هەڵە بێت یا زۆر هەڵە بێت. من بە عەقڵی خۆم وەهای دەبینم:

بە من، هەژار کتێبی بۆ کوڕی نەنووسیوە، هەژار کوڕی هەر نەبوون. سێ کوڕ، هەریەکە ژمارەیەك بوو، دەیانکردە سێ کەسی" دیکە"ی کە نە ئەوان لای هەژار بوون و نە هەژار لای ئەوان بوو. خانی،کەسی دیکەی چوارەم نەبوو، هەر هەژار خۆی بوو. هەژار کەسی نەبوو، نە کەس لای هەژار بوو و نە هەژار لای کەس بوو. هەژار لە تەنیایی موتڵەقدا بوو. هەرەسی ١٩٧٥ی شۆڕشیکورد ،هەژاری لەسەر باڵەخانەیەکی زۆر نهۆمەوە فڕێ دابووە کەلاوەیەکی زۆر قووڵ، کە کەسی تێدا نەبوو، هەژار بە "چێشتی مجێور" قسەی لەگەڵ خۆیدا دەکرد. ئیتر نە جێگای بارزانیی تێدا هەبوو و، نە هیچ کەسێکی تری دنیا.

(٤)

کۆماری کوردستان رووخا و هەژار چووە سلێمانی.

ئەگەر کەرەستەی لێکۆڵینەوەمان بە زنجیرەی کات (کرۆنۆلۆجی) ریزبکەین، سەنەدی دووەممان لە دێیەکی ماڵی شێخ لەتیف (بیبیجەك) لە" سلێمانی"یەوە دەبێت:

" عەبدولقادر ئەحمەد و باقی بامەڕنی هاتنە ئەوێ و یەکترمان ناسیەوە. باقی ناوی «مام غەفور» و عەبدولقادر «کاخدر» بو، تا نەناسرێن. مەلا مستەفا لە شنۆوە ناردبونیەوە عیراق، نامەیان بۆ چەند کەسێك هێنابو. کە دەگەڕانەوە، گوتم منیش دێمە لای مەلا مستەفا، گوتیان تا پرسی پێنەکەین ناتوانین بتبەین. نامەم بۆ ماڵی خۆمان نوسی، کە ساغم و حەق و حیسابی قەرز و قۆڵەم بۆ رون کردنەوە. مام غەفور هاتەوە و خەبەری دا کە کا خدر لە دەوری شنۆ لە بەفرا گیریکردووە و لە برسان کەوتوە و خۆی داوەتە دەست دەوڵەت و بەرەو تارانیان بردوە. مەلا مستەفاش روی کردۆتە وڵاتی روس و لەوناوە نەماوە. ئەویش لە ناچاری هاتۆتەوە عیراق."

ئەوانەی کە بارزانی نامەی بەو دووکەسەدا بۆ ناردبوون کێ بوون؟ نامەکانیان چییان تێدابوو؟ وەڵامیان چی بوو؟ خۆ ئەگەر هەژار ئەوانە نەزانێت، دەبێت بزانێت خۆی چیی بۆ بارزانی نووسیوە، کەچی ئەوەمان بۆ

باس ناكات . هەژار وردەكاریی زۆر سەیری ژیانی ئەو سەردەمەی بۆ" چێشتی مجێور"ەكەی لەبیرماوە، ناوی ئەو دێهاتەی سەر ڕێگای بەفوونە،كەچی بەبیریدا نەهاتووە باسی هیچ لە ناوەڕۆكی ئەو نامەیەمان بۆ بكات .

هەژار، ٩ی تەمووز/ ژووئیەی ١٩٤٨ لە بەغدا شیعری" هەر كوردم"ی دادەنێت :

بە دەربەدەری یان لە ماڵی خۆم    لە خاكی‌عەرەب، لە ئێران و ڕۆم (..)

بە كوردی دەژیم بە كوردی دەمرم    بە كوردی دەیدەم وەرامی قەبرم (..)

ئیتر دوای ئەوە بۆ دەوری دە ساڵێك، ئەگەر بەگوێرەی شیعرەكانی" بۆ كوردستان"ی لێ بنۆڕین، بووە بە دەنگی پرۆپاگەندەی لافاوی كۆمۆنیزمی ئەو سەردەمە . شیعری یا هەر بە لای باسی كورد و كوردستاندا ناچێت، یا بە شێوەیەك باسیاندەكات كە لە چوارچێوەی ئەو پرۆپاگەندەیەی سەردەمدا بگونجێن . فەرهەنگی سیاسی ئەوسا وابوو . هەژاریش شاعیری گەلی خۆی بوو، ئیتر بەگوێرەی فەرهەنگی گەلی خۆی شیعری دەگوت .

هەژار، لە ساڵی ١٩٥٦ـەوە لە" تریەسپی"ی ڕۆژئاوای كوردستانەوە، دیسان دەنگی ئامێری مووسیقای ناسیۆنالیستی لە ئۆركێستی شیعریدا لە دەنگەكانی تر پتر دێتە بەر گوێ :

عەرەب، تورك و فارس لەسەر خاكی تۆ    سێ دڕكن لەسەر سینەی چاكی تۆ .

بەڵام ئیتر ئەو سیمفۆنیەشی مەگەر هەر بە دەنگی ئامێری عو رف و عادەتی سەردەم كۆتایی پێ بهێنێت :

بە دۆلار ئەوی ویستی دنیا گرێ    یەقین خۆی دەتۆپێت و كورد نامرێ

هەزار سوێندی بەغداوەكو پوشە لام    لەسەر زۆركەران مەرگە هێزی سەلام .

( بۆ كوردستان - سروود، ١٠ی تەمووزی ١٩٥٦، ل ٢٢) .

هەژار لە دیوانی" آلەكوك" ( ئاڵەكۆك) ی ١٩٤٥یدا ناوی" عێلی بارزان"ی لە شوێنێكدا هێنابوو :

ئاخ چەندە خۆشە لەسەر نیشتمان    وە سواڵێ كەوی وەك عێلی بارزان

ئیتر دوای ئەوە بۆ یەكەمجار كە ناوی" بارزانی"ی لە شیعریدا دەبینین، ئەوەیە كە بە تاریخی ٢١ی ئاپریلی ١٩٥٧ لە تریەسپی دەڵێت :

قازی،مصطفی بارزانی    شێخ قادر و غەوسی سانی ( بۆ كوردستان ل ٢٩) .

(" پێشەوا"ش بە هەمان شێوە، هەژار جارێك ١٩٥٤/٥/١لە بەغدا ئیشارەتێكی پێكردبوو بەڵام ناوی نەهێنابوو:

بەو تودەی ناوی كرد لە دنیادا    بەوانەی كوژران لە مهابادا ( بۆ كوردستان ل ١٦) .

هەژار، سێ مانگێك دوای ئەم شیعرەی ١٩٥٧ی تریەسپی، لەگەڵ" زەبیحی" و" سینەم خانمی كچی جەلادەت

بـەدرخان"دا ویستوویانە بچنە فستیواڵێك لە مۆسکۆ و، سەری نـەگرتووە . " خالید بەکداش"ی کـۆمـونیستی ناودار، بە شێوەیەك لە مۆسکۆ بۆیتێچاندوون کە مۆسکۆ ڤیزای نـەداونێ . هەژار لێرەدا دەڵێت لەو ڕێگایەدا لە ئـەڵمانیا " هەمو ڕۆژ تەلەفۆنمان بۆ پراگ دەکرد ( مەبەست : بۆ دکتۆر قاسملو- شێرکۆ) گوتیان لە مۆسکۆ مەلا مستەفابارزانیش بۆمان دە حەولدایە . بەڵام وەختی فستیواڵ بەسەرچوە" ( چێشتی مجێور ل ٢٦٠) .

بارزانی لە مۆسکۆ نەیتوانیوە هیچیان بۆ بکات . دکتۆر قاسملوش هەر ئەوەندەی بۆکراوە کە بە تەلیفۆنکردن خۆراك و نوستنێکیان لای ئەڵمانەکان بۆ دابین بکات .

هەژار هـەمان هاوین، ڕێك دوای گەڕانەوە لەو سەفەرەی ئەوروپا، دەڵێت لە شام " عەزیز شەریف کە لە مۆسکۆ گەڕابۆوە، لە ماڵی ڕەوشـەن خانم، بە سرتە پێی گوتم : « لە مۆسکۆ بە دزیەوە مەلا مستـەفام دیوە، گوتویە هەژارم بۆ ماچ کە و سڵاوی منی پێ بگەیەنە» . پاش پازدە ساڵ، ئەوە هەوەڵجار بو خەبەری بارزانی بزانم ( چێشتی مجێور ل ٢٧٨) .

بە دزیەوە ؟ ئەوەش لای من دەکرێت پتر لە مانایەك هەڵبگرێت : دوور لە ڕاگەیاندن و بەرچاوی خەڵك تاکو لە گەڕانەوەی بۆ بەغدادا پۆلیس نـەیگرێت، کە زۆرتر وێدەچێت مەبەستی ئەوە بووبێت . بەڵام دەشکرا مانای دوور لە ئاگاداریی کاربەدەستانی مۆسکۆ بوایە؛ ئەگەر وا بوایە، ئەوا ئەوسا مەوزووعی تر دەهاتە باسەوە . ئیتر هەژار بە زوویی دوای ئەوە خەریکی " مەم و زینی خانی بە موکریانی"یەکەی دەبێت و، زووش دوای ئەوە ڕژێمی عیراق دەگۆڕێت، دەبێت بە کۆمار و، هەژار دەگەڕێتەوە بـەغدا . " سـەرۆك بـارزانی"یش زوو دوای ئەوە لە ئـەوروپاوە دێتەوە و، هەژار لە بەغدا بە خزمەتی دەگات .

ئیتر نێوانی بـارزانی و هەژار تاکو هـاوینی ١٩٥٨، ئـەوەندەی ئێمە بتوانیـن لە لێکـۆڵینەوەماندا پێیـزانین، ئەوەندە بووە . نە پتر .

(٥)

" ڕادیـۆ خـەبـەری دا بـارزانی و هەواڵانی دێنەوە عیراق . ئۆخەی لە پاش دوازدە ساڵ دیسان چاوم بەو پـاڵەوانە خۆشەویستـە دەکەوێتەوە" ( چێشتی مجێور ل ٢٨٤) .

دوای نیوەڕۆی ڕۆژێك (٦ی ئووت/ ئابی ١٩٥٨؟) لە بـەغدا، زەبیحی هاتە لای هەژار و هەرتـکیان و منیشیان لەگەڵ خۆیان برد، چـووینە فـرۆکەخانەی بـەغدا . لەبەردەمی فڕۆکەخانە، حەشرێك بوو ئەوسەری دیار نـەبوو، بە

هەزاران کورد و عارەب و ... - بە زاراوەی ئەم زەمانە- " هەموو پێکهاتەکانی عیراق "، بە سەدان شیعاری سپی و سووری بە چەکوچ و داس و" بەخێربێنەوە ئەی « المناضل الكبير» (خەباتکاری گەورە) " وەکو دەریا شەپۆلی دەدایەوە . کێ دەیتوانی تەنانەت کیلۆمیترێکیش لە دەرگای فرۆکەخانە نیزیك ببێتەوە ؟ هەمووی پاڵی بە هەموو-یەوە دەنا ، بە پاڵ پێوەنان و مستەکۆڵە و تەنانەت شەقیش هەوڵی‌دەدا بچێتە شوێنێکی نیزیکتر لە دەرگای فرۆکە-خانە . هەر عەگاڵ بوو دەکەوت و جامەدانی بوو دەکرایەوە و، هاتوهاوار حەوت تەبەقی ئەرزو ئاسمانی دەبڕی : بژی بارزانی، بژی سۆڤیەت، بژی لەشکری سوور، بژی حیزبی شیوعی، بژی لینین، بژی برایەتیی‌کورد وعارەب، بژی هێزی پرۆلیتاریا ، بمرێ ئەمریکا ، بمرێ ئیمپریالیزم و بمرێ سەرمایەداری و ... زۆر و زۆری دی . ئێمە هەر نەمانتوانی هیچ نیزیك ببینەوە، بۆخۆمان لەولاوە وەستاین و سەیری ئەو حەشاماتەمان دەکرد . دوای دەوری سەعاتێك شتێك، چەند ئۆتومبیل لە دەرگایەکی پشتەوەی فرۆکەخانە دەرچوون و، دیاربوو خەڵکەکە تێگەیشتن کە بارزانی لە یەکێك لەو ئۆتومبیلانەدا بوو . ئەوجا هێرشی‌جەماوەر رووی بەولایەدا وەرگێڕا و دەوری ئۆتومبیلە-کانیان دا و، ئیدی ئۆتومبیل لە دەریای جەماوەردا لەبەرچاوی من ون بوون . من هەر پۆستاڵی سەربازم دەدیت کە لەسەر ئۆتومبیلەکان دانیشتبوون و بە راست و چەپ بە سەروگوێلاکی ئەو خەڵکەیاندا دەکێشا . دیمەنێکی زۆر رۆژهەڵاتییانە بوو، لەبابەتی ئەوەی لە ناشتنی عەرەفات یا خومەینیدا رووی‌دا، یا لەو دیمەنانەی بازارەکانی هیندستانی کە کیپلینگ باسیان دەکات . ئیتر تەواو .گەڕاینەوە . بۆچی زەبیحی و هەژار، ئاوا حیسابێکی تایبە-تییان بۆ نەکرابوو ؟ نازانم .

هەژار دەڵێت : " بارزانی لە ئوتێلێك دابەزی . گوتیان بەر لە هەرکەس لە تۆ و زەبیحی پرسیوە . دەیەوێ بتان-بینێ . فەرموی : « دو سەعاتم بە دیاری بۆ هێناون . بۆ کەسی تر هیچم نەهێناوە ...» . لەو رۆژەوە کە دیتمەوە ئیتر هەمو برینی دڵم کە لەو چەند ساڵەدا قرتماخەی بەسەر قرتماخەدا هاتبو، ساڕێژ بونەوە و هەمو دەردو ئاخم لەبیر-چونەوە" ( چیشتی مجێور ل ٢٨٤) .

سەرۆك بارزانی لە سەرەتادا چووە هوتێلی" الخيام" ی پێنج ئەستێرە، لە شەقامێك و پەنای سینەمایەکی هەرتك بە هەمان ناوی " الخيام" (خەییام) . بەزوویی گوتیان ئەو هوتێلە زۆر بچووکە و بە کەڵك نایەت و، چوونە هوتێلی " سمیرامیس " ( ئەویش پێنج ئەستێرە)ی زۆر گەورەتر و بە باخچەیەك لەسەر لێواری دیجلە . " بە زوویی" رێك چەند رۆژ بوو؟ نازانم . هەژار و زەبیحی کەی یەکەمجار چاویان بە بارزانی کەوتەوە ؟ لە کام لەو دوو هوتێلە ؟ پێکەوە چوون یا بەجیا ؟ بارزانی چیی پێ‌گوتن و ئەوان چییان بە بارزانی گوت ؟ نازانین .

(٦)

ئەوە کە هەژار نەینووسیوە کە سەرۆك بارزانیی دوای ئەوەندە ساڵە لەوەتای کۆماری‌کوردستانەوە دیسان لە بەغدا دیتەوە لەکوێ بوو،کام هوتێل، بە تەنیا یا لەگەڵ کێدا چووە خزمەت بـارزانی، چیی بە بـارزانی گوت، بـارزانی چیی بەو گوت، هەژار تێدا گریا یان نەگریا ... ئەوە بە من زۆر سـەیرە . چاوەڕوانیی من دەبوو ئەوە بوایە کە ئەو لەحزەیەی تەنانەت شیعرێکی بەرهەم بهێنایە .

هەژار دواتر لە " چێشتی مجێور"دا نووسیویە :

" لەو رۆژەوە کە دیتمەوە، ئیتر هەمو برینی دڵم(..) ساڕێژبونەوە و هەمو دەرد و ئاخم لەبیرچونەوە .

شـەوێك کە دوبەدو بوین زۆری دڵخۆشی دامەوە کە (..) ل ٢٨٤ . هەر وا بەسەریەکەوە ؟ ئەوە بازدانێکی زۆرە . دیسان، دوبەدو لەکوێ ؟ کەی ؟ لە هوتێل ؟ یا بارزانی لە کۆشکەکەیدا بوو ؟ لە نێوان یەکەم دیدار کە هیچی لەبارەوە نازانین و ئەم " شەوێك"ـە، ماوەی چەند بوو ؟ چیی تر لەوبەینەدا نەبوو کە شایانی باس بێت ؟

من کە یەکەمجار ئەو شانازییەم پێ بڕا کە بە خزمەت سەرۆك بارزانی‌گەیشتم،حەتمەن لەدوای یەکەم یەکتردیتنە- وەکەی سـەرۆك بـارزانی و هەژار بوو و، دەبێت پێش ئەم شەوە بووبێت کە ئەمیـش نـازانین کەی و لەکوێ بووە، بـەڵام بە من دەبێت لە کۆشکەکەی سـەرۆك بارزانی بووبێت، ئـەینا شەوێك و هەر" دوبەدو" لەو هوتێلە، من بە دوور دەبینم . ئەی من چۆن ئەو شـانازییەم بەرکەوت کە بۆ جاری یـەکەم لە ژیانمدا بە خزمەت سەرۆك مستەفا بارزانی گەیشتم، کەی و لەکوێ و چۆن بوو ؟ بەمجۆرە بوو :

عەسرێکی درەنگ، مەیلەو ئێوارەی رۆژێکی مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٥٨ بوو . هەژار،" جەلال بێتوشی"ی هەڤاڵ و شەریکی دووکانی لەگەڵدا، پێی‌گوتم وەرە دەچینە لای مەلا مستەفا . هەرسـێکمان لە گەڕەکی فەزلەوە ( الفضل) بە پێ چووینە هوتێلی " سمیرامیس" لە شەقامی رەشید لە بەغدا، لە هۆڵی گەورەی لە نهۆمی عەرزی، لە شوێنێکی بەرانبەر بە دەرگای رستورانی،کە چەند کورسی و مێزی لێ‌بوون، دانیشتین . وادیاربوو هەژار کاتی نانخواردنی سەرۆك بارزانیی دەزانی . ئاوا دەوری نیو سەعاتێکی پێچوو یا نەچوو، سەرۆك بارزانی و میرحاج لە دەرگای رستورانەوە وەدەرکەوتن . هەژار دەستی منی گرت و گوتی وەرە با بڕۆین . جەلالمان بەجێ‌هێشت و رووەو سـەرۆك بـارزانی چووین . میرحاج کە ئێمەی دیت، رۆیشت . ماینەوە سەرۆك بـارزانی و هەژار و من . پلەکانی بۆ نهۆمی سەروو، لە پەنای دەرگای رستورانەکەوە بوو،کە ویستمان سەرکەوین، من دەکەوتمە لای چەپی سـەرۆك بـارزانی . سـەرۆك بـارزانی بە هێزێك نـەیهێشت دەستی ماچ بکەم کە پێ وشك بووم، هەر وەکو پەرە-

سێلکەیەك باڵێکی بەلایەکدا کەوتبێت و کەسێك رایبکێشێت، ئیتر هەر بە راکێشان بە دووخۆیدا رایکێشام .
ئێستاش کە ئەمە دەنووسم، مووچڕك بە لەشمدا دێت : من تەمەنم دوازدە ساڵ بوو و- بە هەستی قووڵی منی ئەوسا و ئێستاش - ئا ئەو پادشا ئەفسانەییەی ۲۵۰۰ ساڵی مێژووی کورد ئاوا بەو مەحەببەتە دەستی گرتبووم و نەیدەهێشت ماچی بکەم .

لە یەکەم نهۆمی پێیگەیشتین، دوای هەر وا پەنجا میترێك و پێچێك لە داڵانێکی درێژدا چووینە ژوورەکەی . سەرۆك بارزانی گوتی : " روونن" . هەموو دانیشتین . ئەوجا پێش ئەوە هیچ وشەیەکی تر بگوترێت، سەرۆك بارزانی پاکەتێکی نامەی لە گیرفانێکی چاکەتەکەی دەرهێنا ، کە پاکەت هیچی لەسەر نەنووسرابوو، دای بە هەژار . هەژار گوتی : " نا، قوربان، پارەم هەیە، پێویستم نیە " . سەرۆك بارزانی گوتی : " بگرە، ئەڤ ژ بۆ خوشکا منە" . ئیتر هەژار وەریگرت . ئەوجا هەژار بە منی گوت :" بچۆ دەرەوە". هەستام و، سەرۆك بارزانی بە هەژاری گوت : " چما ؟ دخوازی تشتەك بێژی ؟ ". هەژار گوتی : " بەڵێ". من سەیرێکی تری دەموچاوی سەرۆك بارزانیم کرد ، سەرۆك بارزانی سەیری نەکردم، ئیتر دەرچووم و لە داڵانەکە چاوەڕێم کرد . دوای دەوری نیو سەعا- تێك، سەرۆك بارزانی هاتە دەرەوە و هەژار بەدوویدا . لەوبەینەدا، دە کەسێك ( لە شێوازی پێکەوەقسەکردنیان دیاربوو خەڵکی سلێمانی بوون) پەیدابوون . دەوری سەرۆك بارزانییان دا و، تکایان لێ‌کرد کە وێنەی لەگەڵدا بگرن، ئیتر هەموویان بەدەوریەوە کۆبوونەوە و دوو یا سێ وێنەیان بەوجۆرە گرت . هەرکەسە بەلایەکدا رۆیشت، لە پڕێکدا هەمووی لەبەرچاو ون بوو . سەرۆك بارزانی بەتەنیا بەلایەکی داڵانەکەی ئەو نهۆمەدا رۆیشت و، هەژار و منیش بەلایەکی تردا ، ئیدی بێ خواحافیزی و دەست خستنە دەست و تەنانەت سەیرکردنیش، جیابووینەوە .
هەژار و من کە هاتینە خوارەوە، جەلال بێتوشی هەر لەسەر هەمان کورسی دانیشتبوو چاوەڕێی دەکردین .

یەکێك لەو شتانەی کە زۆر سەرنجیان راکێشام، دیارنەبوونی هیچ حەرەس و چەکدار و ئەو شتانە بوو لەو هوتێلە . بەڵێ رەنگە کەسانێکی بارزانی بە نهێنی دەمانچەیان پێبووبێت و حەقەن دەبێت کەسانێکی ئاسایشی حکومەتیشی لێبووبن، بەڵام دیسان، هیچ کۆنترۆڵێکی تایبەتی هاتوچۆکەران نەبوو، هەرکەسێك دەیتوانی هەر وا بێتە ناو هوتێلەکە و بچێتە بەردەمی ژوورەکەی سەرۆك بارزانی بە بێ ئەوە کەس پێی‌بڵێت تۆ کێیت و بۆکوێ دەچیت؛ تەنانەت دەکرا بچووبایەتە ژووریشەوە، چونکە نە کەس لەبەر دەرگا هەبوو و نە دەرگا بە کلیل داخرابوو، هیچ هەر وا، سەرۆك بارزانی دەرگاکەی پاڵ پێوە نا و دەرگا کرایەوە، پێویستی بە کلیل نەبوو و، سەرۆك بارزانی بە تاقی تەنیا بەو داڵانەدا دەهات و دەچوو .

## ( ٧ )

" مەلا مستەفا لە مۆسکۆ حەولی دابوکە لە برلینەوە بچینە مۆسکۆ، بەڵام خالید بەکداش لێی تیکدابوین . مەلا مستەفا زۆر لەوە تورە ببو . هەر دەیەویست لە داخی خالید بەکداش تۆڵەی ئەو کارەم بۆ بکاتەوە . گوتی دەبێ بچیە مۆسکۆ، موعالەجە بکەی .

ـ کاك من نەخۆش نیم .

هەر دەبێ بچی! " ( چێشتی مجێور ل ٢٩٣ ) .

ئەو حەولدانەی سەرۆك بارزانی و لێ تێکدانەی بەکداش هاوینی ١٩٧٥ ببوو، " بچینە مۆسکۆ" مەبەست : " من و زەبیحی بچینە مۆسکۆ؛ داڕشتنی عیبارەتی هەژار بەگشتی بەوجۆرە درشت و ناڕونن .

ناردنی هەژار بۆ مۆسکۆ لە داخی بەکداش، ئەوە نەتیجەگیریی هەژار خۆیەتی یا بارزانی- بەشێوەیەك- پێی گوتووە کە من لەداخی ئەو دەتنێرم، یا هەر ئەوەندەی گوتووە کە هەژار لێرەدا باسی کردووە و نە پتر، بارزانی حوکمەکەی چۆن داڕشتووە ؟ نازانین .

جا کە دەڵێن پیاو چیی کەمتیاری لە گیرفاندا بوو، دەبێت بۆ شتی وەها گوترابێت . ئاخر مردوومان نەمرێت، ئەو هەمووە خەڵکە بە ملیۆنان لە وڵاتی خۆیان سەردانی خەستەخانە یا کلینیکیان بۆ پێکنایەت، کەچی وا هەژار لە سایەی رووبەڕووبوونەوەی نێوان دوو کەسی گرنگی دنیای سیاسەت، بە زۆر دەینێرنە مۆسکۆ، مۆسکۆش چ مۆسکۆ، مۆسکۆی گەل نا ، مۆسکۆی رابەرانی مۆسکۆ : لەگەڵ میکۆیان و رابەرانی کۆمونیستی تری دنیادا کە بۆ پشوو و وەرزش و چاودێریی رۆژانەی باشترین بژیشکانی سۆڤیەت لە" گێرتسن" خزمەتدەکرێن . هەمووی پێنج ئەستێرەیی: خواردن و خواردنەوە و گەشت و سەیران و بەرادەیەکی زۆر سێکس، ئەوجا شیعری پێهەڵگوتنی سۆڤیەت : پێهەڵگوتنی رابەرانی مێژوویی کۆمونیزم و سپۆتنیك ( مانگی دەستکردی سۆڤیەت) و، بناغەدانانی قاچاغچێتی لەگەڵ " مستەفا سەلماسی"، یا شەلماشی( هەژار بە هەر دوو شێوەی نووسیوە) ...هەر بەشێك لە سەر- دێڕەکانی ژیانی یازدە مانگ و نیوی هەژار بوون لە یەکێتی سۆڤیەت . خەڵکێکی زۆر لەوێ لە سایەی هەژارەوە کەوتوونەتە نیعمەتەوە، هەژار دەیگوت : " کە من شیعرم بۆ سپۆتنیك نووسی، کەسێك بە حەرفی وەریگێڕایە سەر زمانی رووسی، ئەوجا ژنێکی شاعیری رووس ئەو وەرگێڕاوەی کرد بە شیعر، لە نەتیجەدا من و وەرگێڕ و شاعیری رووس، هەرسێکمان پارەی باشمان وەرگرت . ئەوجا دەعوەت و دەعوەتکاریی - بە رادەی یەکەم - ئەو پیاوانەی کە خانمەکانیان جوان بوون، ئەوجا ئەوانەی کە خانمەکانیان کەمتر جوان بوون، ئەوجا خوتبەدان،گوتار و

قسەی هەلەق مەلەق تا گورەی چەپلە گوێ کەڕ بکات، چەپلەی ئەو کەسانەی کە پێشتر کاڤیاریان بە چاوی خۆیان نەدیتووە و، وا ئێستا لەگەڵ ژنە جوانەکانیان دێنە رستورانی پێنج ئەستێرەی کە بەدەگمەن رووسێك پێی تێدەکەوێت و، بە خواردنی کاڤیار مڕ دەبن .

ئەو قسانە هەموویان یا چەندیان راستن یا درۆن ؟ ئەوە ئۆباڵ بە ئەستۆی هەژار خۆی، کە بە دەیان جار ئا رێك بەمجۆرەی کە من لێرە نووسیومە، کوڕی دووکانی بەشیر موشیری پێ شادکردووە . جارێك، بەشیر موشیر لە بەر-چاوی هەژار بە منی گوت :" ئای ئەگەر دایکت بزانێت باوکت چی ئەڵێت، لە مۆسکۆ چییکردووە ... ئای ئای کە بزانێت، بە خوا هەر ئەیکوژێت!" . هەژار گوتی : " نا ، کوڕی من خۆشەویستی منە و هەمیشە لەگەڵ منە، کەس ناتوانێ بکەوێتە نێوانمانەوە ."

من پێشتر باسی یەکەم مانەوەی " سەرۆك بارزانی"یم لە هوتێل کرد ، سەرەتا هوتێلی " الخیام"، ئەوجا هوتێلی " سمیرامیس" . نازانم سەرۆك بارزانی بەتەواوی چەند حەفتە لە هوتێلی " سمیرامیس" مایەوە، تا کەریم قاسم خانوویەکی دایێ، کە لە سەردەمی رژێمی پادشاییدا هی" صباح "ی کوڕی سەرەكوەزیرانی ناوداری عیراق " نوری السعید" ببوو( گوایا پێشتریش هەر" نوری السعید" خۆی تێدا ببوو)، لە گەڕەکی" الصالحیە"، لە نێوان مەرکەزی رادیۆ و تەلەڤزیۆن و سەفارەتی ئێران بەڵام بە بەرەکەی تری شەقامدا .

ئێوارەیەکی - وادەزانم - ئۆکتۆبری ١٩٥٩ بوو، هەمان مانگی کە هەژار لە مۆسکۆ گەڕایەوە، هەژار پێی گوتم وەرە دەچینە ماڵی مەلا مستەفا . بە ئۆتۆبوس تا مەیدانی لای رادیۆ و تەلەڤزیۆن چووین، ئەوجا لەوێوە بە پێ رۆیشتین . کۆشکێکی گەورەی زۆر شاهانە و باغچەی ئێجگار زۆر گەورەتری بەدەورەوە کە چەند کارمەزی تێدا بەرەڵا کرابوون. بارزانییەکی زۆر باریك و درێژ، بە شاڵ و شەپك و جەمەدانیی سوورییەوە، لە پەنایەکەوە وەستابوو . لەگەڵ هەژاردا چاکو چۆنییان کرد و، ئەوجا رێگای ژوورێکی پیشاندایین، (هەر هەژار و من ) لە دەرگایەکی بچووکەوە تێچووین . ژوورێکی زۆر تەسکی نووکی گۆشەی پێشەوەی سەرەتای خانووەکە . پێموایە لە میتر و نیوێك بەرینتر نەدەبوو، تەختێکی درێژی نزمی بۆ دانیشتن بە پاڵ دیوارێکی خشتەوە لێبوو و، دیوارێکی تەختەش رێك بە بەر لووتمانەوە، دەرگایەکی لە ناوەڕاستدا هەبوو کە داخرابوو . یەك کەسی تر، پیاوێك بە چاکەت و پاتۆڵەوە، کە پێش ئێمە هاتبوو ،لە گۆشەی ئەوسەری تەختەکەوە دانیشتبوو چاوەڕێی دەکرد . ئێمەش لەسەر ئەم گۆشەیەی‌لای دەرگای دەرەوەی تەختەکە دانیشتین، پشتمان بە دیوارێکەوە و پێمان نیزیکەی بە دیواری تەختەی

پێشمانەوە . دوای دەوری چارەگێك لەو قوولکە تەسکەدا، دیوارە تەختەکەی بەرانبەرمان خرتە خرتێکی تێکەوت . کەسێك لەو دیوەوە دەرگاکەی کردەوە، کە دەبینین : سەرۆك مستەفا بارزانی خۆیەتی . سەرۆك بارزانی، خۆی لە هەژار و من نەگەیاند، لەگەڵ ئەو پیاوەی تردا یەکتریان ماچ کرد و، بە ئەوپەڕی گەرمی بە عارەبی یەکتریان دواند و چوونە ژوورەوە و، سەرۆك بارزانی لەودیوەوە دیسان دەرگاکەی داخستەوە . ئیتر سەرۆك بارزانیمان نەدیتەوە . دە دەقیقەیەك دواتر، بارزانییە باریکەکە هات و لەو قوڕگیحووتەی دەرهێناین و بە دەرگایەکیگەورەی ئاساییدا بردینیە ژوورێکی خۆشی میوانان . دکتۆر سەید عەزیزی شەمزینی و کەسێکی تریشی لێ بوو، کە وادەزانم برایە-کی محەمەد قودسیی شەهید بوو و بارزانییەك(ی تری غەیری باریکەکە) و وا هەژار و منیش و تەواو . تا سەعات دەوری یازدەی شەو دانیشتین، سەرۆك بارزانی هەر نەهات، ئیتر گەڕاینەوە ماڵ .

(٨)

دوای هـاتنەوەی هەژار لە سۆڤیەت، زۆری پێنـەچوو کە حکومەتی قاسم چل خانووی دا بە سـەرۆك بـارزانی تا بیاندات بە تابیعانی خۆی . خانوویەکی پێنج ژووری، بە دوو نهۆم و دوو باخچەی بچووك، بە دووهەزار دینار بە قیست بە بیست ساڵ و، بێ سـوود بدرێت ( خانووەکان بە پارەی نـوختەی چـواری ئـەمریکایی بە یـارمەتی بۆ عیراق دروست کرابوون ) . هەژار خانوویەکی وەرگرت، گوتی : " من خۆم داوام نـەکردووە"، بەڵام من گومان لەو قسەیەی دەکەم، دواتر لە شوێنی خۆیدا( بەشی ١٨) دەڵێم بۆچی گومانی لێدەکەم . لەو خانووەدا بوو، کە هەژار رۆژێك هاتەوەو، گوتی :

" لە سـەفارەتی ئـەڵمانیای رۆژهـەڵاتەوە داوایان لێ کردم کە سـەریان لێ بدەم . چـوومە لایان . کوتیان : ئێـمە مامۆستای ئـەدەبیاتی کـوردیمان دەوێ، کە بێ لە جامیعە ( زانکۆ)یەك لە ئەڵمانیا دەرس بڵێتەوە و، نێوی تۆش دراوە . دوای هێندێك پرسیار لەبارەی دیپلۆم و پلەیخوێندن و ئەو شتانە، پێیانکوتم: ئامادەی بچییە ئەڵمانیا ئەو کارە بکەی ؟ ئەگەر ئامادەی، داواکانت چین ؟ کوتم : من ئامادەم بێم بەڵام بە شەرتێك ژن و منداڵیشم لەگەڵدا بێن، من بە بێ ئەوان بۆ هیچکوێ ناچم" .

کەچی لە " چێشتی مجێور"دا ئەمە دەخوێنەوە:

" تازە لە مۆسکۆ گەڕابوومەوە. حیزبی کمونیستی عیراق بە من و قزڵجییان راگەیاند کە ئەگەر پێتان خۆش بێ لە ئەڵمان دادەمەزرێن و دەکرێنە مامۆستا لە دانیشگا . من قبوڵم نـەکرد . گوتم : ئەگەر لە ئەڵمان بام و بارزانی لە

دەوڵەت هەڵگەڕاباوە، لەوێوە دەهاتەوە . قزڵجی قبوڵی کرد و ناردیان . بەڵام لەباتی ئەڵمان بردیانە بولغاریا (..) لەسەر رادیۆی پەیکی ئێران (٥٧٦) .

تەبیعی ئەو دوو قسانە، ئەوەی کە لە ماڵ گێڕایەوە و ئەمەی "چێشتی مجێور"ی وەکو یەك نین ." تازە لە مۆسکۆ گەڕابوومەوە""؟ هەژار ئۆکتۆبری١٩٥٩ لە مۆسکۆ گەڕایەوە، بارزانی هاوینی١٩٦١ لە بەغدا دەرچوو . مامۆستا قزڵجی لە بەغداوە بەتایبەتی بۆ رادیۆی پەیکی ئێران چوو، نە هیچ شتێکی تر، تەنانەت یەك یا دوو رۆژ پێش وەرێکەوتنی هاتە ماڵی هەژار بۆ خواحافیزی کە وا من دەچم لەسەر رادیۆ کار دەکەم، ئەوە هەمووی لە بەرچاوی من رووی‌دا .

ئەگەر هەژار ناوی" سەرۆك مستەفا بارزانی"ی بە ناهەق بەکارهێنابێت، کە من لێرەدا تەفسیرێکی تر نابینم، ئەوە بۆ من شتێکی ئێجگار زۆر تاڵە . لە کەکرەك تاڵترە . هەژار پێوەندیی خۆی بە سەرۆك بارزانی بەم‌جۆرە وەسف دەکات : شێری ئالام و بە با دێم و دەڕۆم ـــ هەر دەمێك بای هەڵنەکا پارچێك پەڕۆم؛ وێڕای زۆر قسەی تری بە هەمان مانا کە لە ل ٨٣٧ی شەرەفنامەی کوردیی چاپی تاراندا هەیە .

من لە دوو شوێنی تریش بێوەفایی هەژارم لە ئاست سەرۆك بارزانی‌دا دیتووە و ئێجگار زۆریان پێ ئێشاوم، ئای کە لام تاڵ بوون ... زۆر تاڵ .

یەکێکیان : ئەوە کە بە جیابوونەوەی باڵی برایم ئەحمەد لە بارزانی و چوونیان بۆ لای شای ئێران، هەژار وازی لە بارزانی هێنا و چۆوە بەغدا، دوای ساڵ و نیوێك لە ترسی گیران دیسان پەنای بە بارزانی بردەوە .

دووەمیان : لە هەڵدانەوەی‌گۆڕی"سەرۆك بارزانی"دا، هەژار زۆر چاك دەیزانی کێ کردوویە، بەڵام بۆ تێکنەدانی نێوانی خۆی لەگەڵ حیزبی دیموکرات، خۆی لێ گێل کرد و، بەسەر کەسێکی تری دووریدا هێنا . حەیف هەژار، حەیف، دەبوو بە ئەو یەك تاقە کەسە لە دنیادا بەوەفا بوویتایە ... ئێستا کە ئەمە دەنووسم، فرمێسکم بۆ ناوەستێت .

حیزبی دیموکرات ئەو تاوانەی نەکردبوو، حەقەن- حەقەن کەسانی وەکو دکتۆر قاسملو و دکتۆر شەرەفکەندی ئێجگار زۆر لە شتی وەها دوورن، بەڵام ئەندامێکی رابەرایەتیی کە لە ژێرەوە بەعسی کڕیبوویان، سەید رەسووڵ ئەوەی کردبوو . کاك ئازاد مستەفای رابەری پاسۆك، لەوێ لە نیزیکەوە زۆر ئاگای لە رووداوان بوو و، هەر وەك بۆ منی باس کرد، گوتی کە بۆ هەژاریشی باس کردبوو کە سەید رەسووڵ ئەو کارەی بۆ بەعسییەکان کردبوو ( بەعسی بەوە هێرشێکی مەسعوودبارزانییان بەلایەکی تردا شکاندەوە و جەلال تاڵەبانییان لە چنگی رزگارکرد)

و، کە هەژاریش قسەکەی قەبووڵ ببوو، ئەوسا حیزبی دیموکرات، سا یا بەڕاستی بە بوختانی تێگەیشت، یا ناچار بوو یا هەرچی، خۆی لە سەید ڕەسووڵی ئەندامی ڕابەرایەتیی کرد بەخاوەن و شەڕەکەی لەگەڵ پارتیدا بۆ خۆی کڕییەوە . هەژار لەو قۆناغەدا کە نێوانی لەگەڵ کاربەدەستانی تاراندا هەر خۆشتر و خۆشتر دەبوو، نەیدەویست دکتۆر قاسملو و دکتۆر شەرەفکەندی لە خۆی بڕەنجێنێت، چونکە ئەو بە دۆستایەتیی ئەوانە، پێوەندییەکەی بە تارانەوە لای جەماوەر دادەپۆشی ( جەماوەری کورد واتا سەرۆك، هەرهەمان فەرهەنگی سیاسیی عەشیرەتیِ کوردە و چووەتە جەغزێکی گەورەترەوە، شتێك بە ناوی هەڵوێستی هۆشی چینایەتی یا ڕۆشنبیریی تاك و ئەو قسانە جارێ لە ناو کورددا نەهاتووەتە سەر شانۆ) .

(٩)

سەرۆك بارزانی، لە بەغداش وەکو دواتری لە چیا، شەوانە تا نیزیکەی ڕۆژبوونەوە لەگەڵ میوانانی دادەنیشت و، لە دەوری سەعات پێنجی بەیانییەوە تا نیوەڕۆ دەخەوت . هەژاریش، هەم لە بەغدا و هەم لە چیا، زۆر شەو دەچووە خزمەتی . لە چێشتی مجێور، لە باسی ئەو سەردەمەی بەغدایدا، باسی شەوێك دەکات کە لە خزمەت " بارزانی"دا بووە، دەڵێت :

" شەوێك کە دو بە دو بوین زۆری دڵخۆشی دامەوە کە« بڕیار بێ من و تۆ لە خۆشیدا شەریك بین و تازە خەمی بێکەسی مەخۆ... » . گوتم :« کاکە بمبەخشە، من لام وایە نەوعە شێتییەکت تێدایە . ئەوە چەند ساڵ و زەمانە کە من ئاوارەم، کەس نەبو بە ڕوی خۆش جوابی سڵاوم بداتەوە . یان ئەو هەموو خەڵکە شێتن یا تۆ، کە چەند ڕۆژێك لە سابڵاغ دیتومی و نەتناسیوم کە چەند نەحسم! هەرچی بێ، تازە تا ماوم بڕوات بە ئاشنایەتی من هەبێ . قەولم قەولی پیاوانە ... » ( ل ٢٨٤-٢٨٥) .

من ئەو قسانەم چۆن بۆ بچنەوە سەریەك ؟ ئایا هەژار چیرۆکی ژیانی خۆی، وەك لە چێشتی مجێوردا هەیە، بۆ سەرۆك بارزانی گێڕاوەتەوە ؟ یان هەر ئەو چەند حەفتەیەی ژیانی خۆی بۆ باس کردووە کە تێدا وەکو ملیۆنان مرۆڤی تری دنیا، وەکو ئەو هەمووە کوردانەی کە هاوکاری بوون، کرێکار بووە، بەڵام دیارە بە شێوەی خۆی کە فیلمی هیندیی لێ سازدەدا ؟ من بە سەیری دەزانم هیچی تری جگە لەو چەند حەفتەیەی فیلمی هیندیی کرێکار-ییەکەی، بۆ باس نەکردبێت ... عەقڵ دەیگرێت ؟ چۆن ؟ ئەدی " میرزا ڕەحمانی بانەیی " بە ئەو هەمووە فیدا-کارییەی بۆ هەژار ؟ ئەدی شێخ لەتیفی شێخ مەحموود ؟ ئەدی جەلال بێتوشی ؟ ئەدی کاکە زیادئاغا ؟ ئەدی

عومەر دەبابە ؟ ئەدی ماڵی حاجۆ ئاغا ؟ ئەدی محەممەدی ئیمامی ؟ ئەدی ... سەد ئەدی ... هەزار ئەدی تا بەو ڕۆژە گەیشتووە کە بـارزانی ئەو هەمووەی بۆ دەکات ؟ خەمی چەند حەفتـەیەك بوونە کرێکار، ئەو هـەمووە خەڵکەی سەرپیەوە و هێنایە سەر:" کەس" نەبوو جوابی سڵاوی بداتەوە ؟ واتا"یەك" کەسیش نەبوو جوابی سڵاوی بداتەوە ؟ ئەوانە هەموویان وێکڕا ناکەنە وەڵامدانەوەی سڵاوی " یـەك" کەس ؟

ئەگەر من بارزانی بوومایە و، ناوی ئەو خەڵکەم لە ژیانیدا لێ ببیستایە(وەکو ئێستا ئێمە لە" چێشتی مجێور"دا دەیخوێنینەوە) و ئەوجا ئەو قسەیەی لا بکردمایە، پێمدەگوت : " هەژار! ئەوە بێوەفایی نیە لە ئاست ئەو هەمووە کوردە ؟ کە تۆ ئەوانە هەمووی خەت بەسەردا بکێشیت، من دەبێت چاوەڕوانیی چ وەفایەکم لە تۆ هەبێت ؟ تۆ ئـەگەر تەواوی ئەو ١٢ ساڵە هەر لە زینداندا بوویتایە و شکەنجەیان بدایتایە، ئێستا کە منت دیتووەتەوە و، من پێش ئەوە ئەو خانووەت بۆ وەرگرم، بە پێ بە کۆڵانی تەسك و پیس و دووری بەغدادا هاتوومە ماڵت و ئەو هەمووە یـارمەتییەت دەدەم و دەتنێرمە وڵاتان، هەر بە دیتنەوەکەم دەبوو شـەرمت لەوە بکردایە کە باسی ئەو ١٢ ساڵەی شکەنجەی زیندانت بکەیت، دەبوو بڵێیت : قوربان، کە ئێستا بە خزمەتت گەیشتوومەوە، هیچ شتێکی ناخۆشم لەبیرنەماوە تا باسی بکەم، نەوەڵلا، وادەزانم لە ڕۆژی لەدایکبوونمەوە هەر پادشا بووم .

قسەیەکی لەوبابەتەی سـەرۆك بـارزانی لەوکاتەدا، ئـەگەر بکرا توندتریش بووایە، دەکرا یارمەتیی هەژاری بۆ ڕزگاربوون لەو گرێی خەمە بدایە، یا بە لای‌کەم وای لێ بکردایە لە ڕووی نەهاتایە چیتر کڕووزانەوە و لاڵانەوەی پیشان بدایە . ئـایا هەژار نکوڵیی لە چاکەی ئەو هـەمووە کەسە کردووە کە لە ژیانیدا ئـەوەندە لەگەڵیدا چاك بوون ؟ نەخێر، بە هیچ جۆرێك نەخێر، بەڵگە چیە کە نەیکردووە ؟ بەڵگە" چێشتی مجێور"ە: بزانە تێدا چۆن باسی چاکەی ڕەحمانی بانەیی دەکات؛ بزانە چۆن باسی ئەو ماڵە جووە سابڵاغییە لە بەغدا دەکات کە ئەگەر چێشتێکی سـابڵاغییانەیان لێ بنایە، بە بێ هەژار دەمیان بۆ نـەدەبرد؛ بزانە هەژارێکی کە لە تەمەنی دوو سـاڵیدا دایکی مردووە، لە بـەغدا لە تەمەنی ٢٧ ساڵیدا چۆن ژن و پیاوێك خۆیان لێ کردووە بە چ دایك و بابێکی دڵسۆز کە مرۆڤ هەر سەیری لێ‌دەمێنێت( خۆیان خستووەتە خەتەری گیرانی پۆلیسەوە و لە ماڵ حاواندوویانەتەوە... ئیدی)؛ بزانە چۆن دەڵێت کە عومەر دەبابە بردوویەتە هوتێل و بە کۆڵ بردوویانەتە لای دکتۆر؛ بزانە ... چۆن باسی چەندی تر دەکات . چەند کەسێکی زۆر کەمیش هەبوون کە لەگەڵی خراپ بوون، بـەڵێ، بـەڵام نیسبەتی ئەوانە نـاگاتە لەسەدا یەکیش .

ئـەدی کە هەژار ئەوانە هەمووی دەڵێت، چۆن لە هەمان کتێبدا کە ئەوانەی تیدا دەڵێت، ئـەوەش دەڵێت کە بە

" بـارزانی"ی گوتووە :" کەس" جوابی سڵاویشی نەداوەتەوە ؟ وەڵام : هەژار تووشی عوقدەیەکی سـایکۆلۆجی بووە کە تێدا لە لەحزەی جیاوازدا، هۆشی لە حاڵەتی جیاوازدا بووە . لەو قسانەیدا بۆ بـارزانی، هەژار " خۆی" نـەبووە، خۆی ئاگای لە خۆی نەبووە . ئەوە لە سایکۆلۆجیدا ئێجگار زۆر هەیە، هەژاریش وەکو ئەم خەڵك و خوایە مرۆڤێکە بە دوو دەست و دوو لاق و... هەموو شت، مرۆڤە و، مرۆڤ دەکرێت لە شتێکدا لە شوێنێکدا عوقدەیەك یا پترى هەبێت . دڵسۆزی بۆ خاوەنی عوقدە لەوەدا دەبێت کە سەرنجی بۆ رابکێشرێت : هۆو هەژار، هۆو، راست ناکەیت، تۆ باسی چاکەی ئەو هەمووە خەڵکە دەکەیت، جوابی سڵاوی چی و شتی چی ؟ تۆ دەڵێیت ئەوانە بوونە دایك و بابی دڵسۆزم، تۆ دەڵێیت ئەوانە بە بێ من نانەکەیان نـەدەخوارد ، ئێستا ئاگات لە خۆت نیە کە دەڵێیت " کەس" جـوابی سڵاوی نـەداومەوە . سـایکۆلۆجیست ئـەو کارە لەگەڵ گـرفتارانی کێشەی عوقدەدا دەکات، بە شێوەی زانستەکەی دەیەوێت روونیان بکاتەوە، سـەرنجیان بۆ ئەو شـتە دژ بەیەکانە لە دۆخـی رەوانییاندا رابکێشێت و، ریشەی ئەو کێشانەشیان بدۆزێتەوە و بۆیان شـیبکاتەوە تاکو لەو رێگایەوە بیانهێنێتەوە دنیای واقیغ . من لە"هەژاری مرۆڤ ..."دا رێك هەوڵی ئەوەم داوە، بەڵام ئیتر کە ئەوە دوای کۆچی دوایی هەژارە، چیتر بە دەردی ئەو نـاخوات، بـەڵام بۆ تێگەیشتنی ئەو کەسانەیە کە لەدوای خۆی دەیانەوێت تێیبگەن . دەکرێت من لە هـەڵبژاردنی وشـەدا هـەمیشە سـەرکەوتوو نـەبووبم، کە ئەوە بۆ رەوانناس زۆر گـرنگە، دەبێت زۆر ورد وشـە هـەڵبژێرێت، بـەڵام کارەکەم زانستی و لەپێشدا بۆ هەژار خۆی ئەوپەڕی دڵسۆزانە بووە، ئەوجا بۆ دنیای دەرەوەی شەخسی خۆی .

کەسێك کە عوقدەیەکی هەبوو، کە هەرکەسێك لە دنیادا دەکـرێت لە شتێك لە شتـەکاندا هەیبێت، نابێت وەکو کۆرسی تیپی مووسیقا و گۆرانی، هەرچی خۆی بە ئەو دەردەیەوە گوتی، ئێمەش بۆی بگێڕینەوە، نـا ، ئەوە لێی قووڵتر دەکات . خەڵکی سادە بەڵێ، حەز لە شتی دراماتیکی دەکات، لە فیلمی هیندی، لە داڕشتنەوەی قارەمانە-کانی بەو شێوەیەی کە خۆی دەیەوێت( کە فڕی بەسەر ئەسڵەوە نەبێت)، بـەڵام ئەوە هەمووی کاری مرۆڤی سادە و سـاویلکەیە . رۆشـنبیر دەبێت شتێکی تر بێت . وادەبێت خوێندەوارێکی بـەتـاڵ، دکتۆرێکی نـەخـوێندەوار، پرۆفیسۆرێکی ئـەحمەق، کە بە خـەڵوار و بە قەنتار هەن، چونکە خۆی هیچی پێ نیە، خۆی بە ئەفسانەی خەڵکی ترەوە هەڵداوەسێت . چۆن ؟ بە بوونە کۆرسی گوتنەوەی گۆرانیی مردوویەك بۆ خەڵك، تاکو بەوە شوێنێك لە ناو خەڵکدا بکاتەوە : ببێتە کاهین .

ئەو خوێندەوارانەی کە لەسەر شیکردنەوەی زانستیی من بۆ ژیانی هەژار ئەو هەمووە درۆ و دەلەسە و بوختانەم

لای خەڵك بۆ هەڵدەبستن، ئەو کاهینە پووچانەن کە جەماوەری سادەی دواکەوتوو لە دژی ڕۆشنبیری هان دەدەن و مێشکیان بە وەهم و خورافاتیان دەشۆن . کاهینان لە ڕابردوودا هەمیشە دژی پێشکەوتن بوون، ئێستاش دژی پێشکەوتنن، لە داهاتووشدا هەمیشە دژی پێشکەوتن دەبن، بۆچی ؟ چونکە بە پێشکەوتن، کاهینان مایەپووچ دەبن .

(١٠)

ئەدی چۆنە سەرۆك بارزانی سەرنجی هەژاری بۆ ئەو شتانەی کە بە بیردا دێن ڕانەکێشاوە ؟ ئەوە وەڵامدانەوەی هاسان نیە . وەکو ئەوە نیە کە دەتوانین بە ڕوونی جیاوازیی قسەکانی هەژار لە " چێشتی مجێور"دا بخوێنینەوە و نەتیجەگیریی بکەین . لێرەدا دەبێت بکەوینە تیۆرییەوە : سەرۆکی قەوم چ حیسابێکی بۆ شاعیرانی قەومەکەی کردووە، لە خوێندنەوەی بچووکی وگەورەیی ڕووحی خەڵك چ هەڵوێستێکی هەبووە و، لە چەند ڕووەوە چیی خوێندووەتەوە ؟ من هەوڵ دەدەم لە شوێنی تردا بگەڕێمەوە سەر خەیاڵی خۆم لەو ڕووەوە، بەڵام ئیتر هەرچی بیڵێم مەگەر هەر خەیاڵ بێنێتەوە .

هێشتا پێش سیپتامبری ١٩٦١، تێکچوونی نێوانی قاسم لەگەڵ کورددا ڕوون و لەبەرچاو بوو . لەبەرئەوە، بارزانی،پێش ئەو مانگە چووبۆوە بارزان . قاسم ڕۆژنامەی" کوردستان"ی پارتی،کە هەژار بەسەری ڕادەگەیشت، داخست و چەند هەنگاوی دوژمنانەی تریشی نا . ڕۆژنامەی کوردستان، لە سەدانەوەدی هەر نووسین و شیعری هەژار بوو، پڕ - پڕ بوو لە کۆمیدیای سیاسی : زنجیرەی" ئای کە دنیایەکی سەیرە" و" دەمەتەقەی بایز و باپیر"ی ئێجگار زۆر خۆشەویستیان کرد. ئەحمەد تەوفیق ژمارەکانی بە قاچاغ دەگەیاندنەوە موکریان . برایم ئەحمەدیش کە پێش بڵاوبوونەوەی هەر ژمارەیەکی سەیری دەکرد، زۆری کەیف پێ دەهات و، قەت ئیعتیرازی لەسەر یەك وشەش پیشان نەدا ( لەکاتێکدا کە وادەبوو بە زمانی زۆر تیژ باسی عارەب و تورك و فارسیشی دەکرد) .

لە کاتێکدا کە سەرۆك بارزانی چووبۆوە بارزان، برایم ئەحمەد و تاڵەبانی، هەروەکو نە بایان دیبێت و نە باران و هیچ لە ئارادا نەبێت، لە بەغدا بە ئاشکرا دەسووڕانەوە . سیپتامبری ١٩٦١ ڕژیمی قاسم " بارزان"ی بوردومان کرد و، شۆڕش دەستی پێکرد . ئەوەی کە من لە باسی ئەو دەستپێکردنەدا لە نووسینی" نەوشیروان مستەفا"م دیتووە، زۆرتری پڕۆپاگەندەی دوور لە حەقیقەت بووە و،پاکانەهێنانەوە بووە بۆ بەغدا و تاوانبارکردنی بارزانییە-کان، بە ڕووحی شەڕی پڕۆپاگەندەی دواتر نووسراون . من لە کتێبێکمدا ( لە نووسراوانێکی قاچاغی قۆناغی

خۆیان) بە " دوو فەسڵ" باسی ئەم مەوزووعەم کردووە .

چاپخانەی" صلاح الدین"ی" پارتی"یش دەستی بەسەردا گیرا . ئەو چاپخانەیە کە زەبیحی بەسەری رادەگەیشت و دوو کتێبی" جگەرخوێن"یشی لێ چاپکرابوون، بە پارەیەکی زۆر کڕدرابوو . پێش کڕینی، هەژار گوتی : " مەیکڕن، ئەوە پارەیەکی زۆری تێدەچێ و، هەرچی لە بەغدا هەتبێ هیچ زامنێکت بۆ مانەوەی نیە، ئەوە سبەی کۆدێتایەك لە بەغدا کرا، یا سیاسەتی حکومەت وا نەما، وا باشترە بەو پارەیە چەند چاپخانەی بچووك بکڕن و، لە شوێنانی وەکو شەقڵاوە و رەواندز ... شوێنی وەهایان دابنێن، تاکو لەبەردەستی خۆماندا بن . هەم ئێستا دەتوانن لەو شوێنانە بۆ خەڵك بەکەڵك بن و، هەم ئەگەر خوانەکات دنیاش تێكبچێت ئەوا بە هاسانی دەستمان پێیان - دەگات " . گوتیان : " ئەوە دڵی« قاسم»مان لێ کرمێ دەکات و نێوانمان لەگەڵیدا تێكدەدات" . هەرچەندە هەژار گوتی :" وانیە، ئێستا دەتوانن شەو و رۆژ وێنەی قاسم لەو چاپخانانە چاپ و بڵاوبکەنەوە و پێی هەڵبڵێن"،گوتیان نا، و چاپخانەی گەورەیان بە پارەیەکی زۆر کڕی . ئەگەر باشم لەبیربێت، سەرەتای ساڵانی حەفتا بوو، جارێك بە کاری چاپی کتێبی خوێندنی‌کوردی، رێگام کەوتە چاپخانەیەك، کەسێك لەوێ زۆر بە گەرمی پێشوازیی لێ کردم و،گوتی : من" رسمي العامل"م و خاوەنی ئەم چاپخانەیەم کە بە ئەسڵ هی ئێوە بووە . هی ئێمە ؟ ئێمە کێ ؟ گوتی ئەوە چاپخانەی " صلاح الدین"ی " پارتی"ی کاتی خۆیەتی و ئێستا هی منە . " رسمی العامل" لە سیاسەتمدارە بەناوبانگەکانی عیراق بوو ( دۆستی قاسم بوو، بەڵام لە سۆشیال دیموکراتەکانی" الحزب الوطني الديمقراطي" ی چادرچی بوو) . من دەمزانی کە بەعسی ساڵی ١٩٦٣ دەستیان بەسەر دارایيدا گرتبوو، ئیتر نەمزانی کەی و چۆن ئەو چاپخانەیە کەوتبووە دەستی . دواتریش دیسان بەعسی دەستیان بەسەر دارایيدا گرتەوە و، هەر لە زیندانی رژێمی سەددامیشدا مرد .

من بۆ جیاوازیی زیهنیەتی بارزانی و برایم ئەحمەد، ئەو هەڵوێستەی برایم ئەحمەد لە پێشنیارەکەی هەژار لە بارەی چاپخانەوە دەخەمە پاڵ ئەم هەڵوێستەی بارزانی :

لە سەردەمی" قاسم"دا ،دەوڵەتی ئێران عەشیرەتی" لۆلان"ی هان دا کە شەڕ لە دژی بارزانی و قاسم‌هەڵگیرسێنن . بارزانی بە قاسمی گوت :" تۆ خۆت ئەزیەت مەدە، پێویست بە سەرباز ناکات، هەر عەشیرەتی بارزان بە تەنیا کۆتایی بەو هەرایە دەهێنێت، بەڵام بارزان لە چەند کۆنە تفەنگی بڕنۆی زۆر کەمی بەولاوە بەدەستەوە نیە، ئەگەر فەرمان بدەن، چیم بۆ شەڕ پێویست بێت لەشکر بمداتێ، ئەوا من بە هاسانی لۆلان لەکۆڵ دەکەمەوە . قاسم فەرمانی دا : چەك بدەن بە بارزانی . بارزانی چەك و فیشەکی زۆری وەرگرت و، بردنی لە بارزان شاردنییەوە

بۆ رۆژی نـەوەکا و نـەبادا و، هەر بە برنۆکانی خۆی شێخ رەشیدی راو نا و ئەودیوی کردەوە بۆ لای شای ئێران . چـەك و شـۆڕش لە رووحی بارزاندا بوو، برایم و تاقمەکەی جورئەتی دانانی چاپخانەیەکیان لە شـەقڵاوە نـەبوو، هەمیشە بەلای محافەزەکاری و نەبوونی جورئەتدا، سیفەتێکی چینی ناوەندی کورد . ( کاتێك شۆڕش هەڵگیرسا و تا چەند ساڵانیش، هیچ کادیری چاپخانەی نەبوو، زەلامێکی عارەبی کۆمونیستی خەڵکی مووسڵ لە چاپخانە-کەی " سوورەبان" یارمەتیی هەژاری دەدا) .

کە شـۆڕش دەستی پێکرد، هەژار هەر لە بەغدا مایەوە و، پێوەندیی بە حیزبەوە هەبوو و بە ئـەوەی لە دەستی دەهات درێغیی نـەدەکـرد . حیزب لێرەدا مـەبەست لە " پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان"ـە بەر لە دووبـەرەکی تێکەوتنی . کاتێك سـەرۆك بـارزانی لە چیا کەوتە شـەڕەوە و، هێشتا برایم ئـەحمەد و جەلال تاڵەبانی لە بـەغدا بوون، هەژار وێنەی بۆ گرتن ( بە چاویلکە و سمێڵ تاشراوی ... هەوڵی شکڵ گۆڕینێکەوە) و،- ئـەگەر باشم لە یاد بێت - وێنەکان دران بە " یەدوڵڵا فەیلی" کە لە شیرکەتەکەی " رەشید عارف" هاوکاری حافز مستەفا قازی و کامیل ژیر بوو، هەڤاڵێکی منیش لەوێ کاریدەکرد( کاك"عەبدوڵڵا ئەمین"ی رەحمەتی، خەڵکی گوندی" بێتـاس" ی لای زاخۆ) . لەوێ هەویەتی ساختەیان بە ناوی کارمەندانی ئەو شیرکەتە بۆ دەرکرا ( من خۆم هەر تك هـەویەتم بە وێنەکانەوە دیتن) . برایم و جەلال بەوە لە بەغدا بۆ کوردستان دەرچوون . من لە هەژارم بیست گوتی : " پۆلیس چووبوون برایم ئەحمەد لە ماڵەکەی بگرن، لە رێگا لە نیزیکی ماڵی، تووشی ببوون و نەیانناسیبوو، لێیان پرسیبوو ئەگەر بزانێت ماڵی برایم ئەحمەد لەکوێیە! بەوجۆرە پێیزانیبوو کە دەیانویست بیگرن و نەچووبۆوە ماڵ و لە گرتن رزگاری ببوو". برایم ئەحمەد و جەلال کە چاوەڕوانیی گۆڕانی وەزعیان بەوجۆرە نەکردبوو، لە رووی پرەنسیپیشەوە هیچ پلانێکی" ب"یان بۆ نەوەکا و نەبادا نەبوو . بارزانی هەیبوو، بەڵام لە مەیدانی زانیاریی شەڕدا، نەك چاپ و چاپخانە و راگەیاندندا .

(١١)

ئەحمەد تەوفیق کە دەهاتە بەغدا، زۆرتر لە ماڵی عەبدولحوسێن فەیلی دەمایەوە، ئەو عەبدولحوسێنەی کە لەگەڵ باوکیدا دووکانیان لە بازاڕی نیزیکی مزگەوتی" المستنصریه"ی پاشماوەی زانکۆی بەناوبانگی عەباسیەکان هەبوو ( نەك ئەوەیان کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی بوو) . عەبدولحوسێن کوردێکی نەتەوەیی زۆر دڵسۆز بوو، لایەنگری پارتی و شۆڕش بوو، بەڵام ئەوسا حیزبی نەبوو، مانگانە پارەیەکی بۆ شۆڕش دەدا بە ئەندامێکی پارتی

کە لەهەمان شانەدا بوو کە منیش تێدا بووم (ئەوسا، ساڵانی شێست، ناوی" محەمەد عەبدولوەهاب‌بۆریدەری" بوو و ئێستا ٢٠١٦ بووە بە" محمدنادر أبو آري - سیاسي عراقي"!). عەبدولحوسێن دوایی بوو بە پێشمەرگە و لە نیزیکانی ئیدریس بارزانی و، جارێك کەوتبووە دەستی نەوشیروانەوە، دەیانگوت زۆر شکەنجە درابوو و سوو- کایەتیی پێ کرابوو: بەراوەژوو سواری کەریان کردبوو و بە دێیاندا گێڕابوو؛ ئەو جۆرە شتانەی کە رۆتینی نەوشیروان و پیاوەکانی بوون، هەمیشە نوختەیەکی جیاکردنەوەی لاوانی شارستان بوو لە ئەندامانی عەشیرەتی بارزان یا عەشیرەتانی تر،کە شتی وەهایان نەدەکرد، تەنانەت دەڵێن شەخسی نەوشیروانیان گرتووە و بە رێزەوە بەریان‌داوە.

ئەحمەد تەوفیق هێندێك جاریش دەهات چەند رۆژێك لە ماڵی هەژار دەبوو. هەر ئەوسا (لە ١٩٦١ ـەوە) من باسی ناخۆشبوونی نێوانی بارزانی و برایم ئەحمەدم لە زۆر لاوە دەبیست: ئەحمەد تەوفیق " دیسان بارزانی"ی دەردەکرد، کە جەماعەتی برایم ئەحمەدی زۆر تووڕە دەکرد. برایم ئەحمەدی کە پێش ئەوە " ئەحمەد تەوفیق"ی بە تاقانە سەرۆك و نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دادەنا و، بۆ سەرۆکایەتیی ئەو، دژایەتیی دکتۆر قاسملو وکەریمی حیسامی و هەڤاڵانیانی دەکرد و، بەوەیان گەیاندبوو کە دکتۆر قاسملویان لە عیراق بە دەرکردن دابوو، ئێستا قەوانەکەیان لە سەر خراپیی ئەحمەد تەوفیق شکابۆوە. ئەحمەد تەوفیقی کە سێ ساڵی رابردوو لەو قارەمانتر لە دنیادا نەبوو، ئێستا کەس لە دنیادا لەو خراپتر نەبوو. ئەحمەد تەوفیق کە سەری لە بەغدا دەدا و، دەهاتە لای هەژار، من هەمیشە لێم دەبیست کە قسەی بە برایم و جەلال دەگوت، هەر جنێوی پێ دەدان.

لە لایەکی ترەوە،" عەبدوڵڵا کانی مارانی" زۆر دۆستی چەندساڵەی نیزیکی هەژار بوو و، جنێوی بە" دیسان بارزانی"ی ئەحمەد تەوفیق دەدا و رەخنەی لە سەرۆك بارزانی دەگرت. کانی مارانی زۆر دۆستی " شەخسی"ی تاڵەبانی و عومەر دەبابە بوو، کە هەرتك هێشتا ژنیان نەهێنابوو. ژنیشی بۆ دەبردن. ئەوجا ئەوە بە هەڤاڵەتی دەیویست یارمەتیی دوو هەڤاڵی خۆشەویستی بدات، یا ئەوەبوو کە لێرەو لەوێ باس‌دەکرا. ماوەیەك کرابوو بە ئەندامی لیژنەی ناوچەی بەغدای حیزب. دوایی بوو بە یەکێك لە پیاوەکانی سەددام و دەوڵەمەند بوو ... ئیتر نازانم ئەمجارەیان یارمەتیی چ هەڤاڵێنێکی دەدا.

هەژار خۆی،هەر لایەنگری بارزانی بوو، بەڵام نێوانی لەگەڵ ئەوانی‌تریشدا( زەبیحی،کانی‌مارانی،بابەکرئاغای مەحموودئاغای پشدەری و ... ئیدی) هەر وەکو خۆی باش مابوو. هەژار، جارێك بە کارێك چووە لای زەبیحی لە کەرکووك(چێشتی مجێور ل٣٥٨). ئەو رۆژە، تەلگرافێك بە ناوی ئەو لە دژی بارزانی لە رۆژنامەکاندا بڵاوبۆوە.

ئەوە هەم لە چێشتی مجێوردا(ل٣٥٨) باسکراوە و هەم لە کتێبێکی مندا (هەژاری مرۆڤ ... ل٤٨). نازانم چۆن باسی ئەوە،کە بوختانێك بوو بۆ هەژار هەڵبەسترابوو، بە رۆژنامەیەکی سەر بە کۆمونیستان گەیشتبوو (رۆژنامەکە ناوی" الشعب" یا" الدیمقراطي" بوو، ئێستا لە یادم نەماوە)، لە رۆژنامەکەوە خەبەریان بۆ هەژار نارد کە دەیانزانی ئەو تەلگرافەی بۆ هەڵبەسترابوو و، ئەوان ئامادەبوون وەدرۆخستنەوەی بڵاوبکەنەوە، بەڵام هەژار - وەك لە چێشتی مجێوریشدا باسی دەکات - نەیویست ئەو کارە بکات، چونکە لای وابوو کە ئەگەر ئەوەی بکردایە، دەگیرا و چیتر کارێکی بۆ شۆڕش لە بەغدا بۆ نەدەکرا. لەیادمە، گۆرانیبێژێکی عارەبی چەپ (فاضل رشید) لەسەر ئیمزاکردنی داوایەکی کۆمونیستان بە ناوی " السلم فی کردستان" (ئاشتی لە کوردستان) گیرابوو، من لەو رۆژنامەیەدا خوێندمەوە کە ئەو گۆرانیبێژە لە دادگا گوتبووی: " البرزاني بطل وطني کبیر" (بارزانی قارەمانێکی نیشتمانپەروەری گەورەیە) و نازانم لەسەر ئەو قسەیەشی چەندە حوکم درا.

بەعسی،٨ی شوباتی ١٩٦٣ کۆدێتایان کرد. ئەوجا شاندی کورد بە سەرۆکایەتیی جەلال تاڵەبانی چووە بەغدا و، هەژار هاتوچۆی دەکردن و، لە" چێشتی مجێورد"دا باسی چۆنێتیی چوونی بۆ کوردستان دەکات، کە تاڵەبانی پێی‌گوتووە نێوانیان لەگەڵ بارزانی تێکچووە و داوای لە هەژار کردووە نێوان باش بکاتەوە، کە ئەمە بەڵگەیە بۆ ئەوەی هەم نێوانی بارزانی و هەژار خۆش بووە، یا بەلای کەم وا دیتراوە و، هەم بۆ ئەوە کە تاڵەبانی ویستوویە هەژار دەورێکی سیاسی ببینێت.

هەژار باسی ئەوەش دەکات کە کورد دەیانتوانی کەرکووك بگرن بەڵام بەهۆی سیاسی نەیانگرت و، کە ئەو باسەی لای بارزانی کردووەتەوە، بارزانی گوتوویە" جارێ لەو باس و خواسانە گەڕێ..."(چێشتی مجێورل٣٦٣). ئەوە باسێکی ئێجگار زۆر گرنگە، ئیدی هەژار بەو قسەیەی بارزانی چیتر باسی نەکردووەتەوە و کۆتایی هاتووە؟ من لام وایە هەژار لێرەشدا قسەی نێوان خۆی و بارزانی، چ لەوکاتەدا و چ دواتر، لە ئێمە دەشارێتەوە. لێرەدا بۆچی؟ نازانم. یا لە بیری چووە قەت باسی بکات؟ زۆری " چێشتی مجێور" وەهایە، کە دەگاتە سەر باسی شتێکی زۆر گرنگی سیاسی، خۆی لە روونکردنەوە لادەدات و دەچێتەوە سەر گێڕانەوەی نوکتە و قسەی خۆش. زۆر بەداخەوە. هەژار ئێجگار زۆر نوکتە و قسەی خۆشی لای بارزانی هەبوون بەڵێ، بەڵام ئەوە لەسەر حیسابی جیددیبوونی نەبووە. زۆر بە جیددی هەڵوێستی دڵی خۆی لە هەموو شتێکی شۆڕش بە کراوەیی بە بارزانی گوتووە، بەڵام زۆرتری قسەکانی نێوان بارزانی و خۆی، تاسەر هەر نهێنی هێشتنەوە و نەیدرکاندن، لەگەڵ خۆی بردن. حەیف. ئەوەش مەگەر هەر توێژینەر زۆر جار ناچار بکات کە بکەوێتە سەر " تیۆری" و، دیارە تیۆریش

دەکرێت هەڵە بێت .

ئیتر تا ئاگربەس و لێکدابڕانی بـارزانی و مەکتەبی سیاسی و پەڕینەوەی مەکتەبی سیاسی لەگەڵ سەرهەنگ "پەژمان"دا بۆ قەڵەمڕەویی ژێردەستی شای ئێران، هەژار هەر لە کوردستان نیزیکی بارزانی مایەوە، تەنانەت لە شەڕی چیای" پیرس"دا لەگەڵ سەرۆك بارزانیدا بوو و، لە"چێشتی مجێور"دا زۆر جوانی باس دەکات ( ل٣٩٥-٤٠٥)، بەڵام نێوانی لەگەڵ زۆر لەوانی تریشدا ( عومەر دەبابە ...) هەر زۆر خۆش بوو .

هەژار، رێککەوتنی بارزانی و حکومەتی١٩٦٤ی بە دڵ نەبوو و، وەکو هەمیشە حەقیقەتی هەڵوێستی خۆی بە سـەرۆك بـارزانی گوتووە . ئەوە یـەکێکە لە زۆر کەم شت کە هەژار بە درێژی لە چێشتی مجێوردا لێیدەدوێت ( ل ٤٤٥) و، رادەی خۆشەویستی و نازهەڵگرتنی لەلایەن " سەرۆك بارزانی"یەوە تێدا دەردەکەوێت (ل٤٤٦) .

هەژار، هەر لەوکاتەدا دڵی لە شـۆڕش سـاردبۆوە و، چۆوە بەغدا و، ویستی ژیانی کاروکەسابەتی شـار دەست-پێبکاتەوە . دیسان : هەژار کە چووە ئیزنی رۆیشتن لە بارزانی وەربگرێت، چیی بە بارزانی گوتووە و، بـارزانی چیی پێ گوتووە ؟ نازانین .

(١٢)

هەژار لە " چێشتی مجێور"ەکەیدا بەدەگمەن لە شوێنێك تـاریخێك دەڵێت، بەدەگمەن سەردێڕی هەن و، حەقەن هیچ نەزمێکی تێدا بە بیردا نەهاتووە، چونکە ئەو نەزمی نووسینی نەدەزانی . ئەو وشەی زۆر و زاراوەی زۆری کوردیی رۆژهەڵات و باشووریکوردستانی دەزانی، بەڵام نووسینی کتێبی چیرۆکی ژیان، زانینی لەو دوو شتەی پتری پێویستە . نـووسینی ئـەو نـەسلەی ئەو، وەك - بەغوونە- لە نووسینی " مەسـعوود محەمەد"یشیدا دەبینین، وابوو . بـەڵام نەبوونی نەزمی نووسین دیارە لە داڕشتنی " بیۆگرافی" ( چیرۆکی ژیانی کەسێك)دا زۆر لەوەی لە باسەکانی مەسعوود محەمەددا پێویستتر و لەبەرچاوترە . زنجیرەی رووداوەکان، هەر وەکو لە کتێبە ئـاینییـەکاندا گرنگە،تا هـەم لە هەلومەرج و مناسەبە بگەین و هـەم بۆ تابیعان کە - بەغوونە- بزانن کامە قسە دواتر هاتووە و قسەیەکی جیاوازی پێشتری سڕیوەتەوە، تاریخی قسەیەك لە چیرۆکی ژیانیشدا دەکرێت ئێجگار زۆرگرنگ و مەرکەزی بێت .

هەژار کە سالی ٩٦٤ لە چیاوە چووبۆوە بەغدا، دەڵێت سالێك و شتێك دواتر کە خۆی بەو دووریيەی لە چیا زۆر نـارەحەت بوو، هەستی کرد کە وا پیاوی حکومەتیش بەدوویەوە بوون و، لەوانەبوو بیانگرتایە . ئیدی بڕیار

دەدات بچێتەوە لای بارزانی لە چیا . کەمێك پێش ئەو چوونەوەیەی، کوڕی چوارەمی لەدایکدەبێت و ناوی دەنێت " خانی" ( تاریخی ٢٢ی مانگی ٣ بۆ ئەوە دادەنێت، کە منیش وەکو براکانم پێم وابوو ئەوە لە هاویندا بووە) .

چوونەوەی هەژار بۆ کوردستان لەگەڵ چەند ئاغای جاشدا ،کە ئەوانە نێوانیان لەگەڵ" مەم"( محەمەد مەولوود )ی چیرۆکنووسدا هەبووە لەکاتێکدا کە مەم کەسێکی کوردپەروەر و یەکەم هەڤاڵی هەژار بوو لە هەولێر؛ ئەوجا پێش ئەوەش : مانەوەی زەبیحی لە ماڵی هەژار لە کاتێکدا کە هەژار و زەبیحی لە دوو لایەنی سیاسیی دوژمنی یەکتردا بوون کە دەستیان دەخستە خوێنی یەکترەوە، بە هەمانشێوەی کە ئاغاجاشەکانی دۆستی مەم شەڕی دژی پێشمەر-گەیان دەکرد؛ ئەوە کە هەژار پێش دەرچوونی لە بەغدا ماوەیەك لە ماڵی زەبیحی ماوەتەوە و، زەبیحی بە هەژاری گوتووە من دەتوانم بتنێرمە ئێران ( لای برایم ئەحمەد و تاڵەبانی) تاکو لەوێوە بتنێرنەوە لای بارزانی، ئەوە هەمووی رەنگی " بۆر" ( لە نێوان رەش و سپی) لە ژیانی سیاسیی مرۆڤانێکدا پیشان دەدات کە بەدەگمەن هێشتا هیچ باسێکی شیکردنەوەی لە نووسینی کورددا دەبینین و، لەوەش پتر : ئەگەر ژیانی هەژار یا هێمن یا زەبیحی یا قزڵجی یا هەر ناودارێکی تر بە جگە لە ئەوپەڕی سپیی‌بریقەداری وەکو ریکلامی سابوونی جلشۆرین یا دەرمانی ددانشۆرینی کۆلجێت یا کۆلینۆس بۆ خۆشەویستانیان باس بکەین، یا بە ئەوپەڕی رەشی قیل و زفت بۆ ئەوانەی ناخۆشیاندەوێن، ئەوا بە خەڵوار و بە قەنتار قسەی ناخۆشمان بەسەردا دەبارێنن . ئەو " رەش و سپی" دێتنە کە سیفەتی نەدیتنە! نیشانەیەکی ئێجگار زۆر زەقی دواکەوتووییە، کە سەرمایەیەکی گرنگ، زۆر گرنگی عەوام-فریودان بۆ سیاسییەکان پێکدەهێنێت .

هەژار باسی قسەی نێوان خۆی و حاجی محەمەدی کوڕی شێخ رەشیدی لەو رێگایەی گەڕانەوەیدا چەند جار بە چەند شێوەی جیاواز گێڕاوەتەوە، ئەوەی لەم چێشتەیدا دەیڵێت غەیری ئەوەیە کە من لێم بیستووە، کەواتە - بۆ من - وردەکارییەکانی جێگای بڕوا نین و، من بە هیچیان دانانێم، بەڵام بڕوا هەر بەوەندەی ئەو قسەیەی لەوەدا دەکەم کە ئەو ئاغا جاشە پەیامێکی بۆ بارزانی دابێتێ، نە پتر .

هەژار، لەو چێشتەیدا، ئەمجارەشیان بە هیچ جۆرێك بەلای باسی ئەوەدا ناچێت کە سەرۆك بارزانیی چۆن دیتەوە: بارزانی کەسی بەدەورەوە بوو ؟ خۆی و ئەوانەی بەدەورییەوە کە هەژاریان دیسان دیتەوە چییان گوت ؟ هەژار چیی‌گوت ؟ هیچ، نازانین . یەکەم دەستپێکردن ئەمەیە :" بارزانی لە جوابی پێشنیاری حاجی‌محەمەد ..."، ئەوجا هەژار دوای گێڕانەوەی چیرۆکێکی‌کتێبێکی‌عارەبی ( الأغانی) کە بە بۆنەیەکەوە هاتووەتەوە یادی، دەڵێت : " مەلا مستەفا لە کوێستانی کیکان بو" . کوێستانی چی ؟ کەی ؟ ئێ تۆ ئێستا چوویە " بن دایزا" و کۆلانی

تاریك بوو، کوێستانی کیکانی چی ؟ ( ل ٤٦٧-٤٦٨) .

"چێشتی مجێور"ی هەژار، جەنگەڵێکی چڕە، کە دەبێت تێدا زۆرتر دار بە دار و بنچك بە بنچکی بە جیا لێ-بنۆڕیـن و زەوق لێ وەربگریـن، دیمەنێکی تێکڕاییـش دەبینین : لە مـوکـریانەوە بۆ سـلێمانی، بـەغدا، لوبنان، تـریەسپی، چـوونەوە بـەغدا و گـەڕانەوە ... بەوجۆرە، بـەڵام نـەخشەی روونی ڕێگاکان لەو نێوانەدا، لە نێوان نـەخشـە تێکڕاییەکەدا و دار و بنچکەکانیدا نـابینین، زۆری لێ سـڕدراوەتـەوە . نـەبوونی ئـەو روونییە لێرەدا بە تـایبەتی بۆ لێکۆڵینەوەی نێوانی رووحیی هەژار لەگەڵ "سـەرۆك بارزانی"دا، کەمایەسییەکی ئێجگار زۆرە . من حەزم دەکرد هەژار باسی هەستی خۆی لەو لەحزانەدا بکردایە، ئایا دەگریا ؟ پێدەکەنی ؟ لە دڵی خۆیدا چیی دەگوت؟ ئەوجا قسە و رەنگ و رووی بارزانی لەو لەحزانەدا چۆن بوو، نەك ئەوە کە بەمجۆرە بازی بەسەردابدات .

(١٣)

هەر ئەو لێنۆڕینە "رەش و سپی"یە، چەند وەزعێکی بۆ هەژار نایەوە کە جارێکیان بووە هۆی شکایەت لێکرانی لای سەرۆك بارزانی و، جارێکیش بووە هۆی گرتنی یەکەم هەڤاڵیهەژار لە بەغدا لەلایەن شۆڕشەوە . شکایەتەکە هی" مەلا حەسەن بارزانی" بوو،کە زەبیحیی لە بەغدا لە ماڵی هەژار دیت (١٩٦٤) و، چوو ئەوەی بۆ سـەرۆك بارزانی گێڕایەوە . جاری دووەمیش، هەژار" حەمەدەڵاڵ"ی هەڤاڵی خۆشەویستی و ژن و کچێکی بۆ بەسەربردنی هاوین لەگەڵ خۆیدا بردنە حاجیئۆمەران و، خێوەتێکی بۆ وەرگرتن و لە پەنا خێوەتەکەی خۆی بۆیهەڵدان . حەمە دەڵاڵ ڕۆژانە دەچووە چاخانەیەکی حاجی ئۆمەران و دەکەوتە قسە لەگەڵ خەڵکدا، لەوەدا باسی زەبیحیشی بۆ کەسێك کردبوو کە ئەو کەسە هـەم پـارتی و هـەم لە "پاراستن"یش بووە، پێیگوتووە کە زەبیحی دۆستی من و هەژارە و بە ڕێکوپێکی سەر لە خانەکەی من دەدات ( ئـەوسا حەمە دەڵاڵ و خەلیل زەنگەنە پێکەوە خانێکیان لە بازاڕێکی بـەغدا هەبوو) . ئیدی دوای یەك - دوو سەعاتێك حەمەدەڵاڵ لە حاجی ئۆمەران دەگیرێت و خەبەر بۆ هەژار دەهێنن کە وا هەڤاڵەکەت گیرا . هەژار زۆر تووڕە بوو و ویستی بچێتە لای بارزانی شکایەت بکات، بەڵام تکایان لێ کرد کە نـەچێت و، گوتیان ئەوە هـەڵەیەك بووە، حەمە دەڵاڵیان بـەردا و، گاڵتە و پێکەنینی هەژار و هەڤاڵی دەستی پێکردەوە : دەی حەمە هەتیو چۆن گرتیانیت ؟! مەلا حەسەن و ئەو پیاوەی پـاراستن ( کە ئـەرکی سەرشـانی خۆی بەجێهێناوە)، هـەر ئـاگایان لە یەك رەنگ بووە : زەبیحی لە کاتی شەڕدا دوژمنی بـارزانییە و، پێوەندی بە دوژمنەوە دەبێت قەدەغە بێت . بـەڵام پڕۆپاگەندەی شـەڕی سیاسی لەوە زۆر پتر دەڕوات : نـاڵێت کە

ئەو کەسە هەر لەو نوختەیەدا ئەو رەنگەی هەیە،نا، هەمووی ئەو کەسە بە« یەك رەنگ» رەنگ دەکات کە بەرژەوەندی ئەو لەحزەیەی سیاسەتی خۆی تێدا دەبینێت و، لە نەتیجەدا کۆمەڵگەیەك بە نەبوونی "پێوانە" پەروەردە دەکات و، ئاستی فەرهەنگیی تێدا لەجیاتی بەرەو رۆشنبیری بردن، ئەوەندەی تر لە ساویلکەیی و نەزانیدا رۆدەبات. مرۆڤ دەکرێت لە رەنگانێکی پتر لە هەر ئەو دوو رەنگەی رەش و سپیش پێکبێت: کەسك و سوور و زەرد و عابی - قاوەیی و شین و عەنابی‌ایشی هەبێت.

هەر ئێستا کە یادی کۆچی دوایی هێمن لەم رۆژانەدایە، من بە هەمان شێوە قسەی نووسراوی رەش و سپیی لەبارەیەوە دەبینم، لەکاتێکدا کە هەم رەش و هەم سپی وێڕای رەنگەکانی تر لە هێمندا هەبوون و، ئەگەر هەرکام لەو رەنگانەی بە پێوانەی خۆی لێ بنۆڕین، ئەوا کەس غەدری لە هێمن نەکردووە، بگرە زۆریش شانسی هەبووە، بەڵام ئیتر دەبێت ئەویش لە چوارچێوەی تێکڕای وەزعی نەتەوەکەیدا ببینین. شیعری رۆمانتیك،عەقڵی سیاسی، ئاسایشی بزووتنەوە، وەزعی پێشمەرگە،هۆرمۆنی جنسی ... هەرشتە و پێوانەی خۆی هەیە و،دەبێت پێی‌بپێورێت و بە قانوونی خۆی بڕیاری بۆ بدرێت.

زۆرتری ئەوەی لەبارەی نێوانی سەرۆك بارزانی و هەژار گوتراوە، لەوەی باسی نێوانی هێمن و سیاسەتیش لە حەقیقەت دوورترە، هەر ئێجگار زۆر دوورە. هەژار لە دیوەخانی بارزانی‌دا، مرۆڤێکی لە سەدا نەوەدونۆ نا، لە سەداسەد ئازاد بووە، بە قەناعەتی خۆی هەرچیی بۆ کورد بە راست دیتووە بە بارزانیی گوتووە. هەمیشە لە سەداسەد بە راشکاوی و دوور لە زمانی‌دیپلۆماسیەت، زمانێك کە بە رادەیەکی سەرسوڕهێن لەلایەن بارزانییەوە قەبووڵکراوە، وابووە هەر گاڵتەی بە بڕیارێکی سەرۆك بارزانی هاتووە:

" لە دیلمان بە بارزانیم گوت:

بیستومە ساڵح یوسفیت بۆ وەزیر ناوبردوە؟

ــ دەی جا چبو؟

گوتم: کاکە ئەگەر من لە تەرەغە ساڵح یوسفی دە رۆژ لەبەرم بپاڕایەوە، نەمدەکردە گوێلکەوانی دێ، چونکە لاقی بیستانی دەشکاند!" (ل ٥٢١).

دە ئەگەر من لە شوێنی بارزانی بوومایە، پێم‌دەگوت: تۆ ناتوانیت هێندێك بەئەدەبتر قسەبکەیت؟

یەکی تر:

" شەوێك لە گوندی خەتێ (..) لای مەلا مستەفا بوم. مەلایەك پێی‌گوت:« مامۆستا». بارزانی خۆی لێ تورە

کرد . کابرا لەرزی و زۆر ترسا . گوتم « دەگەڵ منی بو!» . گوتی : « تۆ بە مامۆستا تورە نابی ؟

ــ نا ، حەز دەکەم پێم‌بڵێین شاهەنشاهی موعەززەم!"» ( ل ٣٧٧-٣٧٨) ( بە عیبارەتێکی تر: ئەوە چیە تۆ خۆت بە شتێکی وا بێ ماناوە خەریك کردووە ؟) .

هەژار ، یەکێك لەو شتانەی کە گێرانییەوە و پێم‌وایە لە چێشتی مجێوردا نیە، ئەمە بوو :

"جارێك بارزانی رادیۆیەکی بەدەستەوە بوو و گوتی : هەژار ها ئەو رادیۆیە بۆ تۆ . گوتم : ناممەوێ . گوتی : بگرە، ئەز دبێژم بگرە . گوتم : ئەزیش دبێژم ناممەوێ .

ــ بۆچی ناتەوێ ؟

ــ چونکە دەزانم دوو فلس ناهێنێت، ئەگەر باش بوایە نەتدەدا بە کەس، دیارە بەکەڵك نایە و دەتەوێ لەکۆڵ خۆتی بکەیەوە و پێشم بڵێی ها هەژار رادیۆم داویتێ! نەوەڵڵا ناممەوێ بەخۆڕایی منەتم بەسەردا بکەی!"

ئەگەر هەرچیی لە چێشتی مجێوردا بەوجۆرە لە نێوان بارزانی و هەژاردا گوتراوە ریز بکەین و، ئەوانەشی بخەینە سەر کە نەنووسراون، کە هێندێکیان نوکتەی زۆر سەیری تەرەغە یا بەغدان، ئەوا بە روونی دەبینین کە هەژار بە ئەوپەڕی میزاجی خۆشی کۆڕی تایبەتی ماڵی خۆی، لە دیوەخانی بارزانی‌دا هەر قسەیەکی بە بیریدا هاتبێت گوتوویە و، لە سەداسەد دڵی خۆی بۆ بارزانی کردووەتەوە . شێوەی قسەکردنی هەژار لەگەڵ هەڤاڵەکانی خۆیدا وابوو، ئیتر لەگەڵ سەرۆك بارزانی‌یشدا هەمان شت بوو و، بارزانی ئەوەی لێ قەبووڵ دەکرد و زۆر کەیفی پێ دەهات کە لەو هەلومەرجەیدا کەسێکی وەهای دەست دەکەوت کە نێوانێکی ئاسایی و قسەی خۆشی بەو جۆرە لەگەڵدا هەبوایە .

بەڵام دیسان : حەقەن هەژار ژیانی‌تایبەتی‌خۆی لە دەرەوەی حوزووری بارزانی ناکرێت بۆ بارزانی باس کردبێت، ئەوە لەوێ مناسەبەی نەبووە . چەندە ئیدریس بارزانی ئاگای لە ژیانی تایبەتی هەژار هەبووە ؟ چەندەی لێ بە سەرۆك بارزانی گوتووە ؟ ئەوە نازانین تاکو بتوانین بە وردی بزانین سەرۆك بارزانی بە تەواوی هەژاری چۆن ناسیوە و چەندی قەبووڵ کردووە . بە هەمان شێوەی کە هەژار بە قەناعەتی کوردایەتی لای بارزانی بووە، سەرۆك بارزانی‌یش بە هەمان قەناعەتی ئەوە کە هەژاری بە دڵسۆزی کوردایەتی دیتووە قەبووڵ کردووە و، زۆری لێ قەبووڵ کردووە . ئەو پێوەندییە پیشانی‌دەدات کە ئەگەر بارزانی بیدیتایەکەسێك بە دڵسۆزی بۆ کوردایەتی دڵی خۆی لا دەکاتەوە، تەنانەت بە وشکترین زمانیش رەخنەی لێ دەگرێت، ئەوا بارزانی قەبووڵی دەکرد و بۆ ئەو رەوشتەی خۆشی‌دەویست . نێوانی بارزانی و هەژار لەسەر بناغەیەکی زۆر ساغ و بەرزی ئەخلاقی دامەزرابوو .

ئـەوجا، هەژار چۆن بە بـارزانیی هەڵگوتووە ــ کە منیش ئـەگەر ئێستا بتوانم شیعر دابنێم بە هەمان شێوە پێی- هەڵدەڵێم، چـەندە هەژار کـەڵکی ماددیی لەو نێوانە دیتووە،کە زۆری کـەڵك لێ دیتووە، چـەندە ماڵی بـارزانی کـەڵکیان لە هەژار دیتووە، کە دیتوویانە ... ئەوە هەمموو بە عارەبی پێی‌دەڵێن " تەحسیلی حاسڵ"! من کە نێوانم لەگەڵ پـادشای قەومی خۆمدا خۆش بێت و، بەوە ئەوپەڕی قازانج بکەم بۆچی نا ؟ هەقی خۆمە، مادام کە من بە موو چاو لە هیچ شتێك نـاپۆشم کە پێوەندیی بە بەرژەوەندی نەتەوەکەمەوە هەبێت و، تـەنانەت بە زمانی زۆر وشکیش رەخنە دەگرم ... من عەقیدەم وایە کە قەومەکەم لە ژێر ئالاّی پـادشایی ئـەو رابەرەدا بەرەو نـەتەوەبوون دەڕوات و، ئەوە تاقە رێگایەکی کوردایەتییە بۆ من کە لە واقیعی ژیاندا هەیە، ئیتر کە ئەو پێوەندییە بە رێکەوت رۆژێك گرێ شەخسییەکانی سایکۆلۆجیی منیش( قەبووڵکران و پارە)ی تێدا بێت، بۆچی خراپە؟ هیچ . تەبیعەتی ژیان وەهایە .

(١٤)

ئەم قۆناغەی کە هێشتا کۆمەڵگەی کوردی تێدایە، ئەوەیە کە " سـەرۆك" تێدا هەمموو شتێکە . سەرۆك دەتوانێت " ئـەولیا"یەك بکات بە کاربەدەست و دەشتوانێت - بە پێوانەی کۆمەلاّیەتی - سـووکترین کەس بەرزبکاتەوە . دەتوانێت قـەومەکەی بخاتە مەیدانی کە ئەو ( سەرۆك) دەیەوێت و، دەتوانێت نـەك هەر رادەستی دوژمنی بکات، بگرە بیکات بە خزمەتکاری دوژمنی، ئیدی شەرعەکەی بە دەست سەرۆکە، هەیە و نیە هەر سـەرۆك هەیە و ئەوی تری ئامێرە . کەواتە، ئـەگەر هەر یـەك سەرۆك هەبێت، ئەوا باش و خراپی مرۆڤان کێشە نـانێتەوە، بەلاّم ئـەگەر - وەکو ئێستا- پتر لە یـەك سـەرۆك هەبن، ئەوا کۆمەڵگە بە ژمارەی سەرۆکەکان " ئەولیا" و" ئیبلیس"ی دەبن . هەرکەسە سەرۆك و جەماعەتی دەوروبەری سەرۆکی خۆی پێ ئەولیایە و ئەوانەی سەرۆکەکانی تری پێ ئیبلیسن و ،ئەوەش زۆر وادەبێت بە سامانێکی ئێجگار زۆری جنێو دەردەبڕێت، کە وێڕای تف و لەعنەت و سـەگباب و ئەو شتانە، کۆمەڵێك زاراوە و ناوی ئەوروپاییش دەگرێتەوە : ئیمپریالیزم و بۆرژوا و شۆڤێنیست و ئەتیك و گویلز و ... نازانمچی . کاتێك هەژار ساڵی ١٩٦٥ لە ترسی گیران لە بەغدا رایکرد و دیسان چۆوە لای بارزانی، " یـەك " سەرۆك هەبوو و، ئەو سەرۆکە هەژاری خۆش‌دەویست، کەواتە، بەیتبێژ گوتەنی " ئـەلحەملای کارمان تـەواوە"! . هەژار بەهۆی ئەو پێوەندییەی بە " سەرۆك"ـەوە، نەك هەر ئەوە کە دەیتوانی لەگەڵ گەورەئاغای ئاکۆیان"هەباس ئاغای سەرکەپکان" دابنیشێت، بگرە دەیتوانی هەر وا بە ناوی گاڵتەوە پێشی‌بڵێت : سەگباب! ( چێشتی مجێور

ل ٤٤٠) . هەژاری کە لە لاپەڕە ٧ی هـەمان کتێبدا، کە هێشتا لە " پێشەکی"دایە و، نـەگەیشتووەتە گێڕانەوەی چیرۆکی ژیانی، تاڵیی ئەزموونی لەگەڵ ئاغایاندا دەردەبڕێت کە چۆن ویستوویە دیارییەك بدات بە ئاغایەك و ئاغاکە چۆن شکاندوویەتەوە: " زۆر دڵم بە خۆم سووتا". ئەوجا لەبەرخۆیەوە خۆی ئامۆژگاری دەکات : " ئـەگەر مریشکی، بۆ هێلکەکردن لاسای قاز مەکەوە"... تۆ چ تەرەماشێکیت تا دیاری بدەیت بە ئاغا ؟ کەچی وا ئێستا لەگەڵ یـەکێك لە گەورەترین ئاغایاندا دادەنیشێت و پێی‌دەڵێت " سەگباب"! . ئەو ئاغایە بە دەمی خۆی داوا لە هەژار دەکات کە هەژار ئەو( ئاغا) و شێخ لەتیفی کوڕی پادشای سەردەمێکی کـوردستان دەعوەت بکات، ئەوە گۆڕانێکی زۆر گەورەیە لە ژیانی هەژاردا .

لەو کاتەدا کە هەژار چووە ئاوا دەعوەت و دەعوەتکاریی هەباس‌ئاغای مامەندئاغای کردووە، بـارزانی هەباس ئاغای ناخۆش‌ویستووە، تەنانەت قسەی پێ‌گوتووە و هەڕەشەی لێ‌کردووە . هەباس‌ئاغا پێوەندیی هەم بە ساواکی ئێران و هەم بە بەغداشەوە ( وبرایم ئەحمەدو تاڵەبانی و ئەوانەش) هەبوو . نێوانی هەژار لێرەدا لەگەڵ هەباس‌ئاغادا، بە پێوانەی سایکۆئانالیتیکی فرۆید ،ناکرێت کەمترین گومانی- بۆ من - تێدا هەبێت کە تۆڵەکردنەوەی ئەزموونە تاڵەکەیەتی لەگەڵ ئاغایاندا کە لە ل٧ی چێشتەکەیدا باسی دەکات .

بە من، لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە کە هەژار لە ناو نموونەکانی بەڵگەهێنانەوەیدا بۆ گەورەیی هەباس‌ئاغا، شتی وەها دەڵێت کە من بە ڕەوشتی زۆر پەستی دەبینم، کەچی هەژار پێی‌هەڵدەڵێت! کە بەڕاستی من لەوە نـاگەم ... وەك ئەوە کە ئەویش بووبێت بە یەکێك لە ئاغاکان و ئیتر بە چینەکەی خۆی هەڵبڵێت :

– عەونی یوسف میوانی ئاغا بووە،کاتێك کراسێکی پێویست بووە، داوای کراسی لە هەباس‌ئاغا کردووە . ئایا دووکانی فرۆشتنی کراس لە گوند هەبووە و عەونی نـەچووە لەوێ بیکڕێت ؟ ئەوەیان نـازانین، نووسینی هەژار نیزیکەی هـەمیشە زۆر درشت و تـەماوییە، بـەڵام لە هـەموو بارێکدا، کاتێك کەسێك شتێك داوادەکات، یا دەیدەیتێ یان نا، تۆ ئاغایت و ئەو میوانەت لە دیوەخانت قەبووڵکردووە، ئیدی تەوهین چ پێویستە ؟ هەباس ئاغا یەك پەت- پەتیی شکاندنەوە و سووکایەتیکردن بە عەونی دەکات نەبێتەوە، ئەوجا کراسی دەداتێت(چێشتی مجێور ل ٤٣٩) . هەمووی هەر شەپۆڵدانەوەی بێ‌حورمەتییە : عەونی کە ئەو سووکایەتییە قەبووڵ دەکات، ئاغا کە ئەو سـووکایەتییەی پێ دەکات و، هەژاری کە دۆستایەتیی ئەوانە دەکات و، لەگەڵیان دادەنیشێت و، ئەوەی قەبووڵە .

– هەژار دەڵێت کە هەمزە ( هەمزە عەبدوڵڵای کۆنە سکرتێری پارتی ) لە دیوەخانی هەباس ئاغادا داوای سـیغار

دەكات . ديسان نـازانين ئايا دووكانى سيغارفرۆشتن لە گوند هەبووە يان نا ، بەڵام ئيتر ئەو لە ديوەخان داواى سيغارى كردووە، هەباسئاغا "گلۆسە جگەرەى لەپێش بو، بەشى ميوانانى لێ دەدا . هەمزە داواى كرد . پاكەتى بۆ درێژ كرد . هەمزە دەستى بۆ دەبرد، دەستى دەكێشاوە و پێى پێدەكەنـى! تـاوێك مشك و پشيلەى پێكرد، ئەوسا داييە" ( چێشتى مجێور ل ٤٣٩) . ئەوجا ئەوە رەوشتى ئەو كسەيە كە هەژار پێى‌دەڵێت : "نيمچە پادشا-يەك بو(..) هەتابڵێى روح سوك و خوێن شيرين (..) سەخيەك بو كە باوكى حاتەمى تەى دەبو ورتكەى ماڵى ئەو بچنێتەوە"! ( چێشتى مجێور ل ٤٣٨) .

چەندى بەچەندى ؟ كەس لەوە دەگات ؟ كەسێك ميوانت بێت و پاكەتە سيغارێكى ئا بە ئەو جۆرە بدەيتێ، ئەوە سەخاوەتە ؟ چ موحيتێكى بێ حورمەت، يەك لە يەك بێ حورمەتتر! من بووماية نەمدەتوانى يەك تاقە رۆژيش لەو شوێنەدا بمێنمەوە و، حەقمن ئەوەشم بە سەخاوەت ناونەدەبرد . ئەوە هيچ مەنتيقێكى تێدا نيە، جگە لە سايكۆ-ئاناليتيكى فرۆيد : سايكۆلۆجيەتى هەژار تۆڵەى ئەزموونى قۆناغى مێردمنداڵيى لەگەڵ ئاغاياندا دەكاتەوە .

## (١٥)

تـەورات، كە خولاسە و دوا نەتيجەگيريى هەموو ئاينەكانى ناوەندى ديجلەو فوراتى پێش خۆيەتى، لە يـەكەم فەسڵى يـەكەم سوورەتيدا، كە ئـەسڵە عيبرييەكەى بە ناوى" بـ ريشيت " ( لە سـەرەتا)يە و كليساى مـسيحى لاى خۆيەوە كردوويە بە " تەكوين" (خلق)، لە ئايەتى ٢٦يدا دەڵێت : " و خودا گوتى مرۆڤ بە وێنەى خۆمان دروست بكەين" و دروستى كرد. بەڵام لاى يونانييەكان نـەك هەر لەوە دەكات كە مرۆڤان وێنەى خودايان بن، بگرە ئەوان بەڕاستى و روونتر ئـەوە دەخەنە بەرچاو كە چۆن خودايان وێنەى مرۆڤانن و، مرۆڤان ئـەوانيان بە وێنەى خۆيان بە شكڵى خۆيان دروست كردوون . وەكو ئەوە كە يونانى لەوديوەوە بۆى هاتبن : " حـەسەن كـەچەڵ" لەجياتى " كـەچەڵ حـەسەن"!،" با خوداكانمان بە وێنەى خۆمان، بە شكڵى خۆمان دروست بكەين" و، ماڵم هەقە دروستيان كردووە و چاكيشيان دروست كردووە . دروستكردنى لەوەى ئەوان چاكتر لە تواناداا نيە : هيچ بەرزى و پيرۆزييەك نيە لەو خودايانەدا نەبێت و، هيچ جينايەت و غەريزە و كردارێكى خراپيش نيە كە لە هەمان ئەو خودا-يانەدا نەبێت . تەواوى غەريزەكانى مرۆڤ و گۆشە و كەنارەكانى سايكۆلۆجيى كە رەوانناسێكى ئەمرۆ بتوانێت باسيان بكات، لەو خودايانەى يـونانىدا هەن . هەر وەك باسى سـزادانى مليۆنان مـرۆڤ و حـەيوانى بێگوناهى سەرزەوى لەلايەن خوداى نووحى تەوراتەوە دەخوێنينەوە، يا ئەو كوشتارەى خوداى مووسا لە بێگوناهانى ميسر،

ئەو دڵڕەقییەی خودایانی یونانیش دەخوێنینەوە . خودایەکی خانمی یونانی،هەر چونکە لەو دەشت و دەرە بە رووتی مەلەی کردووە و، زەلامێك بە رێکەوت دیتوویە و لە پشت دارێکەوە سەیری کردووە، خانم گرتوویە و هەر دوو چاوی کوێر کردووە! جا توخوا ئەوە ئینسافە ؟ ئێ خانم خودا گیان تۆ لەو دەشت و دەرە رووت و قووت دەبیەوە و ئەوە سەر رێگای منە، کە بتبینم بۆچی من خەتام کردووە ؟ بۆچی شەقێك لە خۆت نادەیت ؟ ئەو هەمووە ژن - رفاندن و گاڵتە بەیەکتر کردن و تەنانەت شێواندنی شکڵی یەکتر ( بە نەشتەرگەریی کۆسماتیکا گوێی کەریان بە سەری یەکترەوە درووە!) ... دە توخوا ئەوانە چ خودایانێك بوون ؟ وەڵام : ئەوانە " بە وێنەی مرۆڤ و بە شکڵی مرۆڤ" بوون، مەگەر دەکرا جیاواز بوونایە ؟ تەبیعی نا، مرۆڤ ئەوەیە . ئەوجا کە خودایان وەها بن، مەگەر دەکرێت پێغەمبەران لە سەرووی خودایانەوە بن ؟

هەژار، جارێك شیعرێکیساتیری بە ناوی" حەللەق مەللەق" نووسیبوو،کەکاك محەمەد مەولوودی چیرۆکنووس ( مەم) لە گۆڤاری " هەولێر"یدا بڵاوی کردەوە . کاربەدەستانێکی پارتی، کە زۆر خوێندەواریان تێدابوون، زۆری پێ تووڕە بوون و، ئەتروشیی محافزی هەولێر لە سەر ئەوە هەر ئیمتیازی گۆڤارەکەی سەندەوە و دایخست . باس گەیشتەوە سەرۆك مستەفا بارزانی . سەرۆك بارزانی ویستی شیعرەکە ببینێت،کە دیتی، هەژار ناوی کەسێکی تێدا نەهێنابوو، زۆر بەگەرمی لەسەر هەژاری کردەوە :" ئێوە خوێندەوارن و ئەوەندە هەقی شاعیر دەدەن کە قسەی خۆی بکا ؟ بە شاعیرێکی هەژاریکورد دەوێرن ؟ ئەدی بۆچی لە بەغدا وا ئازا نین ؟"... سووك و ریسوای کردن . ئەوجا کە خەڵك لە هەژاریان دەپرسی : " ئەرێ ئەوە چی بوو کاك هەژار، دەڵێن خوێندەوارەکان بە شیعرەکەت تووڕە ببوون ؟ "، هەژار دەیگوت : " شێتێکمان لە تەرەغە هەبوو، دەیکوت کارێك کە خودا پێی باش بێ، با پێغەمبەر هەر لە زگی خۆی بدا " . کەواتە، ئەگەر خودایانی عیبرانییەکان و یونانییەکان خۆیان وێنەی مرۆڤ و بە شکڵی مرۆڤ بن، ئیدی پێغەمبەرەکان چییان بۆ دەمێنێتەوە ؟ هیچ .

لێرەوە دەمەوێت بچمە ناو باسی "سولەیمانی موعینی" .

شوکری فەزلی دەڵێت :

سەرەتای ئیش هەموو یەکبوونە، ئەویش نابێ هەتا
هەر برینێ کە لە دڵدا هەیە سارێژی نەکەی .

میللەتان : ئەڵمان، فەرەنسی، ئەمریکایی، رووس، ... هەموو، دەبێت سوڵح لەگەڵ مێژووی خۆیاندابکەن، کورد و ئاسووری و ئەرمەنی و عارەب و تورك و چەرکەس و، ئیدی کە گوتمان " هەموو"، کەسی لێ دەرناچێت . با بە

جورئەتەوە باسی هەموو رابردووی خۆمان و هەموو مرۆڤایەتی بکەین و ،هەوڵ بدەین، بۆ یەکێتی بە لێکۆڵینەوەی زانستی، برینەکانمان سارێژ بکەین و، لێ فێر ببین و، بتوانین دیسان هەموومان یەکترمان خۆش بوێت . ئەوەی کە رابرد، تازە ناگەڕێتەوە، بەڵام دەکرێت زۆری لێ فێر ببین . هەر بەغوونە : ئەڵمان زۆری لێ فێر بوون، رووس و سلێمانی کەمی لێ فێربوون، ئـەگەر هیچی لێ فێربووبن، مهاباد تلپاتی تەرپش لە هیچ شتێك فێر نـەبووە و، لە دەریای هیچ فێرنەبووندا شلپە شلپییەتی . دەبێت فێر ببین . مرۆڤی سادە، بە هـەر دروشمێکی گشتیی ئاینی یا ئیدیۆلۆجی ( ئیزم و میزمی ئەوروپاییان) و، بە سایکۆلۆجیەتی " رەوە"ی مرۆڤ، لەگەڵ هەزاران کەسی تردا را-دەکات و هاواری بژی و بڕووخێ و بکوژن و ببڕن دەکات بە بێ‌ئەوە کە ئەسڵەن بزانێت بۆچی وادەکات . تۆ سەیری مێژووی ئەڵمان و سۆڤیەت و ئەمریکاو چین و ژاپۆن بکە کە لە پەنجا ساڵدا چەندهەزار مرۆڤیان بە کوشتنی چەند هەزار مرۆڤی بێ‌گوناهەوە سەرقاڵ بوون ؟ کە لێیان دەپرسیت بۆچی وایان کردووە ؟ هیچ وەڵامێکیان نیە، چییان هەبێت ؟ وەڵلا ئینشاڵلا وەڵامیشیان دەبێت! جگە لەوە کە : دەبێت سـولح لەگەڵ مێژووی خۆماندا بکەین، لێ فێر ببین . بۆچی لێرەدا دێمە سەر ئەو باسە ؟ چونکە ئەوە گرنگترین نوختەی مێژووی نێوانی بارزانی - هەژارە . بارزانی کێ بوو و بۆ وای کرد ؟ موعین کێ بوو ؟ بەرپرسیاریی مێژوویی هەژار لەوەدا چی بوو ؟ دەتوانین چی لەوانە هەموویان فێر ببین ؟

(١٦)

بارزانی، بە هاتنەوەی لە یەکێتی سۆڤیەت، قەومێکی بێ هیچ ئاسۆیەکی روونی لەبەرچاو،هێنایەوە سەر شانۆ و، ژیانی تێ‌خستەوە . عەشیرەتانی چیاکان و پێدەشتەکانی کوردستانی باشووری ناچارکردن خۆیان ساغبکەنەوە و زۆریان - بە دڵ یا ناچار- رەگەڵ خەباتی نەتەوەیی کورد بکەون . چەکدارانی عەشیرەتی" گۆیان"ی لە باکوورەوە هێنان و لە نیزیکی خۆی دانان و، خەباتکارانێکی نەتەوەیی رۆژهەڵات و رۆژئاوای کوردستان بە دەم بانگەواز-ییەوە چوون . قەوانەی یەکێتی پرۆلیتاریا و یەك دەرزەن ئیزمی کە - وەکو ئێستا- عەبدی بەشەر نەیدەزانی یانی چی، پیس داشکا و، ئەمجارە،بەهۆی سەرۆك مستەفا بـارزانییەوە، پرۆسەی کردنی قەومێك بە نەتەوەیەك کە لە دوای نەمانی پێشەواوە چەتی تێ‌کەوتبوو، ژیایەوە . کورد زیندوو بۆوە .

ئـەگەر کـۆماری کوردستان نـەڕووخایە، ئەوا حەتمەن ئەو کۆمارە دەبوو بە هەوێنی دروستکردنی نەتەوەی کورد ، بـەڵام رووخا و، ئـاڵای کورد بە تایبەتی لە ١٩٥٨ـەوە کەوتە دەستی یـەك کەسەوە کە ئەو بڕیاری درێژە پێدانی

ڕێبازی بوونە نەتەوەی کوردی بەدەستەوە بوو، ئەو کەسە : سەرۆك مستەفا بارزانی بوو .

بەڵام هێزی کورد هەرەمێك بوو کە بیناکەی لەسەرەوە بۆ خوارەوە بوو : بارزانی، دەبوو بزانێت کێ لەسەرەوەی خەڵکی شارستان کێی بۆ ژێر ئاڵاکەی کۆ دەکەنەوە : لە نێوان هەمزە و برایم ئەحمەددا هەڵبژێرێت، لە نێوان قاسملو و ئەحمەد تەوفیقدا هەڵبژێرێت، لە باکوور هەڵبژێرێت، لە ڕۆژئاوا هەڵبژێرێت ... کەسانێك لە سەرەوە هەڵبژێرێت کە ئەوان بەخۆیان و خەڵکەکانی کە هەیانبوون یا لەمەودوا بەکاریزمای ناوی بارزانییەوە دەیانهێنانە ریز، بێنە ژێر ئاڵای ئەوەوە . چونکە پارتی هەر لە دامەزرانییەوە وەها بووە، سەرۆك بارزانی لە مهابادەوە، فەرمانی دابوو کە لە کوردستانی باشوور پارتی ( بە لاسـاکردنەوەی حیزبی دیموکرات) دروست ببوو و، ئیتر بـارزانی لە مهابادەوە چووبووە سۆڤیەت، ئەو تێکەڵییەی بە ریزەکانی‌پارتی نەبوو کە دواتر دووکوڕەکەی ئیدریس و مەسعوود بارزانی هەیانبوو . وەزعی ئەو وەها بوو . ئەوانەی کە هەڵیدەبژاردن، تاقە ڕێگایەکی بەردەمی بوو، پتری نەبوو . گرنگتر- ینی ئەوانەش هەر لە یـەکەم ساڵی شەڕی سەپێندراوی چاوەڕواننەکراوەوە، پێوەندییان بە ساواکی ئێرانەوە کرد و، دوای ئەوە بوونە چەکداری هاوسەنگەری بەغدا و بنکەیان لە کەلار و بەکرەجۆ بۆ دانا . بـارزانی تـەنیا مایەوە . کوردی بەشە جیاوازەکانی کوردستان نـەخشەیەکی تێکڕاییان نـەبوو، کە هەرکەسە دەوری خۆی لەو نەخشەیەدا ببینێت . ئا لێرەدا برایم ئەحمەد و تاڵەبانی، ڕێك وەکو ئێستای گۆڕان و پیَ‌کاکا، لە ئاست ئیحراجکردن و زیان گەیاندن بە بارزانی، لە هیچ شتێك نـەدەپرینگانەوە، هەر بە ڕێککەوتن لەگەڵ پەژمانی ساواك و ئەوجا چەك بۆ بـەغداهەڵگرتن نـەدەوەسـتان، لە هـەموو بەشەکانی تری کوردستانیشدا هـەوڵیان دەدا کورد بکەن بە دوژمنی بـارزانی . تاڵەبانی، کوردی هـەموو بەشەکانی کوردستانی هان دەدان کە بۆ هەر یارمەتییەك ڕوو لە بەکرەجۆ بکەن . بەشێك لەو یارمەتییەش، دروستکردنی پێوەندی بوو بە کاربەدەستانی دەوڵەتی عیراقەوە .

ئێستا:

بارزانی دەبینێت لەپڕێکدا چەکدارانێکی قەومی کورد هەن کە فەرمان لەو وەرناگرن و، بە نەخشەی سەربەخۆی خۆیان لە سەر سنووری قەڵەمڕەویی ئەو شەڕ دەکەن، دۆستایەتییان لەگەڵ برایم و جەلالدا هەیە و،کاری بارزانی دەشێوێنن . بـارزانی پێیان دەڵێت : مەکەن . بـەڵام ئەوان دەکەن . بـارزانی، لای خۆی و کەسانی کە بڕوایان پێ هەیە، سـەرۆکی هـەموو قەومی کوردە، کوردی مهاباد یا تەنانەت ئیسکەندەرۆنە ( کە بارزانی دەیویست ڕۆژێك ببێت بە بەندەری دەوڵەتیکـوردستانی یەکگرتوو) یا قارس یا شنۆ یا هەولێر یا هەر شوێنێکی تری کـوردستان، ئـەگەر بە قسەی نەکەن و، بە پێویستی ببینێت سزایان بدات، چ فەرق دەکات خەڵکی کوێ هەن یا نین ؟ ئەو کە

کوردێکی هەولێر بکوژێت، خۆ کوردێکی مهابادیش دەکوژێت، ئەم سنووورە تەڕەماشە چیە ؟ ئەو وا چەکداری لە گۆیانی سێرتەوە بەدەورەوەیە،کـوردانێکی وەکو هەژاری رۆژهەلات و فلانی حاجۆی رۆژئاوا و فیساری کوردی لوبنان وهەموو شوێنێکی‌دنیای لا هەن، ئێستا ئەمە چیە کوردێك هاتووە و پێی‌دەلێت: نا، من لەو دیوی سنووری ئیمپراتۆریی‌عوسمانییەوە هاتووم و نابێت وەکو خەلکی‌هەولێرم بژمێریت ؟ سەرۆك مستەفا بارزانی لەوە ناگات .

بـەلام ئەی موعینی ؟ ئەو نـەیدەویست چیتر مـەنتیقی ئەوە قـەبوول بکات کە با چاوەڕێ بکات تاکو بارزانی رۆژێك لە رۆژان لە بەشێکی کوردستان تـەواو دەبێت و دەچێتە سەر بەشەکانی تر . ئـەوە چـەندە دەخایەنێت ؟ لەوبەینەدا کـورد و کوردستانی رۆژهەلاتی دوو ئەوەندەی باشوور چییان بەسەر دێت ؟ چۆن دەکـرێت تـەواوی کوردستانی گەورە تفەنگ بە رووی داگیرکەریدا بەرز نـەکاتەوە تاکو کوردستانی‌باشوور تووشی کێشە نـەبێت ؟ خۆ ئەوەتا لەلایەکەوە شا زۆر سەرکەوتووانە دەیانتوێنێتەوە و، لەلایەکی تریشەوە هەرکورد خۆی بە ئیزم ومیزمی گالتەی پـرۆلیتاریای ئیران زەمین و ئەو شتانە خۆی لە پرۆلیتاریای ئێراندا دەتوێنێتەوە . بـۆچی بۆ کـوردی بـاشوور هەیە کە یارمەتی لە ئێران وەربگرن، بۆچی کوردی رۆژهەلات یارمەتی لە حکومەتی عیراق ( راستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ لە رێگای تالەبانییەوە) وەرنەگرن ؟

لێرەدا قسەکردنی دووکەس لەبەرچـاون، کە هەرکام گوێی لە ئاست ئەوەکەی تردا کەڕە، نابیسێت، بـەلام هەر دەبینێت کە وا بـەرانبەرەکەی دەجوولێتەوە، ئیتر ئـەم بە مەیل و خەیالی خۆی دایدەنێت دەبێت ئەوە چی بلێت!

قـەومێك، بە پارچە- پارچە بوونی، ئیدی یـەك نەخشەی بۆ هیچ شتێك نیە . دەولەتان بە هێرش ئـاجێندایان بەسەردا دەسەپێنن و، دەیانخەنە شەڕانێکەوە کە ئەمان نازانن چۆن لە یەکتری تێك‌ئەندەن .

بـەلام لێرەدا، یـەك شتی زۆر گرنگ هەیە : بارزانی ئەگەر کێشەی لەگەل کوردێکی هەولێردا هەبێت،بۆخۆی دەیکوژێت و، نـایداتە دەست داگیرکەری نیشتمان، بـەلام لێرەدا کە موعینی و شـەوباش دەکوژێت، دەیانداتە دەست داگیرکەر . چۆن و لە چ قانوونێکی دنیادا هەیە کە خەباتکارێکی نـەتەوەیەك خەباتکارێکی تری نـەتەوە-کەی،کە بە تفەنگی رووبەڕووی داگیرکەر دەبێتەوە، بگرێت و بکوژێت و بداتە دەست ئەو داگیرکەرە ؟

بۆ بارزانی، خەتە سەرەکییەکە مەوزووعە، ئەوی تر وردەکارییەکانە، کە ئەگەر تاکتیکی ناچاری پێویستی بکات دەبێت بیکات . بۆ" موعینی"یش هەمان شتە : رازیبوون یان نەبوونی بارزانی بەشێکە لە وردەکارییەکان . لێرەدا دەنگێك پێویست بوو کە پێیان‌بلێت :

" نـا، ئـەوانە وردەکاری نیـن، ئەوەی ئێوە دەیکەن ئـەسلی شتە سـەرەکییەکانە و، وەك تەورێکە ناوقەدی داری

رووحی نەتەوایەتیی کورد دەبڕێتەوە، زۆر لەوە گەورەترە کە وێدەچێت ئێوە بیبینن . ئێوە قەومێکی بێ نەخشەن، لە ناچاریدا بە شێوەی کاردانەوە لە ئاست کرداری داگیرکەردا دەستتان داوەتە چەك، کەوتوونەتە پەلەقاژەی لەحزەوە، دوور لە ستراتیجێکی کە هەرکام لە ئێوە دەوری خۆی تێدا ببینێت و بە هاوئاهەنگی بە گوێرەی نەخشە-کە بجووڵێتەوە . لێرەدا دەبێت زۆر بە پارێزەوە بجووڵێنەوە، بە شێوەیەك کە کار بەوە نەگات کە ( وەکو برایم و جەلال) ببن بە هاوسەنگەری داگیرکەر لە دژی خەباتی یەکتر . "

کورد لێرەدا هیچ کۆڕێکی نیە، شەخسی بارزانیی تاك و تەنیا و دوو کوڕەکەی هەن، موعیین و چەند کەسێك لەگەڵدا کە هیچ نەخشەیەکی مەنتیقی و توانایەکی دەست پێکردنی شۆڕشێکیان - کە هەر وەك زۆر زوو روون بۆوە - نیە .

لێرەدا، هەژار حەقەن دەیتوانی دەورێکی مێژوویی ببینێت و ... زۆر بەداخەوە، رقی هەژار لە موعیین لە خۆشەویستیی هەژار بۆ کورد و بارزانی زۆر پتر بوو . حەیف .

(١٧)

سەرۆك مستەفا بارزانی، ساڵانێکی نە کەم نەخۆش بوو، تەنیا بوو و، من ئاگام لێ نیە بۆ بڕیارەکانی راوێژی بە کەس کردبێت . دەکرێت هێندێك جار بیروڕای هەژاری لە شتێکدا پرسیبێت . ناکرێت ئیدریس هەموو ورد و درشتیکاری پێڕاگەیاندبێت،نازانم سەرۆك بارزانی لەپشت فلتەری ئیدریسەوە چەندە ئاگاداری دنیای راست و چەندی هەر لەوە زانیوە کە ئیدریس بە باشی زانیوە کە بیزانێت( من ئاگام لە شت هەبووە کە ئیدریس بە ئەمانەت نەیگەیاندووە، چەواشەکاریی تێدا کردووە، دیارە ژیانی تایبەتیی خۆیشی بەتەواوی لێ شاردووەتەوە) . بەڵام هەژار لە هەر لەحزەیەکدا دەیتوانی بچێتە لای بارزانی و قسەی دڵی خۆی بڵێت .

هەژار، ئەوەی کە لە باسی" موعیین"دا لە چێشتی مجێوریدا دەیڵێت، شتێکە ئەگەر هەوڵ بدەم زۆر بێ ئەدەب نەبم، بریتیە لە " هیچ " . هۆڵەندی زاراوەیەکیان بۆ ئەوە هەیە واتا " بای سوورکراوە"! . مرۆڤ " با" لە رۆندا سووربکاتەوە چی لێ دەردەچێت ؟ باسی موعیین لە چێشتی مجێوردا، ئەوەی لێ دەردەچێت . بە دەگمەن هەژار لەو چێشتەیدا هیچ بەدەستەوە دەدات... زۆر حەیف هەژار، حەیف . ئەو رقەی هەژار لە موعیین چی بووە ؟ نازانم .

هەژار کە پۆپولیستێکی زۆر زیرەك بوو و، من لە شیکردنەوەی سایکۆلۆجییدا تێیگەیشتووم کە قەبووڵکران و پارە دوو کۆڵەکەی سایکۆلۆجییەتی هەژار بوون، هەژار لەوەشدا گوێی بەوە نەداوە کە وا بە خراپ باسکردنی

موعیین لە چێشتی مجێوریدا دڵی خەڵکی مهاباد لە خۆی بڕەنجێنێت . ئەوە کە ئاستی هۆشیاریی خەڵکی مهاباد ئێستا چۆنە، کاری بەم قسەیەی من نەداوە، من لێرەدا باسی" موعیین" لە " چێشتی مجێور"دا دەکەم، باسی هۆشی کوردستانی ڕۆژهەڵات و زۆر بەتایبەتی" مهاباد"ی، ئەمە باسی ترە، من لێرەدا باسی نێوانی " بارزانی-هەژار" دەکەم و، هەر لەبەرئەوەش بوو کە هاتمە سەر ئەوە باسی موعیین لێرەدا بکەم .

لە " چێشتی مجێور" :

" ڕۆژێك کە بۆ کاری چاپخانە، کە ئەودەم لە سورەبان بوین، چومە ماڵی بارزانی . گوتی ئەگەر بتەوێ دەتوانی فایق موعیین ببینی و قسەی دەگەڵ بکەی، با هەرچی دەیزانێ (..) پێمان بڵێ، دەنا ئەوە ئێرانی داوای دەکەنەوە و لە خەتەردایە .

چومە ( وەسان) . فایقم دیت کە دەگەڵ پێشمەرگەیەك بە ناوی خەلیل شەوباش (..) حەبس کرابوو . گوتم ئەگەر هاوکاری لەگەڵ شۆڕشی بارزانی نەکەی، زۆر لە چارەنوست دەترسم، گوتی : « ئەوانە یاریدەمان نادەن، تەنانەت برینداریشمان بۆ دەرمان ناکەن، حازر نیم هیچ هاوکاریەك بکەم ...» . گوتم « ( ..) زۆریش بۆ ئایندەت دڵتەنگم، بەڵام دەستم ناڕوا، ئەوەندەی بتوانم حەولی خۆم دەدەم کە لە کوشتن ڕزگار بی» . بە مەلا مستەفام گوت : « بە بڕوای من بە هیچ جۆر نابێ ئەو دو کەسە نە بکوژی، نە بیاندەیەوە بە ئێران (..) بە هیچ جۆرێك دڵم فتوا نادا کە تەسلیمی ئێران بکرێنەوە، چونکە لە دژی تۆ تەبلیغاتی پێ دەکەن، وەك چەند جار کردویانە ... » . (..) دوایی بیستمەوە کە فایق و شەوباش کوژراون و لاشەکانیان دراوەتەوە بە ئێران " ( ل ٤٩٥-٤٩٦) .

کەواتە :

هەژار" بە ڕێکەوت" کە بۆ کارێکی چاپخانە چووەتە لای بارزانی و، بارزانی وای پێ گوتووە، ئەوجا پێی‌زانیوە کە موعیین گیراوە ؟ بۆچی وا درەنگ ؟ خۆ هەموو سلێمانی لە یەکەم ٢٤ سەعاتی دوای گیرانی موعیین‌دا بەو گرتنەی زانی و، منیش لە بەغدا دوای دوو یا سێ ڕۆژ پێمزانی . چۆنە هەژار هەر تەنیا کاتێك بە کاری چاپخانە ڕێگای کەوتووەتە لای بارزانی ئەوجا زانیویە ؟ ئەگەر پێشتر زانیبووی، بۆچی بۆمان باس ناکات، بزانین چۆنی لە کێ بیست و کاردانەوەی چی بوو ؟

ئێستا کە بارزانی پێی گوت کە وا موعیین گیراوە، چۆن هەژار هیچی پێ نەدەکرا ؟ هەر هەژار لەو چێشتەیدا بۆمان دەگێڕێتەوە کاتێك قانیع گیراوە، بارزانی چووەتە لای حاکمی عەسکەریی گشتی ( أحمدصالح العبدی و پێی‌گوتووە: یان ئێستا منیش حەبس‌دەکەن یان قانیع بەردەدەن (چێشتی مجێور ل ٣٥٤) . ئێ تۆش لێرە دەتتوانی

بڵێیت :" بارزانی منیش لەگەڵ موعینیدا بگرە، چونکە ئابڕووی منیش ئێستا بە چارەنووسی ئەوەوە بەندە". نەك لەبەرخاتری شەخسی موعینی کە ئاشکرایە تۆ زۆر رقت لێیەتی، نە لەبەر ئابڕووی خۆشت، نا، بەڵام چونکە تۆ وا دەبینیت بەوە خەنجەرێك لە جەرگی نیشتمان دەکەوێت،بڕیارێکی زۆر هەڵەی بارزانی وا رۆژهەڵاتی جەرگی دایك لە باشووری دادەبڕێت، چۆن هیچت لەدەست نـەدەهات ؟ ئەی چۆن ساڵی ١٩٦٤ هەر وازت لە بارزانی هێنا و چوویەوە بەغدا ؟ لە چێشتی مجێوردا دەخوێنینەوە چۆن لەسەر رێککەوتنی بارزانی لەگەڵ" عبدالسلام عارف"دا تووڕە بوویت و، تەنانەت سەرۆکی حەرەسی بارزانی بە هەڕەشەوە رووی تێکردوویت ؟ ( چێشتی مجێور ل ٤٤٥-٤٤٦) . شتێك کە حەقمە دەبێت هەژار زانیبێتیت نەتیجەکانی" بۆ کورد" چەندە کارەسات دەبن ( نـەك" چونکە لە دژی تۆ تەبلیغاتی پێدەکەن")، باسی هەر ئەوەندە بووە،لەوە پتر نەبووە ؟ مەعقوولە؟ ئەی ئێمە دەبیسینەوە کە: هەژار بە بارزانیی گوتووە« موعینی بە زیندوویی تەسلیم مەکەوە، چونکە بەرگەی شکەنجە ناگرێ و ئیعتیراف لەسەر خەڵکی زۆر دەکا »... وا بووە یا خەڵك لەخۆیەوە ئەمەی دروست کردووە ؟

ئەوجا بڵێین هەژار وەك هەر پیاوێکی ژێرفەرمانی سەرۆك بارزانی چووەتە لای موعینی تا فەرمانێکی بارزانی بەجێبهێنێت ( کە لێرەشدا دەیتوانی بڵێت حەز نـاکەم بچم، چونکە بە شێوەی فەرمان پێیی نـەگوتووە، پێیی گوتووە " ئەگەربتەوێ دەتوانی") . ئەوە بەنیسبەت بارزانی، ئەی هەژار لای موعینی چ هەوڵێکی دا تاکو ئاوێك بە ئاگردا بکات ؟ هیچ شتێکی جیددیی هەوڵ نەدا، بگرە ئەوەندەی دی قوڕەکەی شێلا .

بەنموونە دەیتوانی هەوڵ بدات بە ورووژاندنی هەستی بەرپرسیاریی کوردایەتی بیجووڵێنێت :

" چاوەکەم فایق گیان، تۆ لە سەدا سەد راستیت، بـەڵام بەرژەوەندی کورد لای تۆش حەقمە لە سەرووی هـەموو شتێکە، بیهێنە بەرچاوت بارزانی تۆ بکوژێت یا رادەستی ئێرانت بکات، قازانج و زیانی ئەوە بۆ کورد لێك- بدەرەوە، خۆ ئێستا ئـەگەر ئەوە روویدات مەگەر کێ جگە لە دوژمنت ، فایدەیەك لەوە دەبینێ ؟ جگە لە زیانی گەورە چیی دیکەی بۆ کورد تێدایە ؟ کە بارزانی بیر لەوە نـاکاتەوە، تۆ بیری لێ بکەرەوە و، پیشانی بدە کە تۆ لێرەدا پتر فریای یەکێتیکورد و کەلەبەر تێنەکەوتنی دەکەویت، ئەوە نوختەیەکی مێژوویییە بۆ تۆ و بۆ رۆژهەڵات لەم رۆژەدا. نموونەی مێژووییم بۆ دەهێنایەوە : چەندە لەو ئەفسەرانەی ستالین کە لە دادگا ئیعتیرافیان بە جاسوو- سی بۆ" کاپیتالیزم" کرد، کە نـە جاسووس بوون و نـە هیچ، لە دڵسۆزترین دڵسۆزانی حیزبی کۆمونیست بوون، پێشەکی دەیانزانیکە هەرئیعدام دەکران، دژی ستالین بوون و لێشینەدەترسان، ئەمنا رووبەڕوو ئیعتیرازیان لێ- نەدەگرت، بەڵام لە دادگا بە مەیلی ستالین درۆیان کرد، بۆچی ؟ چونکە دەیانویست رژێمی حیزبی کۆمونیست

لەو رۆژەدا تووشی کێشەی گـەورە نـەبێت، دڵیان لای مانەوەی حیزبەکەیان لە حوکمدا بوو و، تاقە رێگایەکی کە لە بەردەمی خۆیان دەدیت، لە بەرانبەر ستالینێکی کە بۆ دەسەڵاتی شەخسیی منەتی بە چـارەنووسی کـۆمونیزم نـەبوو، هەر ئەوەبوو . خۆیان پێ راست بوو، بـەڵام لە واقیعی ژیانی سیاسەتدا کە دەگەیتە دووڕییانێك دەبێت وەڵامی ئەو پرسیارە بدەیتەوە : کامە رێ لەو دووانە کێ بە کوێ دەگەیەنێت ؟ خۆ - بە بێ بەراوردی بارزانی بە دوژمن - پێشەوا باشترین بڕیاری بۆ قەومەکەی لە هەلومەرجێکدا لە تەسلیمبوونی تەواودا دیتەوە و، راستیش بوو، هەلومەرجەکە وەها بوو ".

ئـەگەر من لە جێگای هەژار بوومایە، بە لێشاو نموونەی مێژووییم بۆ دەهێنایەوە کە بە گـونجانی لەحزەیەکی لەگەڵ بـارزانیدا، کارێکی قارەمانانە دەکات نـەك ترسنۆکی . هەژار، لەجیاتی ئەوە،دادەبەزێتە سەری، دەیەوێت بچووکی بکاتەوە، کە بەتـەبیعەتی حاڵ مـەگەر هەر رووبەڕووبوونەوەی موعینی لەبـەرانبەردا چـاوەڕوان بکەین . تـەنانەت ئـەگەر هـەموو ئەو قسانەی هەژار بۆ شکاندنەوەی موعینی راستیش بووبن یا بووبان، تـۆزقاڵێك لە مەسەلەی جەوهەری لێرەدا نـاگۆڕن . مەسەلە ئەوە نیە موعینی چیە یا چی نیە، بارزانی چیە یا چی نیە . مەسەلە ئەوەیە کە ئێمە لەسەر لێواری رووداوێکین کە زیانی زۆر گـەورە لە رووحی کـورد دەدات و، ئـەرکی سەرشانی ئێمە ئەوەیە کە بە هەموو شێوەیەك پێشی پێ بگرین .

ئەوجا هەڵوێستی هەژار دوای ئەوە کە موعینی و شەوباش بەوجۆرە کوژران و تەسلیم کرانەوە، چی بوو ؟ هیچ ؟ هەژار کۆمەڵێك سـیفەتی خراپ دەداتە پاڵ موعینی، کە مامۆستا مەلا رەسووڵی پێشنماز بە بەڵگە و شـاهیدیی کەسانێکی کە هێشتا ماون بەرپەرچیان دەداتەوە .

چێشتی مجێور، زۆر راستیی تێدا هەن، زۆر درۆ و دەلەسە و بـوختان، زۆر لە زۆر شـت . بە نیسبەت شـەهید "موعینی"یش : " بای سوورکراوە"ی تێدایە، نە پتر .

نەتیجەگیریی دواییمان لە پێوەندیی بارزانی- هەژار لێرەدا مەگەر هەر وەها خولاسە بکەینەوە کە : ئەو پێوەندییە لە مەسەلەی شەهید "موعینی "دا هیچ بەرهەمێکی باشی نەبووە .

## (١٨)

بە رێککەوتنی ١٩٧٠ی بارزانی و حکومەتی عیراق، هەژاریش زۆر بووژایەوە . لە سایەی سەرۆك بارزانی، بوو بە سەرۆکی " یەکیەتی ئەدیبانی کورد"، ئەندامی ئاکادیمیای کوردی و، پارەیەکی زۆری بە زۆر شێوە لە کۆبوونەوە

و کتێبان وەدەست کەوت و، دەعوەتی رەسمیی مۆسکۆ و پاریسیشی پێ برا . خۆی باسی ئەوانەی نووسیوە و، دەڵێت چۆن دەوڵەمەند بووە . هەژار، وێڕای ئەوانە، سەد دیناری مانگانەشی لە حکومەتەوە بۆ بڕایەوە . ئەوە هێڵی سەرەکی و خولاسەی نەتیجەکەیەتی . ئەوجا کە بێینە سەر وردەکارییەکانی، ئەوا رەنگە قەت نەتوانین بزانین ئەو وردەکارییانە چۆن بوون، چونکە هەژار لە چێشتەکەیدا زۆری دەستکاریی‌کردوون، ئەوەی کە لە چێشتی مجێوردا هەیە لەوەی کە من لێم بیستووە جیاوازە . بۆ سەد دینارە مانگانەکە بەڤوونە :

" هەژار بە منی گوت کە خۆی بە بارزانیی گوتووە : وا جەواهیری هاتووەتەوە عیراق و سەددام ١٥٠ دیناری مانگانە بۆ بڕیوەتەوە، من کوردم و هیچیان بۆ نەبڕیومەوە، بارزانی گوتی من پێیان دەڵێم معاش بە تۆش بدەن، ئەوجا بە سەددامی گوت، سەددام دەستبەجێ گوتی: مانگانە بۆ ئەویش سەد دینار(هەژار دوای چەند حەفتەیەك لە تەلیفۆن و تکاو رجا لە سەباح میرزای مرافقی سەددام، بۆ بەجێهێنانی فەرمانەکە، ئاخری بۆی بەجێ‌هات ) .

دە هەژار داوی ئەوەی لە چێشتی مجێوردا وا تێکەڵ بە چیرۆکی تر کردووە، کە من بۆم هەڵناکرێتەوە . ( من لە سەرەتای بەشی ٨ی ئەم نووسینەدا گوتم کە گومان لە چیرۆکی خانوو وەرگرتنەکەی بەغدای دەکەم و، گوتم دواتر دەڵێم بۆچی گومانی لێ دەکەم، مەبەستم ئەمە بوو ) .

هەژار نێوانی لەگەڵ محەمەد مەولوود(مەم)ی چیرۆکنووسدا زۆر خۆش بوو، لەگەڵ محەمەدی مەلا کەریم و کەمال مەزهەریشدا خۆش بوو، لەگەڵ مەلاشکور و مەسعوود محەمەدیشدا خراپ نەبوو ( زۆر باشیش نەبوو) . ئیتر لە دنیای ئەدیبانی باشووری کە هەژار نێوانی لەگەڵیاندا ناخۆش نەبوو، ئێستا هەر ئەوەندەم لەبیرە . ئەوانەی تری کە نێوانیان لەگەڵ هەژاردا ناخۆش بوو، لیستێکی درێژ دەگرێتەوە .

هەژار تا تووشی دکتۆر عیزەدین بووبا، زۆرتر وابوو کە جنێوی بە دکتۆر دەدا و، تەبیعی دکتۆریش زۆر رقی لەو بوو و، کۆنگرەی یەکێتی ئەدیبانی لە هەولێریشی - وەك مناسەبەی تری پێشتر- بۆ هێرش کردنە سەر هەژار بە هەل زانی . لە هێرشیدا، شتێکی بەو مانایە گوت کە هەژار هی ئەوە نەبووە کە ببێت بە سەرۆکی " یەکیەتی ئەدیبان" بەڵام بەهۆی " بارزانی"یەوە ئەو شوێنەی گرتووە . قسەکەی زۆر دیپلۆماسیانە نەکرد، هەرچەندە ئەو وەکو هەژار جنێوی نەدەدا، بەڵام دیسان هەر وشەکانی زیرەکانە هەڵنەبژاردبوو و، بە شێوەیەك گلەیی لە بارزانی یش دەگرتەوە . خەڵك، حەقمەن بە زێدە ترش و خوێوە، قسەکەیان گەیاندەوە بارزانی . بارزانی دکتۆری گرت و ویستی سزای بدات، بەڵام هەژار ئەمجارەیان زۆر بەجیددی هاتەپێشەوە و توانی بارزانی پەشیمان بکاتەوە و،

دکتۆری لەدەست دەربهێنێت .

ئەو شەڕەی نێوان هەژار و دکتۆر عیزەدین، هەمیشە خەتای هەژار بوو، چونکە هەژار زۆر جلّف لەگەڵیدا دەجووڵایەوە و دەیوروژاند، ئیتر وا لێرەدا بەسەر دیوەخانی سەرۆك بارزانی‌دا شکایەوە . هەژار، بارزانیی خستە ئەو وەزعەوە کە دکتۆر عیزەدین بگرێت و، خوا رەحمی‌کرد ئەینا دەکرا ئەوەش بووبا بە شتێکی زۆر ناخۆش بۆ مێژووی سەرۆك بارزانی . بارزانی ئەو هەمووە خێرەی بۆ هەژار هەبوو و، هەژاریش وا لێرەدا تووشی وەزعی وەهای دەکرد .

بە دەستپێ‌کردنەوەی شەڕ (١٩٧٤) ئیدی ژیانی هەژاریش لە بەغدا کۆتایی هات و بەزوویی دوای ئەوە دەست بەسەر ملك و ماڵی بەغدایدا گیرا .

هەژار، بەگوێرەی چێشتی مجێور(ل٥٥٣)، بە قسەی سەرۆك بارزانی رازی بووە کە لەگەڵیدا بچێتە ئێران. یانی چی ؟ یانی هەژار ئیتر تەنیا لە چوارچێوەی فەرمانی رۆژانەی سەرۆك بارزانی‌دا هەڵوێستی لە پێوەندیی بە ئێران دەگرت، خۆی شتێکی لە دەرەوەی ئەوەی نەبوو . ئەوجا سەرەتاکانی یەکەم مانگی ١٩٧٥ لەگەڵیدا دەچێت .

شۆڕشی بارزانی، ١٩٧٥ هەرەسی هێنا ( هەژار لە شوێنێکدا پێی‌دەڵێت " ئاش بەتاڵ) و، لێرەدا شتێکی سەیر لەبارەی قسەی نێوان سەرۆك بارزانی و خۆی دەگێڕێتەوە، کە گوایا نەیویستووە لەگەڵ بارزانی بچێتە ئێران! ( چێشتی مجێور ل٥٥٥) . چۆن ؟ مەگەر تۆ ئێستا لە لاپەڕە ٥٥٣دا پێتنەگوتین کە پێش هەرەسەکە لەگەڵ بارزانی‌دا "چووبوویتەوە" ؟ ئەدی ئەوسا بۆچی چووبوویتەوە و ئێستا نەتدەویست بچیتەوە ؟ ئەم هەموو قسە دووروودرێژەی بارزانی بۆ هەژار تاکو وازی لێ نەهێنێت، حەقەن ئێجگار زۆر لەوە جیاوازە کە لە ماڵ گێڕایەوە . لە ماڵ بەمجۆرەی گێڕایەوە :

" بارزانی گوتی هەژار تۆ خۆت دەزانی دەتەوێ لەگەڵ من بێیەوە یان نا ، ئەوە قەراری خۆتە، تەبیعی ئەگەر وازم لێ بهێنی، خەڵك دەڵێن بارزانی ئەوەندە خراپ بوو کە هەژاریش وازی لێ هێنا ، بەڵام پیاو دەبێ هەر ئەوەی خۆی بە باشی دەزانێ بیکا . تۆ قەراری خۆت بۆ خۆت هەرچی بێ، من بە هەرچیی لە دەستم بێ یارمەتیت دەدەم" .

هەژار لێرەدا گوتی : ئەو قسەیەی " خەڵك دەڵێن بارزانی ئەوەندە خراپ بوو کە هەژاریش وازی لێ هێنا" کاری-تێ‌کردم و بڕیارم دا لەگەڵی بچمە ئێران . سەرتاسەر قسە و باسی کە یەکتر ناگرنەوە و، ئەو هەمووە خوتبەیەی بارزانی ( ل٥٥٥-٥٥٦ی چێشتی مجێور) تا هەژار بەجێی‌نەهێڵێت، حەقەن و لە سەداسەد و بە تەلاق بوختانی

هەژاره بە بارزانی . حەیف هەژار . حەیف .

هەژار هەوڵی لەگەڵ من دا کە بچم خۆم تەسلیمی بەغدا بکەمەوە و خۆم لەگەڵ حکومەتدا" بگونجێنم" ( یانی چی ؟) تا بەڵکو بتوانم پارە و ملك و ماڵەکەی لە بەغدا بۆ وەدەست بهێنمەوە، کە تەبیعی بەقسەم نەکرد و، بەوە خۆم تووشی شەڕێکی نوێ کرد لەگەڵیدا .

بە هەرەسی ١٩٧٥ی شۆڕش، قۆناغی ژیانی نوێی هەژار لە ژێر سێبەری رژیمی شای ئێران و ئەوجا خومەینیدا دەستیپێکرد . هەژار ئیتر گەڕایەوە ژیانی ئاسایی و، بە خەباتی سیاسیی گوت : بای - بای . بەڵام دەیویست هیچی لەوەی کە بینای کردبوو لەدەست نەدات، بگرە زۆری لەسەر بینا بکات . لە سایەی بارزانیدا، ڤیللایەکی وەرگرت و، بە زوویی لە دوا سەردەمی بەغدای پتر بووژایەوە و دەوڵەمەندتر بوو .

سەرەتای ئەم قۆناغە، خەڵکی مهاباد قسەی ناخۆشیان پێ دەگوت، تەنانەت بە شیعرهەجویان دەکرد، بەڵام هەژار زۆر زیرەك بوو و، گاڵتەی بەو قسانە دەهات . بە زوویی باشترین نێوانی لەگەڵ " هەموو" لایەکی سیاسیدا زۆر باش کرد: حکومەتی ئێران و قاسملو وعەرش و قورش ( تەبیعی وێڕای پاراستنی نێوانی لەگەڵ ماڵی بارزانی-یش) . ئەو نێوانە، بۆ هەرتك کوڵەکەی سایکۆلۆجیەتی هەژار : پارە و قەبووڵکران زۆر پێویست بوو . هەژار بە نێوانی باشی لەگەڵ پادارانذا ( کاربەدەست و سەرۆك و رابەران)، ئیدی بێپایەکان ( جەماوەر)یشی خستەوە کۆشی خۆی .

لەم دوا قۆناغەی دەوڵەمەندبوونیدا بوو کە" سەید رەسوولی بابیگەورە" گۆڕی سەرۆك بارزانیی بۆ بەعسییە-کان هەڵدایەوە و، حیزبیدیموکرات- نازانم بۆچی- شەڕی سەید رەسووڵ و پارتیی کردە هی خۆی و، ئەوە کێشەی دەخستە پێش هەژار : دەبوو لە نێوان قاسملو و بارزانیدا یەکێکیان هەڵبژێریت .

هەژار ئەگەر سەید رەسووڵی مەحکووم بکردایە، ئەوا قاسملوی لە دەست خۆی دەدا و، لە نەتیجەدا بێپایەکانی موکریانیش دەکەوتنەوە هەجوکردنی و دەگەڕایەوە سەر حوللەی مەرەسێ، ناچار - ئیننا لیللا- بە شێوەیەکی زیرەکانە چاوی لە حەقیقەتی رووداوەکە پۆشی و، خەتاکەی خستە سەر مەلایەکی نازانم کێی خەڵکی کوێ و، بەوە خۆی پەڕاندەوە . هەژار بەوە : هەرتك پارە و قەبووڵکرانی پاراستن و، شەرمی لەو سەرۆك بارزانییە نەکرد کە - بە قسەی هەژار خۆی - هەژاری لە پەڕۆیەکەوە کردبوو بە ئاڵایەك، لە هەژارێکەوە کردبوو بە دەوڵەمەندێك، لە پەرپووتێکەوە کردبوو بە گرنگ و دەسەڵاتدارێك . حەیف هەژار . حەیف .

دوو رابەری شەهید دکتۆر قاسملو و کاك ئەحمەد تەوفیق،هەرتك، ماوەیەك لە بەغدا ژیاون و، من لەوێ ناسیومن . جگەلەوە، من سێ جار دکتۆر قاسملوم لە شوێنی تر دیتووە : دوو سەعاتێك لە هۆڵەندا، کە لەگەڵ دکتۆردا(وێڕای نەسرین خانمی هاوسەری) لە ریستورانێك بۆ قسەکردن کەڵکمان لێ دیت؛ جارێك بیست دەقیقەیەك لە بارەگای حیزبی دیموکراتی کوردستان لە مهاباد، کە من بەسەردان چووبوومە لای کاك ئەمیری قازی، دکتۆر بە رێکەوت وەژوورکەوت، کە منی دیت هات و لامان دانیشت و پێکەوە بە دەم چاخوارنەوەوە کەمێك قسەمان کرد؛ ئەوجا دوو سەعاتێکیش لە مالی دکتۆر شەرەفکەندی لە تاران، کە من بە رێکەوت لەوێ بووم و دکتۆر قاسملوش هاتە ئەوێ بۆ لای دکتۆر شەرەفکەندی و دوای نانی نیوەڕۆ هەژاریش پەیدا بوو .

من لە بەغدا نێوانم لەگەڵ قاسملودا نەبوو، بەڵام هاتوچۆی ئەحمەد تەوفیقم دەکرد، ئەویش دەهاتە لام و، پێکەوە دەردەچووین و، دۆست بووین . من هەمیشە رەخنەم لێ گرتووە و، ئەو کە وا ناسرابوو کە رەخنەی لە کەس قەبووڵ نەبوو،گوایا دەیویست هەر ئەو خۆی هەموو رەخنەیەك لە هەموو کەس بگرێت و کەس نەوێرێت هیچ رەخنەیەك لەو بگرێت، بەڵام ئیتر هەرچۆنێك بوو، رەخنەی لە من قەبووڵ دەکرد و، لە شوێنی جگە لە بەغداش نەمدیتووە تا بزانم ئەگەر لەوێ رەخنەم لێ بگرتایە کاردانەوەی چۆن دەبوو .

حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئەوەی کە ئەو دوو شەهیدەمان تێدا رابەر بوون، سەرەتا لقی حیزبی تودەی ئێران بوو کە ئەو ناوەی بۆ هەڵبژێردرابوو( لقی تودە لە ئازەربایجانیش ناوی فیرقەی ئازەربایجانی لێ نرابوو) و دوایی لە تودەی دایکی سەربەخۆ ببوو . قاسملو و ئەحمەد تەوفیق دوای سەربەخۆبوونی رێکخراوەکەشیان لە تودە، سەرەتا هەر وەفادار بە مارکسیزم مانەوە و، هەرتکیان بەڵام بە جیا بە ناوی دوو" کۆمونیست" چوونە پراگ ( پایتەختی - ئەوسا- چیکۆسلۆڤاکیا) بۆ گفتوگۆ لەگەڵ هەڤاڵانی بزووتنەوەی کۆمونیزمدا . هەرتکیان دەیانویست " حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران" بە ناوی پارتێکی کۆمونیستی تایبەتی‌کوردستانی ئێران لەلایەن کاربەدەستانی کامپی سۆڤیەتەوە قەبووڵ بکرایە . ئەوسا، ئەوە بۆ فەرهەنگی سیاسیی چینی ناوەندی قەومی‌کورد، هەنگاوێکی زۆر پێشکەوتوو بوو . گەڕاندنەوەی رەوڕەوەی مێژوو، بە عەقڵی ئێستا، وەکو ئەوە کە بڵێین بۆچی سوڵتانی عوسمانی کۆمپیوتەری بەکارنەهێنا ؟! چەندە قسەیەکی بێ‌جێیە، داواکردن لە قاسملو و ئەحمەد تەوفیق کە لە سەرووی رۆژگاری‌خۆیانەوە بیریان بکردایەتەوە، یا ئەوە کە سەلاحەدین دەبوو کوردایەتیی وەکو بارزانی بکردایە ... ئەمانەش قسەی ئەوەندە منداڵانە و بێ‌جێن . هەر قۆناغەی مێژوو فەرهەنگی خۆی هەیە .

نەتەوایەتیی کورد، بە پێچەوانەی نەتەوایەتیی ئەوروپاییان، سەدەی بیستەم، لەپڕێکدا، زۆر لەپڕدا، گیرفانەکانی خۆی بەتاڵ و حەتاڵ دیتەوە، ئەسپێ تێدا سەوزەڵێی بۆ دەلێت! هیچ، سیفر، بۆچی؟ چونکە ئەوروپایی کاتێك دوای شۆڕشی مەزنی چینیناوەندی سەدەی هەژدە ئاڵای دەوڵەتی نەتەوایەتییان بەرز شەکایەوە، ئەو نەتەوایەتییە-یان هەر سەربانێك بوو دەخرایە سەر خانوویەك کە زۆر سەدە بوو خەریکی بیناکردنی بوون. ئارشیفی دەوڵەمەند و ئـەزموونی هەزاران کادیری هەموو کۆڵەکەکانی دەوڵەت لە ئەمارەتەکان و ئیمپراتۆرییەکاندا دروست ببوون و، ئێستا تەنیا دابەشکردنەوەیەکی چاوەکانی خانوو و، داپۆشینیان بە میچێکی نوێ و بەرگێکی نوێ لەکاردا بوو، ئەینا هەموو شتیان بۆ دەوڵەت هەبوون. هەمان دەوڵەتانی کۆن پەرەیان سەند و کەوتنە قۆناغی نوێوە. لای کورد وا نەبوو، داری دەوڵەتی کورد، لە ناوەندی سەدەی نۆزدە، بە تەورێك لە ناوقەدەوە بڕدرایەوە و، نەتەوایەتیی کورد دوای ئەوە دیسان مەگەر شتڵی نوێی بڕواندایە، چونکە هیچی نەمابوو تاکو پەرەی پێبدات. ئەوجا رووحی کورد ویستی لە رێگای تەریقەتەوە دیسان ببووژێتەوە. شێخی‌نەهری، شێخی پیران،بەرزنجی، شێخ بابا و- بەشێوەیەك-شێخانی بارزانیش هەوڵی خۆیان دا، کە لە داروپەردووی وێرانەی رابردوو (عەشیرەتانی ئەمارەتانی شیرازەپچڕاو و ئەوجا تەکیە و خانەقا و ئیدی) دەوڵەتی نەتەوایەتیی کورد بە دروشمەکانی تەریقەت بهێننە سەر شانۆی نـەتـەوە-کان. کاتێك ئەوانە هەموو بە شکست گەیشتن و، یەك هەوڵی سەربەخۆی عەشیرەتی سمکۆش بە کارەسات کۆتایی هات، ئیتر رەگوڕیشەی سیاسیی نەتەوایەتیی‌کورد هەڵکێشرا و هیچ - هیچی پێوە نەما، تەواو بوو، دەرگا داخرا و، جارێ فنیتۆ.

چینی ناوەندی کورد، واتا ئەو کوردانەی کە پێبەندییان بە نەزمی عەشیرەتی و بە شێخانی تـەریقەت نـەما و، بیریان لای کۆمەڵگایەکی نەتەوایەتیی سەرووی‌عەشیرەت و تەریقەت بوو، لە دوای نەمانی‌عەشیرەت و تەریقەت، ئیتر دەبوو لە سیفرەوە دەست پێبکەن. وەك ئەوە بوو کە لە پڕێکدا بەیانییەك لەخەو هەستن و ببینن هیچیان نیە و، بچن لە چوارچێوەی میراتی عوسمانی و ئێراندا شتێك وەدەستبهێنن. ئەوانە بە تەبیعەتی حاڵ زۆر بێهێز بوون. شەڕی‌جیهانیی‌دووەم هەلی‌کۆماری‌کوردستانی هێنایە پێشەوە،کە ساڵێکی تەواو نەکرد و ئەویش کۆتایی هات. دوای ئەوە، کاتێك ئـاینی نوێی مارکسیزم وەکولافاو هات و، بـەڵێنی سـیحری بـەهەشتی بۆ هەموو قەومان و نەژادان هێنا، دروشمی نەتەوایەتیی کورد زۆر لەوە بێهێزتر بوو کە بیتوانیبا خۆی لەبەر بگرێت.

لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا، پرۆسەی زیندووبوونەوەی سیاسیی زۆربەی چینی ناوەندی نەتەوایەتیی کورد بەمجۆرە بوو: لەپێـشدا بوونە کـۆمونیستی یـەك هـەمان حیزبی‌کـۆمونیستی دەوڵەتی داگیرکەری کوردستان.

ئـەوجا کەوتنە جموجووڵ بۆ شوێنێکی جیاوازی کورد لە چوارچێوەی ئەو حیزبەدا، ئـەوجا جیابوونەوەی بە نـاوی حیزبێکی مارکسیست لینینیستی سـەربەخۆ لەو یـەك حیزبە کـۆمونیستەی دەوڵەتی داگیرکەر. ئـەوجا، دوای ئەوانە، ئەم حیزبە کورد و کوردستانییانەی کە ئێستا دەیانبینین. پەیژەیەکی ژیانەوەی سیاسی هەبوو، کە چینی ناوەندیکورد، پلە بە پلە لێی سەرکەوت و، ئەو پەرەسەندنە مەگەر هەر ریز لێ بگرین: سەرەتا تودە هەبوو، ئەوجا جیابوونەوە لە تودە هەبوو، ئەوجا بوونە حیزبی دیموکراتی کە هەیە. ئەوە کە منداڵەکە، کاتێك گیرفانی بەتاڵ و حەتاڵ بووە، بە یـەك قەڵەمباز لە خواری خوارەوە، بە بێ پێلێنانی پلەکان، هەر بە یـەك هەڵهاتنەوە نەچووەتە دوا پلەی سـەرووی نەردیوانەکە، ئەوە لە دکتۆر قاسملو و ئەحمەد تەوفیق بگیرێت، مانای هەر یـەك شتی هەیە: ئێمە گوێ بە واقیعی مێژووی کورد نـادەین و، هەر بۆ خۆمان دەمانەوێت کێشە بۆ خۆمان بنێینەوە، بەهانە دابتاشین تاکو باسی رابردوو بکەین بە هۆی یەکنەگرتنمان.

من هـاوینی سـاڵی ١٩٧٩ لە مهاباد بووم، کوڕێکی پـوورم کە ئێستا لە ئـەڵمانیا دەژی، زۆر بە تـووڕەییەوە دەیگوت: ئـاخر حیزبێکی جیاوازی کورد لە دەرەوەی یـەك حیزبی پرۆلیتاریای ئێران یانی چی؟ ئـەگەر ئەو حیزبەی پـرۆلیتاریا بێتە سەر حوکم، مەگەر هـەموو کێشەکانی ئینسان بە هـەر رەنگ و زمان و هـەر شتێکی جیاوازەوە، هـەمووی چارە نـاکرێت؟ بەڵێ، ئینسان لە ژێر حوکمی حیزبی پرۆلیتاریادا کێشەی نامێنێت، ئیدی حیزبی کورد و مورد و نازانمچی چ ئەحمەقییەکی نەخوێندەوارییە کە بۆرژوا دیهقانان و کارگەرانی پێ هەڵدەخەڵە- تێنێت و، دەڵێت با کوردیش حیزبی تایبەتی خۆی هەبێت؟ (هەمان مەنتیقی ئیسلامییەکانی وەکو داعیش و الاخوان و المسلمین ...کە جیاکردنەوەی رێکخراو بەگوێرەی قەوم بە جاهلیەت ناودەبەن). ئەوە ساڵی١٩٧٩ بوو. پێش ئەویش، سمایلی شەریفزادە لە بەغدا دوو مانگێك لەگەڵ من ژیا، زۆر لەو پـوورزایەم پتر دژی بەکارهێنانی وشەی "کورد" بوو. حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی بـەڵێ دەویست بـەڵام "بە بێ نەتەوایەتیی کورد"! یانی چی؟ یانی رێکخراوێکی ناوچەیی پرۆلیتاریا لەدژی ناسیۆنالیزمی بۆرژوای کورد و غەیرە کورد.

کـەواتە: ئەوە کە دکتۆر قاسملو و ئەحمەد تەوفیق لە ١٩٥٥ـەوە خۆیان لە تودە جیاکردووەتەوە و، ویستوویانە بە ناوی حیزبێکی سـەربەخۆیکوردستان لە ئاستی جیهاندا بناسرێن، بە بـەراورد بە ئـەم واقیعە کە لاوی کورد ساڵی ١٩٧٩یش ئا بە ئـەو هەستە ماوەتەوە، ئەوەیە کە من پێیدەڵێم: ئەوسـا، ئەو هەنگاوەی قـاسملو و ئـەحمەد تەوفیق، بۆ فەرهەنگی سیاسیی چینی ناوەندی قەومی کورد، هەنگاوی زۆر پێشکەوتوو بووە.

(٢)

نێوانی دکتۆر قاسملو و ئەحمەد تەوفیق، من نازانم ئەگەر پێش ١٩٥٨هیچ تێکچووبێت، بەڵام لەوساڵەوە زۆر پیس تێکچوو .کاتێك سەرۆك بارزانی ئەو ساڵە گەڕایەوە و لە بەغدا نیشتەجێ بوو،" رادمنش"ی تودە و دکتۆر قاسملو و ئەحمەد تەوفیق چوونە لای و، باس لە پلانێکی هـاوکاری بوو بۆ خەبات لە" ئێران" ( کە مەبەست لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش بوو) . بەڵام هیچی لێ دەرنەچوو . چییان گوتووە ؟ بە تەمای چی بوون و بۆچی هیچی لێ دەرنـە-چووە ؟ - ئەوەندەی من بزانم- تا ئێستا کەس روونی نـەکردووەتەوە . من ئەوەم لە ئەحمەد تەوفیق پرسی،گوتی : ئێمە بە روونی داوای کوردمان خستە روو،کە دەبوو مافی کورد لە ئێرانیش وەکو کۆماری نـوێی عیراق دیاربکرایە، رادمنیش کوتی دەبێت بیری لێ بکەینەوە و، ئەوە ئێستاش کە ئێستایە بیری لێ دەکەنەوە . من لام وایە ئەحمەد تەوفیق نەیویستووە باسی ئەوە لای من بکات .

ئەحمەد تەوفیق ئێستا زۆر نـەتـەوەییانە دەدوا و دەشیگوت کە هیچ ئیعتیرازێکی لە مارکسیزم نـەبوو و وەکو قاسملو پێ وەفادار بوو، بـەڵام لە تەفسیریدا لەو جیاواز بوو . دەیگوت : هـەموو کورد دەبێ بە رابەریی یـەك سـەرۆك، کە ئێستا " سـەرۆك مستەفا بـارزانی"یە، سنووری دەستکردی نێوانیان لەناوبەرن، لە یـەك دەوڵەتی سـەربەخۆدا یـەکبگرن و، ئەوە بە هیچ جۆرێك دژی مارکسیزم نیە .

بارزانی بەتەواوی پشتی ئەحمەد تەوفیقی گرت و ئەوی بە رابەری خەباتیکوردستانی رۆژهەڵات قەبووڵ بوو و، دۆستی ئەحمەد تەوفیقی بە دۆستی خۆی دادەنا و، دوژمنەکەشی بە دوژمنی خۆی . ئیتر هـەرکەسە دەبوو خۆی ساغ بکاتەوە . برایم ئەحمەد و تاڵەبانی، ئەوانیش، لە سـەداسـەد، هـەمان ئەو هەڵوێستەی "بارزانی"یان هەبوو . لێرەدا بـارزانی ( و حکومەتی بەغدای دۆستی بارزانی) و برایم و تاڵەبانی و هەڤاڵانیان و ئەحمەد تەوفیق کەوتنە لایەك و، کۆمونیست و قاسملوش کەوتنە لایەکی تر .

بۆچی قاسملو و ئەحمەد تەوفیق بەگوێرەی پرەنسیپی حیزبی و لە چوارچێوەی رێکخراودا سیاسەتی حیزبیان بۆ ساغ نەبۆوە تاکو بە یەك دەنگ یەك هەڵوێستی حیزبییان لە بارزانی و بەغدا و هەمووکەس هەبێت ؟ تاقە وەڵام کە بە بیری مندا بێت مەگەرهەر ئەمە بێت : چونکە بەرنامە و فکر و یەکێتییهەڵوێست و دیسپلینی خۆبەستنەوە بە مەرامنامە و بەگوێرەی ئەساسنامەیەك لە ئارادا نـەبووە . کەواتە، حاڵەتێکی فکری و رێکخراوەیی نـەمەبیو لە حیزبیدیموکراتداهەبووە . یەکێك لە رابەران، ئەحمەد تەوفیق، لە سایەی پشتگیریی بارزانی و پارتی و حکومەتی بەغدا، بە یارمەتیی ئەوان، ویستی ببێت بە تاقە رابەری حیزبەکە و، رابەرێکی تر بە پشتگیریی کۆمونیستان بە

لایەکی تردا کەوت . هەلومەرجی دەرەوە وایان ساغ کردەوە کە هەڵوێستی کادیرانی حیزبەکە وا دابەش بکرێت کە کسانی بە عاتیفەی نەتەوەیی بکەونە لای رابەریی ئەحمەد تەوفیق و، ئەوانەی هەستی ئیدیۆلۆجیی مارکسیستی و حیزبایەتییان پتر بوو، کە دەبێت زۆرینە بووبن، بکەونە لای دکتۆر قاسملو .

بۆچی ئەوانە بە شێوەیەکی دۆستانە نەبوون بە دوو حیزبی هەڤاڵ، یەکی نەتەوەیی و یەکی تری کۆمونیستی کوردستانی ؟ بۆچی هەرکامەیان پێی لەسەر ئەوە داگرت کە ئەو " تاقە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و مارکسیست- لێنینیست بەلام نەك کۆمونیست"ـە ؟ لێرەدا چەندە بیروباوەڕ و،چەندە عاتیفە و،چەندە ئارەزووی شەخسی لە ئارادا بوون ؟

کسێکی کاژیك ( کامیل ژیر) بۆی گێڕامەوە کە جارێك ئەحمەد تەوفیقی دیتووە، کە وەکو کاژیکێك قسەی کردووە، زۆر نەتەوەیی بووە، کەچی دوای حەفتەیەك دیتوویەتەوە کە بە مارکسیزمی هەڵگوتووە و بۆی شەرح کردووە! ئیتر دەیگوت من لەوە ناگەم، ئەوە یانی چی ؟ منیش خۆم جارێك لە ئەحمەد تەوفیقم پرسی، تۆ بیروڕات بەرانبەر کاژیك چیە ؟ گوتی : هەموو کوردێکی نەتەوەیی لە جەوهەردا کاژیکە، ئێمە هەموومان کاژیکین! گوتم : مارکسیزمیش راستە ؟ گوتی : بەڵێ، بوونە کاژیك پێچەوانەی مارکسیزم نیە . دکتۆر قاسملو نەدەکرا شتی وەها بڵێت، یەکەم : چونکە مرۆڤێکی ئاکادیمی بوو و شتی وەهای نەدەگوت؛ دووەم : چونکە ئەو دژی ئەو شتە بوو کە ئەو پێیدەگوت : ناسیۆنالیزمی تەسك . تەنانەت جارێك کاك عەبدوڵلای حەسەنزادە ویستی مەلا رەشیدی هەڤاڵی ئەحمەد تەوفیق ئیحراج بکات، لەبەرچاوی من پێیگوت : ئاخر خۆ ناکرێ ئێمە قسەی کاژیك بکەین! مەلا رەشید پێیگوت : " کاژیکی چی و ترەماشی چی ؟ ئەمن کوردم، کوردایەتی دەکەم ". من کاژیکنامەم پیشانی مەلا رەشید دابوو و، ئێجگار زۆری بە دڵ بوو، هەر ئێجگار زۆر رقی لە مارکسیزم و کۆمونیزم و ئەو قسانە بوو، ئای کە جنێوی پێ دەدان . جارێك پێمگوت : خۆ ئەوە کاك ئەحمەد تەوفیقیش دەڵێ مارکسیست لێنینیستە، گوتی : کوڕە ئەویش شێتێکە، بۆخۆشی نازانێ دەڵێ چی، مارکسیستی چی و قوونی کەری چی ؟! ( ئەو وا قسەی دەکرد) .

بارزانی، بە حکومەتی بەغدا، قاسملو و - وادەزانم دوایی بەشێوەیەك - کەریمی حیسامیشی لە عیراق دەرکردن ( دەبێت سەیری بیرەوەرییەکانی کاك کەریمی حیسامی بکەمەوە) . ئەحمەد تەوفیق بە پۆلیسێکی بەغداوە لەگەڵدا چووەتە دووکانی هەژار بەڵکو کەریمی حیسامی لەوێ ببینێتەوە تاکو " لە دووکانی هەژاردا" بە پۆلیسەکەی بە گرتن بدات و لە عیراقی دەربکەن .

من قەت نەمتوانی لەوە بگەم چۆن کوردێکی نەتەوەیی کاری وەها دەکات. بێەوێت هەر کوردێکی تر، بەڵام لێرەدا تەنانەت ئەندامی رابەرایەتیی پارتەکەی خۆی بداتە دەست پۆلیسی دەوڵەتی ئیستیعماری عارەب و، بە خۆشی بڵێت: منکوردی نەتەوەییم! من ئەوەم چەندین جار لە ئەحمەد تەوفیق پرسیوەتەوە و،هەر جارە بەهانەیەکی سەیری دەهێنایەوە، کە بە عەقڵی من بە هیچ جۆرێك بەر مەنتیقی نەتەوەیی نەدەکەوت. ئەوجا، ئەحمەد تەوفیق چووەتە سەر قاسملو لە هوتێل(وا دەزانم قاسملو هاوسەریشی لەگەڵدا بووە)، قاسملو دەرگای لەسەر خۆی داخستووە و، ئەحمەد تەوفیق بە شەق لە دەەرگای داوە و جنێوی داوە ...، کە من قەت نەمتوانی تێبگەم مرۆڤێك کەمترین رێز لە خۆی بگرێت چۆن شتی وەها دەکات ... زۆر بەداخەوە.

قاسملو، قەت ئەوەی لەبیرنەچۆوە و، تەبیعی دەیزانی کە ئەحمەد تەوفیق بە دەسەڵاتی بارزانی وەهای دەکرد، ئیتر برینێکی زۆر قووڵ لە دڵیدا بوو کە قەت نەکرا سارێژ بێتەوە. من لام وایە، هەستی تاڵی دکتۆر قاسملو بەرانبەر بارزانی لە ئەو لەحزەیەی ئەو هوتێلەوە دەستی پێکرد و قەت کۆتایی نەهات و، ئەوە زۆر جار بە قازانجی تاڵەبانی تەواو بوو. قاسملو و ئەحمەد تەوفیق و بارزانی و تاڵەبانی و تۆ و من و ئەوەندە ملیار کەسی تر، هەموومان مرۆڤین و، هەموومان، هەر هەموومان، جۆرەها نوختەی هێز و زەعفمان هەن، بۆچی؟ چونکە مرۆڤین.

(٣)

سالانی شێستەکانی سەدەی رابردوو، قاسملو لە ئەوروپا بوو و، ئەحمەد تەوفیق لە کوردستان. بەتەواوی نازانم قاسملو لەو ماوەیەدا چ کاری رێکخراوەیی سیاسیی کردووە، بەڵام ئەحمەد تەوفیق جارێك شتێکی بە ناوی کۆنگرەی دووەم ساز دا و، زۆر کاری بۆ سەرۆك بارزانی کرد. بە کاری بارزانی چەند جارێك بە نهێنی هاتە بەغدا و سەری لە هەژار دا. لە بەغدا، زۆرتر لە ماڵی "عەبدولحوسێن فەیلی" یەك دەمایەوە، کە کاسبێکی بازاڕ بوو، دووکانەکەی لای "المدرسة المستنصرية" بوو و، زۆر دڵسۆزی ماڵی بارزانی بوو. ئەحمەد تەوفیق لە شەڕی "پێرس"یشدا بەشدار بوو و، بەوە کە لەو شەڕەدا زۆر ئازا بیوو، لای بارزانییەکان زۆر خۆشەویست بوو. لە زۆر وێنەدا لە شوێنی تریش دەدیترێت کە بەدووی بارزانییەوەیە. لەو سالانەدا، قادر شەریف لە لایەك، موعینی و شەریفزادە و ... ئیدی، هەموو بە ناوی کادیرانی ئەو حیزبە چالاکیی جیاوازیان هەبوون، بەڵام حیزبی دیموکراتی کوردستان تەنیا سالی ١٩٧٠، بەتەواوی، لە خەتی چەپەکانی بە رابەریی قاسملو، لە بەغداوە هاتەوە سەر شانۆ. "هێمن"یشیان لەگەڵ بوو (لە سیاسەتدا گێژ و وێژێك بوو). بۆ تێگەیشتنی دنیای ئەو چەپانە، من

ئێستا دوو قسەم وەبیردێنەوە، یەکی رابەری شەهید دکتۆر شەرەفکەندی و ئەوەی تریش هی کاک کەریم حیسامیی رەحمەتی، رەوانیان شاد :

دکتۆر شەرەفکەندی لە پاریس بیوو بە یەکەم هەڤاڵی دکتۆر قاسملو و، چووبووە حیزبی دیموکراتیشەوە، چەند مانگێکی کەم پێش رووخانی رژیمی پەهلەوی هاتە سەردانی من و براکەم لە هۆڵەندا (پێشتریش - بەو سیفەتە کە مامان بوو- سەری دابووین)، لە باسی سیاسیدا جارێك گوتی : " ئەگەر یەك تاقە فیشەك لە کوردستانی ئێران بتەقێ، ئەرتەشی سووری شورەوی موستەقیمەن بە نەفعی کورد موداخەلە دەکا". ئەوە دەقی قسەی بوو .
من ئەو قسەیەم زۆر لا سەیر بوو، چونکە دکتۆرشەرەفکەندی ئێجگار زۆر خوێندەوار بوو و، ئەو قسەیە تەبیعەتێکی پڕۆپاگەندەیی کۆنی هەبوو . ئەوەکەی تری کاك کەریمی حیسامی، لە بیرەوەرییەکانیدا خوێندمەوە کە عەزیز محەمەد (رابەری حیزبی کۆمونیستی عیراق) لە بولگارستان میوانی بووە و، کوڕی کاك کەریم - بە زمانی بولگاری - لە باوکی پرسیوە : ئەوە کێیە ؟ گوتوویە ئەوە هەڤاڵ عەزیز محەمەدە . کوڕەکەی شتێکی بەم مانایە گوتووە کە : نا، نابێت، هەر لینین هەڤاڵە . ئیتر هەموو شادبوون و، عەزیز محەمەد ماچی کردووە و گوتوویە : ئەرێ وەڵڵا بابە راست دەکەی هەر لینین هەڤاڵە .

ئەو دنیایەی دە سەری ئەواندا، بە بیری من، زۆر لە دنیای پێداویستی حیزبێکی کوردستانی دوور بوو . ئەوانە وەکو چەند دەساڵ پێشتر بیریان دەکردەوە . تا ١٩٧٩ش هەر لە دنیای ساڵانی چارەگە سەدەیەکی پێش ئەوە دەرنەچووبوون .

من، سێ ساڵێك پێش رووخانی رژیمی پەهلەوی، جارێك باسی بیروباوەڕم لەگەڵ دکتۆر قاسملودا کردەوە و، کە روانگەمان زۆر جیاواز بوون، دکتۆر قاسملو گوتی : بە بیروباوەڕی خۆتەوە وەرە حیزبەوە،بەڵام من پێم راست نەبوو بچمە حیزبێکی کە بیروباوەڕی لەوەی من جیاوازە .

دوای رووخانی رژیمی پەهلەوی،" دکتۆر شەرەفکەندی"یش - لە رێگای هەڤاڵێکییەوە - داوای لێکردم بچمە حیزبەکەیانەوە . من دیسان هەمان کێشەی بیروباوەڕم هەبوو، پرۆگرامی نەتەوەیی روون و، میکانیزم و قۆناغەکانی گەیشتن بە بەدیهێنانی ئەو پرۆگرامەم دەویست . بەڵام ئەوان ئەوسا خۆیان لەوە بەهێزتر دەدیت کە کاتی بەنرخی خۆیان لەگەڵ منێکدا زۆر بەو قسانە بەسەربەرن . منیش ئەوسا - وەکو ئێستا- لام وابوو کە ئەوان ئەسڵەن نەیاندەزانی بۆ چی و بەرەوکوێ دەڕۆیشتن . من کە نەچوومە حیزبی دیموکراتەوە، ئیتر دکتۆر شەرەفکەندی نەیویست چیتر بە مامم بێنێتەوە، ئیتر قەت نەمدیتەوە و،قەت هیچم لێ نەبیستەوە، هەرچەندە من کە هەڵێکم

دەست بکەوتایە رێز و سڵاو و دەست ماچکردنم دەنارده خزمەت مامی خۆشەویستم . ئەو، تەنانەت کە جارێك هاتبووە هۆڵەندا و هەمان شاری کە من لێ دەژیم و نیزیك لە ماڵەکەشم، ئاگادارنەکرامەوە و، دوای شەهیدبوونی کە چووەمە پاریس بۆ بەشداربوون لە ناشتنیدا، ئەوجا بەو سەردانەیم زانی . دیارە دکتۆر قاسملوشم لە مهابادەوە هەر نەدیتووەتەوە، بەڵام بەهۆی کتێبی"کورتەباس"ـەکەی و، دەنگوباسی ( و دوا نووسینەکانی کەریمی حیسا-می)، دەزانم کە حەقەن گۆڕان لە بیری ئەو هەڤاڵانەدا رووی‌دابوو، بەڵام ئیتر زانیاریی من لەو رووەوە،لەوان، وەك لە زۆر لە هەڤاڵانیان، هەر دووراودوورە و ناتوانم زۆری لەبارەوە بڵێم .

کاتێك دکتۆر قاسملو ساڵی ۱۹۷۰ چووە بەغدا و حیزبەکەی ژیاندەوە، ئەحمەد تەوفیقیش هەر چەند مانگێك بوو کە کەوتبووە هەمان بەغداوە . چونکە بارزانی ماوەیەك لە خۆی دوورخستبۆوە، ناردبوویە بادینان، لەوێ لەگەڵی باش نەببوون و، خۆی ( ویڕای چەند هەڤاڵێکی) تەسلیمی حکومەتی‌عیراق کردبوو و، هێنابوویاننە بەغدا . ئەحمەد تەوفیق خوێندەواریی قاسملو و شەرەفکەندیی نەبوو، هەرچەندە بیری مارکسیزم هەر بەری نەدابوو، بەڵام ئەو، ئەوەی لەگەڵ سیاسەت تێکەڵنەدەکرد ،دەیزانی ئەو دووانە دوو شتی جیاواز بوون . بەڵام ئەو واقیعییەتەی زیهنی، لە خەتی درشتی سیاسەتدا بوو، لە تێگەیشتنی رەوشتی دەوڵەتدا بوو، نەك لە شارەزایی لە وردەکارییەکانی سیاسەتی ناوخۆی کورددا، وەك کە ئەزموونی خۆی لەگەڵ" سەرۆك مستەفا بارزانی"دا بە ئەو قەڵبەیەیدا دا کە هەرچی ئەو هەمووە ساڵانە بە خەیاڵی خۆی بۆ کوردستانی‌سەربەخۆی بیناکردبوو، بە راکردنی لە چنگی بارزانی و تەسلیم‌بوونی بە ئیستیعماری عارەب کۆتایی پێ هێنا .

(٤)

ناوداران، رابەران، شەهیدان ... هەموو، لە یەك شتدا وەکو یەکن: بێ‌ناوان، رەشایی خەڵك، ناشەهیدان ... ئیدین، ئەویش ئەوەیە کە :" مرۆڤ"ـن . هەروەك ئەم دەستەیەی دووەم دەکرێت - بە پێوانەی ئەخلاقیی هەر فەرهەنگێك - هەر سیفەتێکیان هەبێت، دەستەی یەکەمیش بە هەمان شێوەن . بەڵام خەڵك بە دەستەی یەکەم رەوا نابینن مرۆڤ بن، نا، دەیانەوێت کە ئەوپەڕی نامرۆڤ بن! جۆرەها هۆرمۆنی جنسی، جۆرەها ئارەزووی دنیایی،هیچ لە کێشە-کانی کە ئەنسیکلۆپێدیی سایکۆلۆجیی لێیان دەدوێت، کە بەڵگەی مرۆڤ بوونن، دەیانەوێت لەوانە هەڵپاچن و، بیانکەن بە تەیرێکی حیسابی! بە قسەی مائۆ تسی- تونگ، کە هەم خودایەك و هەم سەرسەرییەکی دڕندە بوو :

خەڵك " دەیانەوێت پێ ببڕنەوە تاکو بچێتە پێڵاوی بچووکەوە! لەجیاتی ئەوە کە پێڵاوەکەیان بە گوێرەی پێ گەورە بکەن ". خۆ ئەگەر من بمەوێت لەو پتر بڕۆم، دەکرێت بڵێم : خەڵك بۆ بەرژەوەندی و کێشەی سایکۆلۆجیی ئەمڕۆی خۆیان، پێی خەڵکی رابردووش دەبڕنەوە تاکو خۆیان ئـەمڕۆ پێیان بچێتە پێڵاوەوە! پێی ئیمام عومەر و عەلی و ئیمامی حەوتەم و لێنین و قاسملو و ئەحمەد تەوفیق و هەژار و رابەرانی بارزان و فلان و فیسار، پەیتا- پەیتا دەچنە ژێر مشار و دەبڕدرێنەوە . ئەوە مەسەلەیەکی سـایکۆلۆجییە . بـەڵام من قەت ئەو کارە نـاکەم . هەر پێیەکی هەر کەسێکم چۆن دیتبێت یا هەر پێڵاوێك، ئەوا وەکو خۆی باس دەکەم . خۆزیا هـەموو پێیەك و هەموو پێڵاوێك بەو شێوەیە دەبوو کە هەموومان دەمانویست، بەڵام ئیتر کە وا نەبێت من چی بکەم ؟ ئەوە دە دەستی مندا نیە .

قاسملو و ئەحمەد تەوفیق، ئـەگەر لە سیاسەتیشدا نـەبوونایە، قەت نـەدەکرا هەڤاڵ بوونایە . دوو مرۆڤی لە هەموو شتێکدا جیاواز بوون . قاسملو دەکرا خاوەنی گۆڤارێك بوایە لە ئەوروپا ، ئەحمەد تەوفیق دەکرا سەرۆکی عەشیرەتی شکاك بوایە . ئەحمەد تەوفیق کاتێك بارزانی بۆ بادینانی دوورخستبۆوە، لە " بەرواری" بە دەستی خۆی ( لەگەڵ چەند هەڤاڵەکەی) خانووی دروست کردوون و باغی سێوی رەنێوناوە، قاسملو نـەدەکرا ئەوەی بکردایە . قاسملو کاتێك گیرا، بە درۆ پاکانەیەکی بۆ ساواك پڕکردەوە تاکو لە زیندان دەربچێت و درێژە بە خەبات بدات، ئەحمەد تەوفیق هـەمان هەلی لەبەردەم بوو، کە پاکانەی لە بارزانی بکردایە و لە زیندان رزگاری بوایە، بـەڵام نـەیکرد و ژیانی خۆی لەسەر دانا . قاسملو نـەرم و نـاسك و بە ئەدەب بوو، ئەحمەد تەوفیق زۆر زبـر و چیڕ و بێ حەیا بوو . قاسملو حەزی لە شـەرابی چاك بوو . لە چیاش، وێڕای ویسکی، شـەرابی جیاوازی بۆ خواردنی جیاواز هـەبوو . ئەحمەد تەوفیق، من نەمدیتووە و نەمبیستووە قەت لە ئالکۆل نیزیك بووبێتەوە؛ جارێك کە لە بەغدا لە ریستورا- نی" دنانیر" دەعوەتی کردم، تاقە مێزێك لەو ریستورانەدا کە خواردنەوەی ئالکۆلیی لەسەرنەبوو، مێزەکەی ئێمە بوو و، ئەوە وادیاربوو سەرنجی دەورویەرمانی رادەکێشا کە ناوبەناو سەیری مێزەکەیان دەکردین .

ئەحمەد تەوفیق، جارێك ویستبووی بچێتە ئەوروپا و بخوێنێت، بـەڵام بارزانی ئیجازەی نەدابوو . ئەگەر چووبا، ئەوا حەقەن زۆر چاك دەیخوێند، بۆ فێربوون زۆر زیرەك بوو، بـەڵام ئەوساش رەنگە خوێندنەکەی بە شێوەیەکی لەوەی قاسملو جیاواز بوایە و جیاواز بەکاربهێنایە . ئەحمەد تەوفیق کـوردییەکی زۆر جوانی دەنووسی ( " دیسان بارزانی"ی دەردەکرد ،بەڵام من نووسینی ئەدەبی و رەخنەی هونەرییم دیتوون کە زۆر جوان بوون) و فەرەنسییەکی دەزانی . قاسملوش کوردیی دەنووسی، بەڵام بۆ ئەوە لە ئاستی ئەحمەد تەوفیقدا نـەبوو، پێم ناخۆش بوو کە پێشە-

کیی " تاریك و روون"ی هێمن ئەو نووسیبووی . قاسملو و ئەحمەد تەوفیق، وەکو یەك، کەمێك عارەبییان دەزانی، نە زۆر . قاسملو زۆر زمانی دەزانین . ئەحمەد تەوفیق نیگارکێشێکی زۆر هونەرمەند بوو، ئەگەر لە ئەوروپا بوایە، تابلۆکانی حەقەن پارەیان دەکرد . دەیانگوت تابلۆیەکی کێشابوو، لە دوورەوە هەر عارەبێکی بیابانت تێدا دەدیت، بە کراس و عەگاڵ و مەگاڵییەوە، کە زۆر لێی نیزیك دەبوویتەوە دەتدیت هەمووی مارومورو و دووپشك و جۆرەها دەعبا بوون خرابوونە لای یەك . من هێندێك کاری هونەریی زۆر جوانیم دیتن، بەڵام ئەمەیانم نەدیتبوو، لەبەرئەوە پرسیاریم لێ کرد، گوتی : " بەڵێ راستە، من فکرەکەیم لە تابلۆی هونەرمەندێکی فەرانسەییەوە وەرگرتبوو، کە تابلۆی کچێکی رووتی لە جۆرەها گوڵ و پەپوولەی جوان کێشابوو" . من وێنەی قاسملوم دیتووە کە تفەنگی بەدەستەوە بووە، خۆزیا نەمدیتایە، چونکە ئەو رقی لە شەڕ بوو و پێیدەگوت:" تەقوتۆق"! من لام وایە لە کاتی زۆر پێویستیشدا بە زەحمەت بیتوانیبا دیکۆری دەمانچەکەی بە قەدییەوە تەقوتۆق پێبکات . ئەحمەد تەوفیق بە دەستی بەتاڵیش چەند تفەنگی لە پیاوەکانی عەباسئاغای ئاکۆیان سەندووە؛ خۆ ئەگەر بە تفەنگ بوایە، رەنگە بیتوانیبا بەتەنیا هەر عەباسئاغاش لە " سەرکەپکان"ی پایتەختی راو بنێت . قاسملو وەکو ناپلیۆن عیشقباز بوو . هەمیشە و لە هەموو شوێنێك حەزی لە نیزیکەی هەموو کچێك و ژنێك دەکرد . جارێك لە هۆڵەندا لەگەڵ خانمێکی هۆڵەندیی هەڤاڵێکی کوردیدا ( لە شاری ئوترێخت) تووشی هەڵەیەك بوو کە دەکرا پۆلیسی تێ- بکەوتایە، بەڵام خانمەکە بەخشی و مەسەلە کپ کرا . قاسملو لە بەغدا شەوانە دەچووە کابارێی " ستریپتیز" ( خۆ رووتکردنەوەی خانمان لە کازینو بغداد، علی بابا... ئیدی) . ئەحمەد تەوفیق نەدەچووە ئەو جێگایانە، ـ بە پێچەوا- نەی قاسملو ـ ژنی نەهێنابوو، بەڵام کابارێی بە قەحبەخانە دادەنا و، چوونە شوێنی وەهای لە رووی ئەخلاقییەوە مەحکووم دەکرد . نازانم ئەگەر قەت کەس لە شوێنێك یەك پێوەندیی جنسیی ئەحمەد تەوفیقی بیستبێت، بە هەر حاڵ، من، جگە لە یەك چیرۆك، هیچم لەو رووەوە لێ نەزانیوە، ئەویش ئەوەبوو کە خۆی دەیگێڕایەوە دەیگوت کاتێك بە سیفەتی کۆمونیستێك ( نوێنەرێکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران) چووبووە چیکۆسلۆڤاکیا، لەوێ کچی جوانیان بۆ ناردبووە ژوورەکەی، دەیگوت :" بەڵام ئیدی ئەوە کارێکی رۆتینی دەستگای جاسووسیی ئەوێ بوو، کچانیان دەخستنە پاڵ میوانانیسیاسیی وەکو ئێمە، بۆ ئاگاداری و ناسینمان و تەئسیرکردنە سەرمان" ( چیرۆکێکی دوورودرێژی لە باسی رووداوێکی وەهادا گێڕایەوە) . ئەوە تاقە شتێکە کە من لە ژیانی جنسیی ئەو کەسەی پێ بزانم .

کەمێك دوای شەهیدبوونی دکتۆر قاسملو، خانمێکی خزمی من،ئەندامیحیزب، لە سوێدەوە بە پارەیەکی زۆرەوە

چووه لەندەن،گوتی کە ئەو پارەیەی لە ماڵێکی سوێدی دراوەتێ ( وادەزانم گوتیان بە میرات بۆی نووسرابوو) . قاسملو لە سەفەری سوێد لای ئەو خانمە و مێردەکەی دەمایەوە ( مێردەکەشی خزمی من بوو، زۆر نەخۆش و زۆر لە ژنەکەی بەتەمەنتر بوو و، کەم دوای شەهیدبوونی قاسملو کۆچی دوایی کرد) . قاسملو بۆ ژیانی تایبەتی خۆی نەیدەویست کەس، پۆلیسی سوێدیش، بە شوێنی بزانێت . دیارە قاسملو، بە حوکمی مەرکەزی سیاسیی، هەم دۆست و هەم دوژمنی زۆری هەبوون . کەسانێك غەڵبەغەڵبێکیان ساز دا ،گوتیان ئەو پارەیەی ئەو خانمە هی حیزب بووە و قاسملو لای ئەو خانمەی داناوە . جێی خۆی دەبوو لێکۆڵینەوەی ئوسووڵی بکرایە، تا ئەگەر وا بوایە، پارەکە بسەندرایەتەوە و، ئەگەر وا نەبوایە بوختانکەران ریسوا بکرانایە و، رێگای قانوونیی سزادانیشیان بە پێی توانا بگیرایەتە بەر . بەڵام ئیتر من ئاگام لەو کێشەیە بڕا و نازانم بە چی گەیشت . تەرزی ژیانی قاسملو رێگای بۆغەڵبە- غەڵبی وەها خۆش دەکرد، شتی وەها نەدەکرا تووشی ئەحمەد تەوفیق بوایە .

ئەحمەد تەوفیق ماوەیەکی زۆر نێوانی لەگەڵ هەژاردا هەبوو، قاسملو تا دوا رۆژی ژیانی - وەکو کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران - دۆستی هەژار بوو . هەژار، ئەحمەد تەوفیقی خۆشدەویست، بەڵام بەرژەوەندی خۆی لای قاسملو دەدیتەوە، لەبەر ئەوە بۆ بەرژەوەندی، دەستی لە خۆشەویستی هەڵگرت و لەو دووانە کەوتە لای دکتۆر قاسملووەوە ( ئازاد مستەفا پێی‌گوتم کە هەژار لە ماڵەکەی لە کەرەج وێنەی ئەحمەد تەوفیقی بە دیوارەوە هەڵاوەسیبوو) . قاسملو و هەژار یەکتریان بە هەموو شێوەیەك قەبووڵ بوو، ئەحمەد تەوفیق ئەخلاقی هەژاری قەبووڵ نەبوو، تەنانەت لەسەر ئەوە - زۆر لە جێی خۆیدا- بە گژیدا چووە . قاسملو و هەژار دەکرا رۆژێك لەسەر ژیانی تایبەتی لە یەکتریان لە هەڵلا بدایە، بەڵام هەژار بۆ پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی ئێجگار زۆر زیرەك بوو و، قەت نەیدەهێشت کار بەوە بگات ( لە بیرەوەرییەکانی کەریمی حیسامی‌دا نامەی عەبدوڵلای حەسەنزادە هەیە کە لە هەژار تووڕە بووە و لەجیاتی ناوەکەی هەر پێی‌دەڵێت "مێردی مەعسووم"، بەڵام ئەوە پەڵە هەورێك بوو و، زوو رەوی) . قاسملو ئێجگار زۆر حەزی لە کۆمیدیا بوو و، دەیویست شەو و رۆژ لەگەڵ هەژاردا پێکەوە پێبکە- نینایە . ئەحمەد تەوفیقیش لەگەڵ هەژاردا پێدەکەنی، هەرکەسێکی دنیا لەگەڵ هەژاردا مەگەر هەر پێبکەنیایە، بەڵام ئەحمەد تەوفیق وەکو قاسملو نەبوو، بەدەگمەن لە غەیری مەجلیسی هەژاردا پێکەنینت لێ بدیتایە،قاسملو نیزیکەی لە هەموو شوێنێك حەزی لە پێکەنین بوو .

ئەو دوو مرۆڤە، قاسملو و ئەحمەد تەوفیق، رەنگە لە زۆر شتی تریشدا زۆر جیاواز بووبن، بەڵام ئیتر من ئێستا هەر ئەوەندەم وەبیردێتەوە .

ئەحمەد تەوفیق (عەبدوڵڵای ئیسحاقی)، کاتێك لە کوردستان رایکرد و چوو خۆی تەسلیمی حکومەتی عیراق کرد، سێ کەسی لەگەڵ بوون : مەلا رەشید و تاهیر و - ئەگەر باشم لە یاد مابێت - شاروخ ؟ و- وا دەزانم - باوکی ئەمەی دواییش بوو کە دواتر چووە لایان .

ئەوانە سەرەتا وێکڕا لە ماڵێکدا لەبەغدا نیشتەجێ بوون و، معاشی پەنابەریان وەردەگرت . بە زوویی مەلا رەشید ماڵی خۆی جیاکردەوە، ژوورێکی لە یەك- دوو کیلۆمیتر لەولاوە گرت . ماوەیەکیش لە ژوورێکی خانووەکەی ماڵی هەژاردا بوو، لەوێ بوو کە ژنی گواستەوە . ئەوەی هەژار لە " چێشتی مجێور"دا لەبارەی نێوانی باشی ئەحمەد تەوفیق و مەلا رەشیدی نووسیوە، راست نیە، تەنانەت هەر قسەی بێ مانایە . ئەو دووانە هەمیشە شەڕەدندووکیان بوو و نەدەگونجان . بەڵگەی شەڕەدندووکیشیان، من هیچ شتێکی راست و بەجێم تێدا نەدەدیت و، ئەوەی لێم دەبیستن، بە داتاشینی بەهانەم دەهاتە بەرچاو . ئەو دووکەسە، ئەوەندەی من لێیان تێگەیشتم، هیچ کامیان نەیدەتوانی لە هیچ رێکخراوێکدا " کەسی یەکەم" نەبوایە . ئەحمەد تەوفیق نەدەکرا دیموکرات بوایە . مەلا رەشید ، پترین نیزیکبوونەوەی لە کاری دەستەیی دیموکراسی مەگەر هەر بوونە " یەکەمی یەکسانان" بوایە، واتا ئەگەر بە موتڵەقیش یەکەم نەبوایە، دیسا هەر، کەسێك لە رێکخراودا لە سەرووی و لە پێشییەوە نەبوایە . ئیدی بەهانەکەیان هەر ئەوەبوون کە ئەو نەگونجانە سایکۆلۆجییەیان لە کاری دەستەیی( کاری تیم) پێ دادەپۆشی .

مەلا رەشید زۆر لە ئەحمەد تەوفیق روونتر بوو، مرۆڤێکی هەر زۆر روون بوو . زۆر نەتەوەیی بوو . زۆر رقی لە مارکسیزم و مارکسیستان بوو . من کە" کاژێکنامە"م پیشان دا، خوێندییەوە و ئێجگار زۆری بە دڵ بوو؛ من کە خۆم رەخنەم لەو نووسینە هەبوون،ئەو بە بێ رەخنە هەمووی زۆر پێ باش بوو . ئاگاداری شیعر و ئەدەبیاتی کوردی و فارسی و دەرسەکانی مەلایەتی بوو و، خوێندەوارییەکی نوێی دەرەوەی ئەوانەی نەبوو . عارەبیی کتێبی بەشی ئەوەندە دەزانی کە کەڵکی پێ لە خوێندنەوەی کتێبی عارەبی وەردەگرت و، بۆ عارەبیی نوێ و قسەکردنیش خۆی دەردەکرد . دڵدارییەکی سەرەتای جەوانی ( لە بویەکتانی لای سەقز) بە ناکامییەکی گەیاندبوو کە زامی قووڵی لە هەناویدا جێ‌هێشتبوو . دەیگوت: خۆشەویستەکەم جارێك، شەوێکی زستان، ماوەیەك لە پشت ماڵەکەیان لەگەڵم وەستابوو، قسەمان دەکرد، ئەوجا بە رێکەوت دیتم کە پێخواس بوو و وا بە پێی رووت لەسەر سەهۆڵ وەستابوو! چونکە کاتێك کە دەنگی پێی منی بیستبوو کە بە پشت ماڵیاندا دەرۆیشتم،لە پەلە- پەلانی نەپەرژابووە سەر ئەوە پێڵاو بکاتە پێی . دەمویست بیهێنم، بەڵام ئاغایەك توانی لە کەسوکاری بستێنێت . من دەمویست ئەو ئاغا

سەگبابە بکوژم، بەڵام حیزبی بووم و، لەبەرئەوە بە راستم نەدەزانی ئەوکارە بکەم، من دەمویست ببم بە پێشمەرگە و بچمە مەیدانی شەڕێکی ترەوە، نەك لەسەر خۆشەویستیی کچێك بکوژم و بکوژرێم.

مەلا رەشید، لە بەغدا پرتە و بۆڵەی ئەوەی بوو کە ئەحمەد تەوفیق منی هێناوەتە بەغدا و ئێستا بووم بە جاش. من دەمگوت: تۆی هێناوە یانی چی؟ خۆ تۆ منداڵ نیت و پێشمەرگەیەکی ئازا و بە ئەزموونیت(بەشداریی شەڕی کردبوو و تێدا بریندار ببوو). لە بەغداش تفەنگێکی برنۆی لە دۆڵابی ژوورەکەیدا هەبوو. جارێکیان لێم - وەرگرت و، هێندێك حەرەکاتی سەربازییم پیشان دا: لە پڕ بە تفەنگەوە خۆ فڕێدانە سەر زەوی و لەسەر زگ خشان لە ژوورە بچووکەکەیدا، ئەوە ئێجگار زۆر سەرنجی راکێشا و دەیگوت: ئەوە جاری یەکەمە لە ژیانمدا کە دەبینم ئەو جۆرە مەشقکردنانە چەندە گرنگن. ئەوەی مەلا رەشید و ئەحمەد تەوفیقی کۆکردبۆوە، بریتی بوو لە دژایەتیی دکتۆر قاسملو. بەڵام دوای ئەوە کە ماوەیەك بەتەواوی لێك دابڕان و مەرحەباشیان لە نێواندا نەما، رۆژێکیان ئەحمەد تەوفیق پێیگوتم کە بە مەلا رەشید بڵێم با دیسان رێكبکەونەوە و بە هاوکاری بتوانن لە بەرانبەر دکتۆر قاسملودا چالاك بن. پەیامەکەم بە مەلا رەشید گەیاند، پێی باش بوو و، چوو ئەحمەد تەوفیقی دیت و، رێك دوای ئەوە ماڵی گواستەوە، لە خانووەکەی ماڵی هەژار دەرچوو، چوو لە هەمان گەڕەکی ماڵی هەژار ژوورێکی بە کرێ- گرت. هەژار،لەو سەردەمەدا، زوو- زوو دکتۆر قاسملو و هەڤاڵانی دەبوونە میوانی و،نێوانی لەگەڵ ئەحمەد تەوفیق نەمابوو. ئەو نێوان نەمانە لە هەرتك لاوە بوو، هەژار نێوانی خۆی لەگەڵ دکتۆر قاسملودا بۆ خۆی بەکەڵکتر دەدیت (هەرچەندە دڵی پتر لای ئەحمەد تەوفیق بوو) و، ئەحمەد تەوفیقیش هەم بە وەڵامدانەوەی ئەوە و، هەم بە رەخنەی زۆر توندی - بە بیری من زۆر بەجێی- لە ژیانی تایبەتیی هەژار بوو و، ئەوەشی بە دەنگی بەرز بە هەژار خۆی دەگوت و، هەژار هیچی لەوەدا بۆ نەدەگوترا، چونکە قسەکان راست بوون. لەو حاڵەدا، مەلا رەشید نەدەکرا لە خانووی ماڵی هەژاردا بمابایە.

مەلا رەشید، پێش ژنگواستنەوەی، جارێکیان، کەهێشتا لە ماڵی هەژار بوو و من زوو- زوو دەچوومە سلێمانی، داوای لێ کردم سەر لە خەزووری داهاتووی بدەم. کە ئادرەسیم پرسی، گوتی: ئەگەر بچیتە فلانە بازاڕ، پرسیاری هەر حەمباڵێك بکەی، بڵێ فلانە حەمباڵ. هەر واش بوو، لەو بازاڕەی سلێمانی، پرسیاریم لە حەمباڵێك کرد، لەگەڵم هات و، دیتییەوە و گوتی: ئەمەتا. دیتم سپی لە ریشیدا هەبوو و، زێدە هیلاکیی لێ دەباری. هەرچەندە من هەمیشە لە سلێمانی ئێجگار زۆر سەرقاڵ دەبووم، بەڵام ئیدی کە دەعوەتیکردم ئێوارە میوانی بم، ترسام ئەگەر نەچم - خوا نەکات- بە شێوەیەکی تری تێبگات. ئیتر ئەو ئێوارەیە میوانی ئەو بووم، بووکی داهاتووی

مەلا رەشیدیشم دیت کە بە تەمەن زۆر چاك بە کچی مەلا رەشیددەشیا . ئەحمەد تەوفیق و مەلا رەشیدیش، هەر-تکیان ئەوەیان بۆ باس‌کردم کاتێك ئەو کچە لەدایکببووە، دایکی بەڵێنی بە مەلا رەشید داوە کە ئەو کچە بۆ تۆیە، نایدەم بە کەسی تر. راستییەکەش زۆر ناخۆش بوو کە دواتر بۆ مەلا رەشیدیان هێنا، مەلا رەشید ئەوەندە بە تەمەنتر بوو و دەستێکی گۆج بوو ( " خالیدئاغای حیسامی - هێدی"ی شاعیر دەیگوت کە مەلا رەشید دەست دەخاتە دەستمەوە وا دەزانم کیری کەر دەخەنە دەستمەوە!) ئیدی کچ کەوتە شین و رۆرۆ ( قەت پێشتر مەلا رەشیدی نەدیتبوو) و، ماوەیەك حاڵی زۆر پەرێشان بوو و، نەدەگونجان، بەڵام ئیدی وادیارە لە دواییدا هەرتك لا، بە هەر حاڵێکی هەبووە، ژیانی پێکەوەیان قەبووڵ کردووە .

دوای گیرانی ئەحمەد تەوفیق، مەلا رەشیدیش وەکو هەڤاڵەکانی تری ئەحمەد تەوفیق، چۆوە کوردستان . لەوێ لەگەڵ خەزووری و دەستەیەکدا رێکخراوێکیان پێکهێنا، کە مەلا رەشید یەکەمیان بوو .کاتێك هەرەسی ١٩٧٥ی شۆڕش رووی‌دا، مەلا رەشید و دەستەکەی خۆیان تەسلیمی لەشکری عیراق کرد و، عیراق تەحویلی دەوڵەتی ئێرانی دانەوە و، بەوجۆرە کەوتنە زیندانی رژیمی شای ئێرانەوە .

من بۆ دواجار، ساڵی ١٩٧٩، مەلا رەشیدم لە مەیدانی چوارچرای مهاباد دیتەوە . کە بەرەو یەکتر دەچووین، هێمن بەدەرکەوت، ئەوە یەکەم جاری دوای پێنج ساڵ بوو کە هێمنم دەدیتەوە . مەلا رەشید لەولاوە گوتی :" لێی-گەڕێ، خۆی تێ‌مەگەیەنە!" . گوتم :" نا، چۆن دڵت دێ، مامۆستا هێمن شانازیی ئێمەیە" . ئیدی من لەپێشدا چەند دەقیقەیەك لەگەڵ هێمن وەستام، مەلا رەشید خۆی دوور گرت و، لەولاوە چاوەڕێی کردم ( مەلا رەشید لای خۆیەوە بە هێمنی دەگوت :"هێمنۆفسکی "! و بە دکتۆر قاسملوی دەگوت " قۆیسملویالیزم"! و ئیدی ناوی خۆی بۆ هەموو ئەندامانی رابەرایەتیی جەماعەت هەبوو) . هێمن، دوای ماچوماچ و چاك و چۆنی، گوتی : لەکەیەوە لێرەی؟ گوتم: لە پێرێوە . گوتی : ئەدی بۆچی نەمدیوی؟ گوتم : وەڵڵا ئیدی تازە هاتووم و، حەقمە دێمە خزمەتتان . گوتی: دە چاکە چاوەڕوانتم . ئیدی هێمن رۆیشت . ئەوجا چوومە لای مەلا رەشید و، زۆر بەگەرمی‌کەوتەوە قسەی خۆش و گاڵتەکانی : جا وەرە لە داخی ئەوانە، کاك شێرکۆ، خۆ ئەو " مەلاییووعی"یانە دەبینی، ئاخر بڵێ هەی سەگبابینە ئێوە مەلان، چتان لە دیالیکتیك و میالیکتیکی شیووعی داوە ؟

منیش چیرۆکێکی ژیانی بەغدایم وەبیرهێنایەوە . هەر وەك جاری یەکەم بێت باس بکرێت، هەرتکمان دیسان زۆری پێ‌پێکەنینەوە :

ئیدارەی پەنابەرانی حکومەتی بەعسی، بەشی جیاوازی بۆ پەنابەران، بەگوێرەی وڵاتی کە لێیەوە هاتبوون، هەبوون. هەر پەنابەرەی بیویستایە بچێتە خەستەخانە، دەچوو نامەیەکی لە ئەو بەشەی ئیدارەکە وەردەگرت کە ئەوی دەگرتەوە. مەلا رەشید، جارێك پێویستییەکی وەهای هەبوو، چووە ئیدارەی پەنابەران کە نامەیەکی بۆ خستەخانە بدەنێ. ئەو بە "پەنابەری ئێرانی" نووسرابوو و، کاروباری پەنابەرانی ئێرانی دەکەوتە لای "شعبة شؤون عربستان" (بەشی کاروباری عارەبستان) یا شتێکی تری وەها کە ناوی "عربستان"ی تێدا بوو. "عربستان" مەبەست لە "أهواز، خوزستان" بوو، کە ئەوسا بەعسی دەیانگوت نیشتمانی داگیرکراوی عارەبە و فارس ئیستیعماریان کردووە و، ئەو هەمووە پەنابەرە ئێرانییانەش بۆ خاتری ئازادکردنی "عربستان المحتله" (عارەبستانی داگیرکراو) رادەگیران. مەلا رەشید، کە هەمیشە رانکوچۆغەی لەبەر بوو و، جامانە بەسەر و، کڵاشی بەنچنی هەورامان لەپێدا، نامەی بەشی کاروباری "عارەبستان" دەبات و دەچێتە خەستەخانە، دەیداتە دەست دکتۆر. دەیگوت: دکتۆر سەیرێکی کاغەزەکەی کرد و، ئەوجا لە تەوقی سەرمەوە تا بەری پێم لێم وردبۆوە، دیسان سەیرێکی کاغەزەکەی کردەوە و، دیسان، ئەمجارەیان لە بەری پێمەوە تا تەوقی سەرم لێی روانیم، هەر دوو چاوی دەرپەرینە دەرەوە و، بە دەستی راستی کە کاغەزەکەی پێ گرتبوو، هەر وەکو کەباب باوەشێن بکات چەند جار دەستی هێنا و برد و گوتی: "وەڵڵا خۆش عەرەبستان"! ئەوجا گوتی: أنت عربستان؟ (تۆ عارەبستانیت؟)، ئیدی من خۆم پێ نەگیرا و لە قاقای پێکەنینم دا و هیچم نەگوت. دکتۆر گوتی: "کاکە" (عارەبی عیراق لە قسەدا بە کورد دەڵێن "کاکە") ئەوە چ گەوادێك بۆی نووسیویت؟ ئیدی دکتۆر لەداخان ترس و مرسی لە بیرچووبۆوە و، منیش هەر پێدەکەنیم و، ئیدی ئەویش کەوتە پێکەنین.

گوتم: کاك مەلا رەشید لەیادتە: وەڵڵا خۆش عەرەبستان؟ بە پێکەنینی زۆرەوە گوتی جا ئەوە شتێکە لەبیر بچێتەوە؟ گوتی کە کۆشێك کچی هەبوون: شەوبۆ و شەوم و ... چەندی تر، ناویان یەك لە یەك خۆشتر بوو. کەمێك سیاسەتیشی کرد: ئەگەر بکرێت ناوی کەسێکی کاژیکم بدەیتێ کە بتوانین قسەی لەگەڵ بکەین. ناو و ئادرەسی کەسێکم بۆ پێوەندی دایێ کە لە سەقز دەژیا. پرسیاری چاپی یەکەمی عارەبییەکەی کتێبی "کوردستان و کورد"ی دکتۆر قاسملوی لێ کردم، بەڵێنم پێ دا کە هەوڵ بدەم بۆی پەیدا بکەم. نیزیکەی سەعاتێك پێکەوە وەستاین و دامانناا کە ئەگەر بچمە سەقز، بچم میوانی بم، بەڵام کاتێك چوومە سەقز و پرسیارم کرد، بە سەفەر بە لایەکدا رۆیشتبوو و لەوێ نەبوو، ئیدی- زۆر بەداخەوە- تازە مەلا رەشیدم نەدیتەوە. زوو دوای ئەوە کە گەڕامەوە هۆڵەندا، بە نامە پرسیاری مەلا رەشیدم لە کاك فەرهاد عەبدولحەمید(ی کاژیك) کرد، لە وەڵامدا ئاگاداری

کردمەوە کە مەلا رەشید لە شەڕێکی لەگەڵ ئاغاکانی لای سەقزدا کوژراوە. هەژاریـش لە "چێشتی مجێور"یدا (ل ٥١٦) دەڵێت :" مەلا سەید رەشید (..) لە دەوری دیواندەرە دەگەڵ کۆنە ئاغایان تێك گیرا و بە دوامین فیشەك خۆی کوشت ".

ئەی عەلائەددینی سەججادی نەسەب

خاوەنی مێژووی ئەدەب، پێشنوێژی پێخواسی عەرەب

هەژار ، لەو رۆژەوە کە بۆ جاری یەکەم ئەوەی گوت، ئیتر تا- کاک سەرداری نووسەری خۆشەویستمان گوتەنی - " سەی عەلا"ی بدیتایە، لەجیاتی سڵاو، هەر ئەوەی پێ دەگوت . هەژار سەی عەلای لە دووکانی ئوستاد بەشیر موشیر یا کەمێك لە خوار ئەوەوە، لە مەیدان، لەو مزگەوتە دەدیت کە سەی عەلا ئیمامی بوو، تاقە مزگەوتێکی بێ منارەی بەغدا کە من پێ بزانم، دوو دەرگای هەبوون، یەکیان لەسەر مەیدانەکە و، ئەوی تریان لە کۆڵانێکی پشتەوەی دەردەچوو .

سەجادی ساڵی ١٩٠٧ لە شاری سنە لەدایك بووە و، بە فەقێیەتی چووەتە سلێمانی و دوای ئەوە لە بەغدا گیرساوەتەوە . چەند کتێبی کوردیی داناون . من هەموویانم نەدیتوون،" مێژووی ئەدەبی کوردی" ١٩٥٢ ، دوو بەرگێکی" رشتەی مرواری" (دوور نیە ناوەکەی لە" العقد الفريد"ەوە بەبیردا هاتبێت) لە هەشت بەرگی ١٩٥٧ - ١٩٨٣ ، گەشتنامەیەك و،" شۆڕشەکانی کورد"و،- ئەگەر بە هەڵە نەچووبم -" هەمیشە بەهار"ێکیشی هەبوو .

من نازانم کتێبەکانی تری کە نەمدیتوون چۆن بوون . بەڵام " مێژووی ئەدەبی کوردی"یەکەی، هەم کاتی دەرچوونی و هەم تا ئێستاش و رەنگە تا دنیا هەیە هەر گەوهەرێکی نایابی کتێبخانەی کورد بمێنێتەوە . من لام وایە، حەقەن باسی" شاعیران"ی تێدا تا دنیا هەیە هەر وا بەرز و نەمر دەمێنێتەوە . " چیرۆکی باڵی و بارام"- یش تێدا شتێکی زۆر بەرزە . بەشەکانی تریشی بۆ سەردەمی خۆی زۆر گرنگ بوون .

خوێندەواریی سەجادی زۆرتر لە سەرچاوەی عارەبی و فارسییەوە بوو و، - بڵێین - خوێندەواریی کلاسیك بوو، کەمتر ئاگای لە دنیای نوێ هەبوو . رشتەی مرواری، قسەی خۆشی کوردەواریی تێدا کۆکردووەتەوە، کە وەکو قسەی خۆشی میللەتانی تر، وەکو" چۆسەر"ی ئینگلیس بە نموونە، زۆر نوکتەی جنسیی تێدا هەن . کوردێك کە ئاگاداری " رشتەی مرواری" بێت و " چیرۆکەکانی کانتەربەری"ی سەدەی پازدەی چۆسەر بخوێنێتەوە، مەگەر هەر ئەو پرسیارەی بە بیردا بێت کە ئەوە چۆنە ئەو کتێبە و رشتەی مرواریی سەجادی ئەوەندە وەکو یەکن، هەر دەڵێیت یەکێکیان لەوەکەی تر وەرگیراوە . چۆسەر بە یەکێك لە " دروستکەران"ی زمانی ئەدەبیاتی ئینگلیس دانراوە و بە گوێرەی ئەوە رێزی لێ دەگیرێت، بەڵام کورد، چونکە لە قەومە دواکەوتووەکانە و، کاهینانی تێدا دژی فەرهەنگی مرۆڤایەتین، هەر کە یەکەم بەرگی دەرچوو، بە توندی لەسەر ئەوە مەحکوومیان کرد . هەرچەندە

ئەو دڕندانە سەجادییان لەسەر ئەو کتێبەی سەرنەبڕی و ... بەڵام زۆریان جنێو بۆ نارد و زۆریان هەڕەشە لێکرد . سەجادی کارەکەی خۆی پێ ڕاست بوو و ملی بۆ تاریکستانی ئەو کاهینە وەحشییانە نەدا و، درێژەی پێ دا .

هەژار و سەجادی یەکتریان زۆر خۆش دەویست . هەژار چەند جار منیشی لەگەڵ خۆیدا بردە سەردانی سەجادی لە مزگەوتەکەی . هەر کە هەژار دەیویست سەیری کتێبێك - شتێك لای ئەو بکات، سەجادی کتێبەکەی لە چنگی دەردەهێنا و، دەیگوت:" دە توخوا قسەیەکی قۆڕ بکە". سەجادی چەند لەو قسە قۆڕانەی هەژاریشی لە" ڕشتەی مرواری"دا نووسیون، بەڵام هەژار دەیگوت سەجادی باش نوکتە ناگێڕێتەوە، تامیان دەکوژێ، ئەو قسە قۆڕانەی من زۆر لەوەی ئەو نووسیویە قۆڕترن! بەڵام ئیدی دەبێ کەسێك بتوانێ وەکو خۆم بیانگێڕێتەوە، ئەو ناتوانێ .

هەژار، جارێك، ساڵی ١٩٥٨، سەجادیی لەگەڵ خۆیدا بردە خزمەت سەرۆك مستەفا بارزانی . بارزانی ئیدی سەجادییشی زۆر خۆشویست و، تا هەژار لە کوردستانەوە بهاتایەتەوە بەغدا، سڵاوی سەرۆك بارزانیی بۆ سەجادی پێبوو .

سەجادی، وادیارە زۆری لا سەیر بووە کە هەژار لە خزمەت بارزانیدا چۆن ئەو قسە سەیرانە دەکات . بە نموونە، هەر لەو چوونەی پێکەوەیان بۆ خزمەت بارزانی، هەژار- کە لە هەر مەجلیسێك بوایە،هەموو حەزیاندەکرد گوێ لە قسەی خۆشی ئەو بگرن و پێبکەنن - باسێکی نازانچی دەکاتەوە کە ناوی شێخ ڕەزای تاڵەبانیشی تێدا دەهێنێت . سەرۆك بارزانی دەڵێت : " باسی ئەوە مەکە، ئەدەبی چی ؟ ئەوە ئەو هەمووە بێئەدەبییەی گوتووە". هەژار دەڵێت: " نا، بارزانی، ئیدی ئەوە کاری تۆ نیە، ئەوە نە شەڕە و نە سیاسەتە، ئەوە ئەدەبیاتە، دەبێ ئەدیب حوکمی لە سەر بدەن، باسی دەکەم و چاکیش، ئەوە کاری من و مامۆستا سەجادییە" . بارزانی دەڵێت :" باشە ئەدیب، دە پێمبڵێ ئەو هەمووە بێئەدەبییەی شیعری شێخ ڕەزا چۆن ئەدەبە ؟". هەژار دەڵێت :" ئێستا تۆ لە ئەو کۆشکە خۆشەدای، ئەو باخچە گەورە و خۆشە، ئەو هەمووە ژوورانە، ژووری دانیشتن و نوستن و چەندی دی؛ باشە ئەگەر ئاودەستتان نەبێت چ دەکەن ؟ ماڵ بە بێ ئاودەست چۆن دەبێ ؟ ئەدەبیاتیش ماڵی تەواوی دەوێ، شێخ ڕەزاش ماڵم هەقە ئاودەستێکی وای بۆ ماڵی ئەدەبیاتی کورد دروست کردووە، ڕەنگە ئەدەبیاتی هیچ قەومێکی دیکە ئاودەستی وا خۆشی بۆ دروست نەکرابێ ". بارزانی پێکەنی و گوتی :" وەڵڵا ئیدی من بە ئێوە ناوێرم، ڕاست دەکەی، ئەوە کاری ئێوەیە، وادیارە دەبێ وابێ ".

عەلائەدین سەجادی - زۆر لەجێی خۆیدا - زۆر شت لەبارەیەوە نووسراوە و، شایانی ئەوەیە زۆر پتر باس بکرێت .

بەڵام کە بێتە سەر باسی ژیانی شەخسی، لایەنی" مرۆڤبوون"ی، ئەوا فەرهەنگی کورد، بۆ ئەویش، وەکو ناودار-انی تری، هێشتا لێ رانەهاتووە کە بەلایدا بچین. بەڵام ئیتر من فەرهەنگ بە مومیایەك نابینم کە لە شوێنی خۆی نەجووڵێتەوە، ئەویش وەکو ئاوی "زێرپەدەروود" و "تەتاهو" بێ وەستانە. زۆر شتی کە پێش چەند ساڵێکی کەم بە بیرماندا نەدەهات بتوانین بیانکەین، وا ئێستا دەیانکەین. ئەوانەی کە تا ئەمڕۆ نەکراون، دەکرێت لە ئەمڕۆوە بەلایاندا بچین و، سبەی هیچ سەرنج رانەکێشن و، چاوەڕێی دووسبە بکەین تا بگۆڕێن و، ئەوەی دووسبەش، بۆ گۆڕان رووی لە سێ سبە بێت و، بەوجۆرە بڕوات. رووبارەکان کە دەگەنە دەریاش ناوەستن، ناتوانن بوەستن ئەینا بۆگەن دەبن، ناچار دەبنە هەڵم تاکو دیسان رێگای کانیاوان و رووباران بگرنەوە بەر.

سەجادی، بە لەش و لار، بچکۆلەیەك بوو. بە جبە و عەمامەوە کە دەڕۆیشت، هەژار دەیگوت: شکڵی وەکو قەڵەمێکی رەشە لەوانەی کە لاستیکی سڕینەوەی بەدووەوەیە، بەڵام بەشی هەرە زۆری بەکارهاتووە و ئیدی هەر کەمێکی بەلاستیکەکەوە ماوە!

مەسعوود محەمەد دەیگوت:" سەجادی خۆی بچووکە، لەبەرئەوە کتێبی گەورە- گەورە دەنووسێ! و کاتێك سەجادی کۆچی دوایی کرد، مەسعوود محەمەد شتێکی زۆر جوانی لە پرسەیدا نووسی، خەمی" لە ئەم سنووری نادیاری کوردستانەوە تا ئەو سنووری نادیاری کوردستان"ی تێدا باس کردبوو.

سەجادی، من نەمبیستووە قەت لە هیچ حیزبێکدا بووبێت. کوردێکی نەتەوەیی دڵسۆز بوو و، بە نووسین خزمەتی نەتەوەکەی دەکرد. ماوەیەك گۆڤارێکیشی دەرکردبوو (نزار، ١٩٤٨-١٩٤٩)، من لە ژمارەیەکیدا گوتارێکیم خوێندەوە کە رەخنەی توندی لە ئینگلیس گرتبوو و، وەڵامی کاربەدەستێکی ئینگلیسیش تێدا بڵاو-کرابۆوە. "شۆڕشەکانی کورد"یشی، بۆ ئەو کاتە (١٩٥٩) کتێبێکی زۆر باش بوو. بەڵام - زۆر بەداخەوە - سەجادی لە ئیدارەی حوکمە زاتییەکەی سەددام حوسێنیشدا دیترا. گوتیان گوتاری کردنەوەی یەکەم کۆبوونەوەی ئەو ئیدارەیە، ئەو خوێندبوویەوە. کاتێك کورد گلەیی ئەوەیان لێ کردبوو، گوتبووی: " بە خوا «عبدالستار الجواری»ی وەزیر پێی‌گوتم ئەمە هاتووە هەر ئێستا بچیتە هەولێر، ئیتر چووم و نەمدەزانی چی بوو، تا تووشی ئەوەیان کردم". هەژار بەوە تووڕە دەبوو کەس لەسەر ئەوە رەخنەی لە سەجادی بگرتایە. من ئەو رەخنەیەی خەڵکم زۆر پێ رەوایە و، تووڕەبوونەکەی هەژارم لەوە پێ نامەنتیقییە. هەر شتە بە پێوانەی خۆی، ئەدەب بە پێوانەی ئەدەب و سیاسەتیش بە پێوانەی سیاسەت. خۆ سەجادی دەیتوانی دوای کۆبوونەوەکە رابکات و، بچووبایەتە

لای هەژار . ئەوە کە ئەو پیر ببوو و دەیویست بۆ خزمەتکردن بە ئەدەبیاتی کورد لە بەغدا بمێنێتەوە، بە من، بە بەهانەیەکی ڕەوا بۆ ئەو کارەی ناشێت . سەجادی، ماوەیەك دەرسی لە بەشی کوردیی زانکۆی بەغدا ( معهد اللغات العالی) دەگوتەوە . وادەزانم" عەبدولرەزاق بیمار" ئەوسا خوێندکارێکی ئەو بەشە بوو و، بیرەوەریی لەگەڵ سەجادیدا هەبووە، خۆزیا بۆی باس دەکردین .

سەجادی قسەخۆشێك بوو، بەڵام بە مەرجێك کە بە باسی پارە میزاجت تێکنەدایە، دەنا پیس تووڕە دەبوو . بەدیع باباجان، ئەو هەمووە ڕەسمە نایابانەی بۆ شاعیرانی کتێبی مێژووی ئەدەبەکەی بۆ کێشا: مەلای جزیری، خانی، نالی، مەولەوی، سەی یاقو، حاجی؛ هیچ پارەشی بۆ ئەوە لە سەجادی داوا نەکرد، بەدیع پارەی بۆ ڕەسمەکانی بۆ کتێبی کوردی وەرنەدەگرت، بەڵام سەجادیش هیچی لەو ڕووەوە لەگەڵدا باس نەکرد . خەڵك بە سەجادییان دەگوت : " مامۆستا، نوسخەیەك لە کتێبەکەتی بدەیە، با ڕەسمەکانی بەرهەمی خۆی تێدا ببینێت". سەجادی بە تووڕەییەوە وەڵامی دەدایەوە : " با بیکڕێت باوکم، با بیکڕێت، خۆ من خەزنەم نەدۆزیوەتەوە!" . بەدیع نەدەچووە دووکانی ئوستاد بەشیر موشیر و، نەیدەزانی ئەو کتێبە لەکوێ دەفرۆشن و، زۆری مەراق بوو بیکڕێت، تا کەسێك پێی‌گوت ئەوەتا لە فلانە دووکان دەیفرۆشن و، ئیتر چوو لەوێ کڕی . زۆر حەیف کە لە حیسابی نێوان ئوستاد بەشیر و سەجادی ئاگادار نیم . هەژار دەیگوت : "ئوستاد بەشیر کتێبی کە دەفرۆشت پارەکەی نەدەدا بە خاوەنی، دەیگوت : " ئێ ئەمین کتێب ئەفرۆشم، ئەو پارەی ئەوێت ... ئەم دیماغسزە!" بەڵام حەقمن ناکرێت ئەوەی لەگەڵ سەجادیدا بۆ چووبێتە سەر . سەجادی لە فلسی خۆی خۆش نەدەبوو، بۆ ئەوە لە " ڤۆلتێر"یش سەختگرتر بوو . بەتایبەتی کە هەموو شتێکیشی پێ گران بوو . سەجادی بە قەڵەمە کۆنەکانی دەنووسی، ئەو قەڵەمەی کە دەبوو زوو- زوو لە شووشەی مەرەکەبی هەڵکێشێت . خۆی مەرەکەبی دروست دەکرد ( لە قورمی دووکەڵ و ... نازانمچی) . ئەگەر کەسێك بیگوتایە : مامۆستا، مەگەر بۆ کاتەکەت وا باشتر نیە مەرەکەب بکڕیت ؟ تووڕە دەبوو و دەیگوت : " مەرەکەب گرانە باوکم، گرانە، خۆ من خەزنەم نەدۆزیوەتەوە".

سەجادی، بەشێکیشی لە سەرمایەی چاپخانەی " المعارف" هەبوو،کە لە شەقامی" المتنبی" بوو ( کەمێك لە سەرووی دووکانی ئوستاد بەشیرەوە)، چاپخانەی " الأعظمي" ناوێك بوو، کە بەدەگمەن لە چاپخانەکەی دەبوو، هەمیشە بە دووی چوونە چاڵغی (تیپی مووسیقای بە دابی سەردەمی عوسمانی) و کڕینی تەسبیحی گران و کۆتری سەیر و ئەو شتانەوە بوو و، دووکانەکەی بۆ شاگردەکانی لێ‌گەڕابوو . هەموو شاگردەکانی کەسانی زۆر باش و بەڕێز بوون، هەر یەکێکیان کورد بوو، من زۆر کارم کەوتووەتە لایان، یادیان بەخێر . سەجادی

وادەزانم کاغەزیشی بۆ نـووسینی هـەر لەوێ دەهێنا ... چونکە کاغەزیش گـران بوو و خۆ مامۆستا "خـەزنەی نـەدۆزیبۆوە" تا بیکڕێت. هـەژار و مـەم (محەمەد مەولوودی چیرۆکنووس) بە پێکەنینی زۆرەوە دەیانگوت: سەجادی خودا- خودایەتی ناودارێك بمرێ تا شتێکی لەسەر بنووسێ و بچێتە سەرەخۆشییەکەی تێر شیرینی بخوا! شیرینی لە مەرەکەب و کاغەزیش گرانتر بوو. من خۆم مامۆستا سەجادیم لە پرسەی "حەسەن فەهمی جاف"دا دیت، دیتم ئەو پیاوە بچکۆلە بەتەمەنە، قاپێکی زەلامی باقلاوەی بەدەستەوە بوو، حـەقمەن باقلاوەی لە کیلۆیەك پتری تێدا بوو و، بە مشە مش کەوتبووە سەری. پێم دیمەنێکی زۆر سـەیر بوو، سەجادی خۆی مەگەر هەمووی چەند کیلۆ بوو تا ئەو هەمووە باقلاوەیەی بۆ بخورایە.

خۆشترین باسی سـەجادی بە لای هەژارەوە، کە هەژار زۆر جار بە پێکەنینێکی زۆرەوە دەیگێڕایەوە، ئەوە بوو کە دەیگوت:

" مزگەوتەکەی سەجادیکە لە ناوەڕاستی قەحبەخانەی بەغدادا بوو، لە دوو دەرگاکەی، ئەوەیان کە لەسەر کۆڵانە-کەی پشتەوەی دەردەچوو، رێك دەکەوتە ناو ماڵی قەحبەکان، ئەوەیان بۆ سـەردانی باشتر بوو، چونکە سـەجادی لەوێوە باشتر گوێی لە دەرگا دەبوو (مزگەوت دەرگای هەر بۆ کاتی نوێژ دەکردەوە، دەنا دەرگای هەمیشـە داخرابوو و سـەجادی ژوورێکی تێدا کردبوو بە ژووری کاری نووسین و شتی خۆی). ئیدی منیش لەوێوە دەچوومە لای. رۆژێك پۆلیسێك لە سەری کۆڵانەکە گرتمی (قەحبەخانە دوای رژیمی پادشایی چیتر بە رەسمی ئـازاد نـەبوو)، کوتم: من ناچمە قەحبەخانە، دەچمە لای ئیمامی ئەو مزگەوتە.

پۆلیسەکە کوتی: هەموو هەر وا دەڵێن، ئەو درۆیە تازە ئاشکرا بووە، درۆیەکی دیکە ببیننەوە!

تەمەنم یازدە ساڵ بوو کە بۆ جاری یەکەم سەیدا "جگەرخوین"م لە قامیشلی دیت. ماڵی هەژار لە گوندی "تربە سپی"ی سەر بە قامیشلی بوو. ئیتر لەوساوە، هەتا بچوومایەتە قامیشلی، دەچووم سەرم لە دوو ماڵ دەدا: ماڵی سەیدا جگەرخوین و ماڵی شاعیرێکی تر، "ئەحمەد نامی"ی باوکی کاك سامی و فریال خانم. بەڵام، بۆ مانەوە، هەر لە ماڵی جگەرخوین دەمامەوە. ئیتر ئەوە شتێکی رۆتین بوو، کە کوڕی هەژار بچووبایەتە قامیشلی، دەچووە ماڵی جگەرخوین لەوێ. بە هەمان شێوە، "ئەگەر" کەسێك لە ماڵی جگەرخوین بهاتایەتە تربەسپی، تەبیعی دەچووە ماڵی هەژار، هەرچەندە ئەوە، لەو ماوەی ژیانی مندا لەوێ، هەر یەك جار رووی‌دا. ئەو جارە، هاوین، سەیدا جگەرخوین و ژنەکەی و سینەم خانم هاتن چەند رۆژێك لە تربەسپی میوانی هەژار بوون. ئەگەر باشم لە یاد مابێت، هەر ئەو سێیانە بوون و، دوو کچەکەی تری جگەرخوین (رۆژین و سوعاد) و کوڕەکەی (کیسرا)، هیچ کامیان لەگەڵدا نەبوون.

سینەم خانم، کچی گەورەی بوو، تەمەنی وادەزانم دەوروبەری ٣٠ ساڵێك دەبوو و هێشتا مێردی نەکردبوو، ئەویش چیرۆکی خۆی هەبوو: عەزیزی نانەوازادەی موکریانی، لە گەشتێکی سەیر و سەمەرەیدا، یولیسیسی یونانی ئاسا، گەرداو کەشتییەکەی فڕێدابووە ماڵی جگەرخوین لە قامیشلی و، بە زوویی داوای سینەم خانمی لە سەیدا کردبوو. سەیداش پرسیاری بیروڕای هەژاری کردبوو. هەژار - لە رووی دڵسۆزییەوە - ئامۆژگارییەکی کردبوو کە ئیتر ئەو ئامۆژگارییە لێیان بوو بە چقڵی مەم و زینان! و - بە زمانی هەرێمی باشوور - "هەڵنەستان بە هاوسەرگیری"! ئێ ... یانی چی؟ بە زمانی کوردی یانی: نەبوون بە ژن و مێرد، کاك عەزیز ژنێی نەهێنا و سینەم خانم مێردی نەکرد، یا- عەلی بەردەشانی گوتەنی- کاك عەزیزی ئی دە خۆن سینەمێ خۆی نەخستە باخەڵێ. سینەم خانم چەند ساڵێك دواتر لە بەغدا شووی بە عارەبێك کرد.

سەیدا جگەرخوین ئەوسا تەمەنی ٥٣ ساڵ بوو، بەڵام زۆر لەوە بەتەمەنتر دەهاتە بەرچاو. ئەنگرابوو، ملیشی هەڵمسابوو، وەکو کەندوویەکی مۆبایل دەجووڵایەوە. بە زەحمەت دەیتوانی ئاوڕ بداتەوە و وەکو بەراز دەبوو بسووڕایەتەوە. هەژار لە "چێشتی مجێور"دا دەگێڕێتەوە کە: حەمە شەریف (یەکێك لە پێنج کوڕەکەی حاجۆئاغا، بە دیوەخان رادەگەیشت) دەیگوت: رۆژێك من و جگەرخون کە ئەویش وەك من زگ زلە، لە دیوەخان نوستبوین، کابرایەکی گوندی سەری بە ژورا کرد، گوتی: «حەم! خۆزی ئەو هەر دو گای من بان!» (ل ٢٥٠).

جگەرخوین، هەر بە منداڵی (تەمەن ١٣ ساڵ) وازی لە شوانی و گاوانیی هێناوە و، لە گوندەکەی ("حسار"ی

سەر بە ماردین) رۆیشتووە، چووەتە عامووودێ و ئیتر بە فەقێیەتی بە چوار کەناری کوردستاندا گەڕاوە . ماوەیەك لە مزگەوتەکانی موکریانیش فێری شتێك لە زاراوەی موکریانی بووە، تا لەدواییدا ئیتر هەر لە رۆژئـاوای کورد- ستان گیرساوەتەوە و، بەهۆی شیعرییەوە، ئێجگار زۆر خۆشەویستی خەڵك بووە، هەژار دەڵێت کە " دیوانی کە بۆ یـەکەم جار چاپ کراوە، وا نادر بوە لە دێهاتی ناو کوردان دا، دێیەك دیوانێکی بەرکەوتوە، پەڕ پەڕ بەشیان کردوە و بۆ پیرۆزی وەك نوشـتە لە سەری منداڵانیان دروە ( چێشتی مجێور ل ٢٣٦) . هـەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی دەوروبەری، بەهۆی شکستی راپەڕینی بە رابەریی شێخ سەعیدی پیران و، کارەساتی کە بە دووی ئەودا بە سەریان هاتبوون، ئێجگار زۆر بریندار بوون و، کەسێکیان دەویست بە زمانی هونەری شـیعری بەهێز رابەریی شینگێڕییان بۆ بکات و، جگەرخوین رێك ئا لەو کاتەدا لەوێ بوو :

پیرا تۆرێ

هلکشیمە چوومە ژوورێ، هەر دوو رەخ من بەند و رەز
من دی پیرەك تێ ژ تۆرێ، کەر د بەردە، تێ بـ لەز
هاتە نیزیك، رۆژ بـ خێرەك دا و وەك من دل بـ خەم
پیرەبی بوو، پۆڕ سپی بوو، تاقی رەش بوو، روو گەوەز
من ژ پیرێ خوەش دپرسی : ئەی مەتێ تو ژ کووڤە تێ ؟
گۆ: ژ سێرتێ دچمە بێرتێ، خوونیا رۆمێمە ئەز
خان و ئەیوان کرنە وێران، مێر و ژن سەر ژێکردن
من گۆ : پیرێ، قەی تو کوردی ؟ چوویە تلیێن خوە بـ گەز :
بەلکی بەندا رەز بـ گوهـ بت، دەنگێ خوە پڕ هڵمەکە
پڕ دترسم ئەز ژ دەربێ سنگوویێ رۆما تەرەس .
من دگۆت : ئاغا و بەگ ؟ وێ گۆ : کوڕێ من گوهـ مەدێ
ئەو شڤانن، سەرمیانن، دانە گور ئەو جۆل و پەز .
من کوڕەك تەنها هەیە، ئەو شاندی باژێر، مەدرەسێ
وی، دو- سێ پرس بۆ مە گۆتن، پێ حەلاندن جەرگ و بەز

گۆتی : دایێ ئەم دخوینن وەك جەگەرخوون گۆتیە :

زوو بخوینن، هەڤ ببینن، بچنە کوردستان بـ لەز .

مانای بە سۆرانی :

بەرەوژوور هەڵدەکشام، هەر دوو لا(دیو) پەرژین و رەز ( باغی مێو، دارتریّ) .

دیتم پیرێك ( یا پیرێژنێك، یا ژنێك)، لە تۆریّ (مەڵبەندی چیاکانی تۆرعابدینەوە) دێت،کەری داوەتە پێش خۆی، بەپەلە(یا خێرا) دێت .

نیزیك بۆوە، گوتی رۆژ بـ خێر ( رۆژ باش) و، وەکو من دڵ بە خەم .

بێوەژن بوو، پرچ سپی بوو، تاقی ( تاسکڵاوی ژنانەی) رەشی لەسەر بوو، رووی گەوەز (سپی) بوو .

من لە پیرێم پرسی : ئەی پووریّ تۆ لە کوێوە دێیت ؟

گوتیّ : لە سێرتیّ (سعرت) دەچمە بێرتیّ، خوێنڕێژیی تورکم من .

خان و دیوەخانیان وێران کردن، پیاو و ژنیان سەربڕین .

من گوتم : پیریّ، مەگەر تۆ کوردیت ؟ قامکی خۆی گەست :

نەوەکا پەرژینی رەز بە گویّ بێت، دەنگی خۆت زۆر بەرز مەکەوە

زۆر دەترسم لە لێدانی نێزەی تورکی تەرەس .

من گوتم : ئاغا و بەگ ؟ ئەو گوتی : کورم گوێیان پیّ مەدە

ئەوان شوانن، سەرناسن (گەورە، رابەر)، داویانەتە گورگ رەوە و پەز ( مێگەل، مەڕ و بزن) .

من تەنیا کوڕێکم هەیە، ناردوومەتە مەدرەسە

ئەو دوو - سیّ وشەی پیّ گوتین، پێی تواندەوە جەرگ و بەز

گوتی : دایێ ئێمە دەخوێنین وەك جەگەرخوون گوتوویە :

زوو بخوێنن، یەکتر ببینن، بچنە کوردستان بەپەلە ( یا خێرا) .

دیوانی یـەکەمی جگەرخوین ( دیوانا یەکان)، کتێبی ژمارە ١٩ی کتێبخانەی گۆڤاری هاوارە، سـاڵی ١٩٤٥ لە چاپخانەی تەرەققی ( الترقی) لە شام چاپ کراوە . کە سـەیری ( چاپکراوەیەکی١٩٧١ی رێکخراوی " بـاهـۆز") دەکەم، یەکەم شیعری تێدا بۆ راپەڕینی" ئاگری" ( ئارارات) دەبینم، زۆر لە جێی خۆیدا بە ناوی" ئاگر"ە، چونکە

ئیتر هەر نێلەی ئاگری لێ هەڵدەستێت :

ئاگری تەڤ ئاگرە، دووری هەرن، دژوارە

نە ئاگرێ ئی ساڵە، لێ ئاگرێ سەد ساڵە، کەڤنارە

گاڤا چاڤێن تە لێ دکەڤن بـ شەوق و شەمال

تو دبێ قەی قورغە، لێ نە قورغە، تەڤ ئارە .

بـ خوەندنا وێ خەو دبی دوژمنێ چاڤێن رەش

شەڤ تەڤ دچی، لێ تو دبێ هێ ئێڤارە .

نە دێ و نە باڤ، د بیرا تە نایێن کەس

وەك ژانا زراڤە، لێ مێرکوژە وەك مارە .

(..)

مانای بە سۆرانی :

ئاگری، هەمووی ئاگرە، دووری برۆن، دژوارە

ئاگری ئەمساڵ نیە، بەڵام ئاگری سەد ساڵە، کەونارە

کاتێك چاوت پێ دەکەوێت، بە شەوق و رووناکی ( شەمال = رووناکی)

تۆ دەڵێیت ئەوە قورغە ( ئەستێرەی رۆژێ polaris )،بەڵام قورغ نیە، هەمووی ئاگرە .

بە خوێندنی ( لێکۆڵینەوەی، بیر لێکردنەوەی)، خەو دەبێتە دوژمنی چاوانی رەش

شەو بەسەردەچێت و، تۆ دەڵێیت هێشتا ئێوارەیە .

نە دایك و نە باوك، کەست بە بیردا نایەت

وەکو ژانی باریکە، بەڵام مێرکۆژە ( پیاوکوژە، مرۆڤکوژە)، وەك مارە .

(٢)

هەژار و جگەرخوین، هەر لە دوو شتدا هاوسیفەت بوون : هەرتکیان هەم شاعیری کورد و هەم ورگن بوون، ئیدی تـەواو . لە هیچ رەوشتێکی تردا وێکنـەدەچوون و، نەدەگونجان . هەژار، پێشتر لەگەڵ کسانێکدا هاوژوور ببوو، پێکـەوە لە ژوورێـکدا ژیابوون : حەمە سمێڵی بێ سمێڵ، وریا کانی مارانی، مام کەریمی خـەزووری وەستا ترە،

مەلا شکور ... و ئیدیش، بەڵام - خۆشبەختانە- قەت پێویستی نەکردووە کە لەگەڵ جگەرخوین‌دا هاوژوور بێت، ئەینا دیقوفیقی دەکرد و زوو دڵی دەوەستا! . جگەر خوین، لەوکاتەدا کۆمونیست بوو، رادیۆیەکی زەلامی لە ژووری دانیشتنی ماڵی هەبوو، لە سەر مێزێك لە خوار وێنەی زۆر زەلامی "خالد بکداش"ی سەرۆکی حیزبی کۆمونیستی سووریای کە بە دیوارەوە بوو( تاقە وێنەی بە دیواری ماڵییەوە)، بەڵام زۆر بەزەحمەت قەت دەیتوانی فریای بیستنی دەنگوباسی رادیۆ( زۆرتر هەر رادیۆی‌عارەبیی مۆسکۆ) بکەوێت، چونکە هەر جارە کە بیویستایە گوێ لە دەنگوباسێك بگرێت، دەبوو بکەوێتە گەڕان : میلی رادیۆ بابدات، هەر لەمسەری هەر شەپۆلەوە بۆ ئەوسەری، تا بە وێستگەی رادیۆی مەبەستی هەڵدەنگوت . ئێ ئەوەش کاتی دەگرت و، تا دەیدیتەوە نیوەی دەنگوباسەکە بەسەرچووبوو . هەژار، کە لای دەبوو و ئەوەی دەدیت، زۆر سەیر پێی قەڵس دەبوو: کوڕە بۆ خاتری خودا سەیدا، سەیری بکە بزانە ئەو مەحەتتەیە لە سەر ژمارەی چەندی کامە مەوجە : ئەوەتا مۆسکۆ لەسەر ژمارە ٤٥ یا هەرچەندی مەوجی‌کورتە، دەبێتە مەوجی سێیەمی رادیۆکەت، ئیدی فیری بە،کە ویستت گوێ لە رادیۆی مۆسکۆ بگری، بیخە سەر ئەوێ و تەواو . بەڵام بێ فایدە بوو، سەیدا فێری نەدەبوو و، هەرجارە لەسەرڕا دەستی پێ‌دەکردەوە، دەنگی رادیۆکەی زۆر بەرز دەکردەوە ئەوجا دەکەوتەوە سەر بەزمی‌گەڕانی،کە ئەعسابی‌هەژاری بەوە دەورووژاند، ئیتر هەژار تا چەند رۆژ دوای ئەوە لەبەرخۆیەوە هەر پرتەوبۆڵەی بوو : دە بۆ خاتری خودا، کەسێکی دیکە لە دنیادا هەیە کە هەر جارە ئاوا گوێ لە رادیۆ بگرێ ؟

جگەرخوین سەرەتا ئێجگار زۆر خۆشەویستی‌گەل بوو، بەڵام بە دەستی خۆی لە خۆی تێکدا . لەوەدا بەتەواوی بە پێچەوانەی هەژاری دەکرد . هەژار، وابووە،کەسێك پاشملە قسەی خراپی لەبارەیەوە گوتووە، یا تەنانەت رووبە-ڕوو بە قسەیەك دڵی رەنجاندووە،کەچی ئەو بە قسەی خۆش و گاڵتەوگەپی خۆی دیسان زۆر لێی نیزیك بووەتەوە و نیزیکی کردووەتەوە . هەژار دەیگوت سەیدا "عەکسە"! دوو قسەی پێچەوانەی یەکی کە دڵی دوو کەسی پێچەوانەی پێ خۆش ببێ، ئەو دەچێ بە غەڵەت دەبەشێتەوە . هەژار لە" چێشتی مجێور"دا نموونەیەك بۆ ئەو قسە-یەی دەهێنێتەوە :

" جارێك یەکێکی زۆرگەرم لە کوردایەتیدا کە ناوی « عەبدێ تێلۆ" بوو، گوتی :« هەر کوێ دە نێوان دەجلە و فوراتدایە لە سەر کوردستان حیسابە و داگیرکراوە» . سەیدا جگەرخون فەرموی:« نەخێر! ئەم جزیرەش ماڵی عەرەبە و ئێمە بە ناڕەوا تیا دەژین» . عەبدێ چاوی پەڕیە پشتی سەری، کراواتەکەی‌گرت و بەر مست و زللەی دا. هەی نەکەی . سەیدامان لە دەست دەرێنا و بە عەبدێم گوت جارێکی تر نایەوە دیدەنیم . دەرمکرد . پاش ئەوە بە

ماوەیەك (..) عەرەبێكی(..) قەدەرێك لە قامیشلی حاكم و ئێستاش لە حەسەكە مەركەزی ئستانی جزیرە دەبێتە « موددەعیلعام»(..) زۆر پیاوێكی رووخۆش، زمان خۆش، لەسەرخۆ بو . لەم سەفەرەدا لە هەركوێ‌باین دەیگوت منیش كوردم . زۆر هۆگری ببوین . دوامین رۆژی سەفەرمان بو . لە ناو ماشێندا گوتی : « ئوستاد جگەرخون، دەزانم تۆ شاعیرێكی گەورەی كوردی، حەز دەكەم شیعرێكی خۆت بخوێنیەوە» . سەیدا سرودێكی خوێندەوە : بێ دەجلە و فورات، ئەم چنۆ كوردنۆ ؟»ی تێدا بو . كابرا پێكەنی، گوتی : « ئەگەر من پیاوێكی بەدفەڕ بومایە ئێستا بە ئیعدامكردنم دەدای . تۆ عەرزی سوریا هەمو بە ماڵی‌كوردان دەزانی!» . عەرزی سەیدام كرد : « بە ناشكوری نەبێ تۆ كونی دوعات ون كردوە! ئەگەر ئەمەت بە عەبدێ تێلۆ بگوتایە و قسەی بەوت گوت بە موددەعی عامی‌عەرەبت بفەرمویایە، هەردوك ئافەریمیان لێ‌دەكردی» (ل ٢٣٦-٢٣٧) . (سروودەكە:" بێ خەلیج و بێ فەرات، بێ جزیر و بێ خەلات، بێ سەرا و بێ كەلات، ئەم چنە كوردنۆ" . هەژار لێرەدا چیرۆكەكەی كورت كردووەتەوە، ئەوەی من لە هەژارم بیست بەم جۆرە بوو گوتی : پیاوە عەرەبەكە، كە سروودەكەی لە سەیدا بیست، كوتی « من حەیف كە كوردی نازانم، بەڵام دەجلە و فوراتم تێدا بیست، مەبەستتان لەوە چیە ؟»، ئیدی من جوابم داوە كوتم :« مەبەستی لەوەیە كە دەجلە و فورات سەرچاوەكەیان لە كوردستانە» . كابرا گوتی : « بەڵێ، راستە، ئەوە دەزانم» . سەیدا جگەرخوین كوتی :« نەخێر، من دەڵێم هەر كوێ دە نێوان دەجلە و فوراتدایە كوردستانە ( هەمان قسەكەی عەبدێ تێلۆ) و، ئەوەی بە دڵی نیە با لێ دەرچێ و ملی بشكێنێ، ئەمنا دەیكوژین و دەیبڕین و وای بەحاڵی! ئیدی پیاوە عەرەبەكە بەوە تووڕە بوو و وای بە جگەرخوین گوت كە من ئێستا دەتوانم بتدەمە دادگا و بە ئیعدامكردنت بدەم . هەژار هەمیشە زۆر چاك دەیزانی چی بە كێ دەڵێ، جگەرخوین ئەوەی نەدەزانی .

(٣)

كاتێك راپرسییەك بۆ یەكێتیی میسر و سووریا لەو دوو دەوڵەتەدا كرا(١٩٥٨)،بەتایبەتی كۆمونیست و بەعسی زۆر بە دڵگەرمی دەنگیان بۆ دا . دەنگی كوردی رۆژئاواش بە دەستی‌كۆمونیستان بوو . من باشم لە بیرە، لە " تربە سپی"، لە بەرەبەیانی رۆژی دیاركراودا، لە مەیدانی گشتیی پێش قشڵەی فەرەنسییەكان ( ئەوسا هێشتا مابوو)، دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا زەویی دەهەژاند و، گەورە و بچووكی لاو و پیاوان ( بەڵام بە بێ جنسی مێ) پۆل-پۆل روویان لەو مەیدانە دەكرد و، ئیستیمارەیەكیان لە خێوەتێك وەردەگرت، پڕیان دەكردەوە كە بەڵێ ئێمە ئەو یەكێتییەمان دەوێت و، دەیانخستە سندووقێكەوە كە بۆ ئەوە دانرابوو . كەس باسی ئەوەی نەدەكرد ئاخر بۆچی

دەبێت کورد دەنگ بۆ" کۆماری‌یەکگرتووی‌عارەب" بدات بە بێ ئەوە هیچ ناوێکی‌کورد و مافێکی لە شوێنێکدا باس کرابێت. ئیتر سەردەمەکە وابوو. باس هەر باسی دژایەتیی کاپیتالیزم و ئیمپریالیزم و ئەو شتانە بوو، باسی شتی تر نەدەکرا.

منیش وەکو منداڵانی تری گوند، بۆخۆم لەوێ دەسووڕامەوە و سەیری ئەو حشاماتەم دەکرد. هەژار پەیدا بوو، چووە بەردەمی خێوەتەکە و ئیستیمارەیەکی وەرگرت، کەمێك دوورکەوتەوە و سەیرێکی کرد و،گەڕایەوە بەردەمی خێوەتەکە، گوتی: ئەوە چیە ئێوە ئیستیمارەتان داومێ لەسەری نووسراوە" الجمهورية السوريه"، من ئەمەم ناوێ، ئیستیمارەی" الجمهورية العربية المتحده"م دەوێ. ئیدی هەموو لە قاقای پێکەنینیان دا. ئەوە شێوەی دوانی هەژار بوو لەگەڵ دەوروبەردا، دەوروبەری شاد دەکرد. ئیتر کارمەندانی لە خێوەتەکە بوون ئەو قسەیەیان لێ خۆش هات و، وادەبوو بە هەرکەسێکی داواکاری ئیستیمارەکەیان دەگوت: ببوورە، ئیستیمارەی" الجمهورية العربية المتحده"مان نیە! سەیدا هەژاریش ناچار هەر ئەمەی وەرگرت.

یەکێتیی ئەو دوو دەوڵەتە پێکهات. ناسر لەپێشدا کەوتە گیانی کۆمونیستان، جا وەرە بیانگرە و شکەنجەیان بدە و بیانکوژە. خالد بکداش توانی رابکات، بەڵام رابەرێکی‌تریان(فرج الله الحلو)یان گرت و دەیانگوت کە هەر لە تێزابدا تواندوویانەتەوە. هۆی سەرەکیی یەکێتییەکە لای ناسر هەر ئەوە بوو کە دەیویست لەکۆمونیستەکانی سووریا بدات. ئەوانە هێزی یەکەم بوون لەو وڵاتەدا، هەر بە نموونە لە زۆران: سەرۆکی ستادی (ئەرکانی) هێزی چەکداری سووریا "عفيف البزري" کۆمونیست بوو. رابەرانی کۆمونیست هێشتا لە مۆسکۆوە ئیجازەیان نەدرابوو بڵێن پێمان ناخۆشە دەمانکوژن کە کۆمونیستانی ریزەکانی خوارەوە زۆریان ئیمانیان لە دەست دا و کەوتنە باسی ئەوە کە چ کەرێتییەکیان کردبوو.

کورد لە دیموکراسیی پێش ئەو یەکێتییەشدا مافی‌نەتەوایەتییان نەدرابوویێ (هەر تەنیا لەسەردەمی داگیر-کردنی فەرەنسییەکاندا خوێندگەی کوردی و کتێبی کوردی بە پیتی لاتین و مافی تری فەرهەنگییان هەبوو، بە رۆیشتنی ئیستیعماری فەرەنسی ئەوانیش ئەو مافانەیان نەمابوون)، بەڵام ئێستا رژیم بە دەستی" عبدالحميد السراج"ی جینایەتکاری دەستی ناسر(جۆرێك نازم کزار ی عیراق لای ناسر)، بە سیاسەتی ئێجگار زۆر نەژاد-پەرستانە کەوتە لێدانی کورد. ئیتر" تربه سپی"یش لەجیاتی دەهۆڵ و زوڕنا و هەڵپەڕکێی‌خۆشی، دەبوو شین و واوەیلا بکات.

کاك مەجیدی چەچان ئاغای حاجۆی رەحمەتی، من چەند مانگێکی ١٩٧٥-١٩٧٦ لە قامیشلی لە ماڵی بووم،

یادی ئەو رۆژانە بەخێر، نێوانمان ئێجگار زۆر خۆش ببوو . یەکێك لە چیرۆکەکانی هەژاری کە بۆی گێڕامەوە، باسی ئەوەبوو، گوتی : " سەیدا هەژار گوتی : ئەوە چیرۆکی وەکو هی ئەو کوڕە بوو کە دەیگوت خۆزگە دایکم بمردایە، بابم ژنێکی بهێنایە، هەم بابم دەیگا و هەم من دەمگا. بەڵام ئەوەی مرد، دایکی نەبوو، بابی بوو، پیاوێك دایکی هێنا، هەم دایکی دەگا و هەم ئەوی دەگا! خالد بکداش وای دانابوو کە سووریا و میسر ببنە یەك، حیزبی کۆمونیست لە سووریا و میسریش و، هەرتکیان دەخاتە کۆشی خۆیەوە . بەڵام نا، ئەوە ناسری میسر بوو کە هات و سووریاشی خستە کۆشی خۆیەوە . هەژار لە" چێشتی مجێور"دا باسێکی ئەو رووداوانە دەکات، بەڵام لە باسی راپرسییەکەدا دەڵێت کە ئەو خۆی (هەژار) دەنگی بۆ ئەوە نەداوە و، هەر نەچووەتە شوێنی راپرسییەکە! بەڵام چیرۆکەکەی دووەمی لەگەڵ کاك مەجید حاجۆدا باسکردووە . ئیدی هەژار بەوجۆرە، هەم لە کاتی هەڵبژاردنەکەدا بە قسەی خۆشی خۆی دەوروبەری شاد کرد، هەم بە ریسواکردنی دواتری کارەکەی کۆمونیستان و، وا هەم لە کتێبی ژیننامەکەشیدا نیواو نیو مێژوو تۆمار دەکات و، بەوە لێرەشدا خوێنەرانی خۆی شاد دەکات . بەراوردی ئەوە بە قسەکانی جگەرخوین لەگەڵ عەبدێ تێلۆ و پیاوە عارەبەکەی حەسەکەدا، بە روونی پیشانی دەدات کە هەژار دەورویەری خۆی شاد دەکرد و خۆشەویست دەبوو، لەکاتێکدا کە جگەرخوین ئەوەی نەدەزانی، تەنانەت بەدەستی خۆی دنیای لەخۆی دەشێواند .

هەرچەندە من هەر ئەوسا لە قامیشلی لە دەمی سەیدا جگەرخوین خۆیم بیست گوتی کە نیازی هەبوو ژیننامەی خۆی ( ئۆتۆبیۆگرافی) بنووسێتەوە ( دەقی قسەکەی وەهابوو کە لە مەجلیسدا رووی لە ژنەکەی کرد و گوتی " منیش جارێك وەکوهەژار هەڵەی ئەوەم کرد گوتم رۆژێك ژیننامەی خۆم بنووسم، خۆ هەر دەمەویت بینووسم بەڵام ..."،کەواتە بەگوێرەی ئەو قسەیە هەژار هەر ئەوسا ١٩٥٧ ئارەزووی نووسینی ژیننامەی خۆی لای جگەرخوین باس کردووە)، بەڵام من نەمبیستووە جگەرخوین ژیننامەی خۆی نووسیبێت، وادیارە نەیکردووە . حەیف کە نەیکردووە، ئەمینا ئێستا بە " چێشتی مجێور"ی هەژارمان بەراورد دەکرد و، ئەوە حەقەن شتێکی زۆر خۆشی لێ دەردەچوو . من پێم وانیە کەسێك لە دنیادا قەت هەبووبێت کە بە هەستێکی زۆر تاڵەوە بڕیاری نەدابێت چەند شتی زۆر گرنگ لە خوێنەری ژیننامەی بشارێتەوە، کەواتە - بە شێوەیەك لە شێوەکان - گزی و فزییەکی تێدا نەکردبێت . حەقەن هەژاریش وابوو و، ئیتر جگەرخوینیش وەکو ئەم هەمووە خەڵك و خوایە هەر وا دەبوو . بەڵام ئەوسا لێکۆڵینەوەیەکی ئەوەی کێ چیی سانسۆرکردووە و لەدواییدا هەمووی چۆن پێشکەش کردووە، دەبووە باسێکی زۆر خۆشی تۆژینی سایکۆلۆجیی شاعیرانی ناودار و، ئەوە کتێبخانەی کوردی دەوڵەمەند دەکرد .

حەقەن من خۆم ئەو کارەم دەکرد و، هەوڵی ئەو بەراوردەم دەدا، بەڵام حەیف، سەد حەیف کە سەیدا جگەرخوین ژیننامەی خۆی نەنووسیوە .

ساڵی ١٩٥٨، هەژار لە " تربە سپی "یەوە و " زەبیحی " لە شامەوە گەڕانەوە بەغدا . ساڵی دوای ئەوە، نۆرەی جگەرخوین بوو کە لە " قامیشلی "یەوە چووە بەغدا و، بە رەسمی بە پەنابەری سیاسی وەرگیرا . معاشێکی پەنابەریی وەردەگرت . کاتێك ئەو هاتە بەغدا، هەژار لە یەکێتی سۆڤیەت کەیفی دەکرد . زەبیحی و جگەرخوین زۆرتر هەر لە دووکانی ئوستاد بەشیر موشیر یەکتریان دەدیت . زەبیحی چەندە " هێمن "ی بە جیددی وەردەگرت، " جگەرخوین "یشی هەر ئەوەندە بە جیددی وەردەگرت، ئای کە گاڵتەی لەگەڵدا هەبوو . هەر جاری یەکەم کە جگەرخوین لە بەغدا دەبینێت، لەجیاتی باوەش پێداکردن و چاك و چۆنی و ئەو شتانە، هەر لە دوورەوە پێی دەڵێت : " سەیدا ئەوە تۆ لێرە چ دەکەی ؟ مەگەر نازانی کە بەغدا ئاودەستی عموومیی لێ نیە ؟ تێداچووی! غەڵەتت کرد، جا ئێستا تۆ چ دەکەی ؟ ". من ئەوەم جاری یەکەم لە زەبیحی بیست کە بە پێکەنینێکی زۆرەوە گێڕایەوە . بەڵام دواتر، بە بێ ئەوە کە من خۆم هیچ باسی ئەوەم کردبێت، سەیدا خۆی، هەر لە خۆیەوە هەمان شتی گێڕایەوە، ئەوجا لە منی پرسی : ئەو قسەیەی زەبیحی راستە ؟ لێرە ئاودەستی عموومی نیە ؟ من شێوەی پرسیارکردنەکەیم زۆر جیددی هاتە بەرچاو، وام هەست کرد کە ئەو مەسەلەیەی زۆر مەبەست بوو و دەمگوت خودایا بۆچی دەبێت لەو هەمووە خەڵکەی دنیا " ئەو " ئەوەی ئەوەندە مەبەست بێت ؟ من ترسەکەم رەواند کە : نەخێر نەوەڵڵا، هەیە و وادیارە زەبیحی ویستوویە گاڵتەت لەگەڵدا بکات .

من کە جاری یەکەم سەیدام لە بەغدا دیت، پیاوێکی دۆستی لەگەڵدا بوو، کوردێکی حەلەب یا دەوروبەری حەلەب بوو، ئەگەر باشم لە یاد مابێت ناوی " محەمەد عەلی خۆجە " بوو و، بە مرۆڤێکی زۆر گران و بەرز و بەڕێز دەهاتە بەرچاوم . بە زوویی هەرتکیان لە بەشی کوردیی رادیۆی بەغدا کاریان دراێ و، سەیدا جگەرخوین لەسەر رادیۆ بەکوردی هێرشیدەکردە سەر رژێمی ناسر لە سووریا . من چەندجارێك چووم لە ئیدارەی رادیۆ و تەلەڤزیۆن سەرم دان ( بۆ دەعوەتیان بوو بۆ نانی نیوەڕۆ لەلایەن ژنی هەژارەوە) . بۆ چوونە ژوورەوەش لەو ئیدارەیە، کە پێویستی بە کەسێکی کارمەندی ئەوێ هەبوو، پرسیاری " حبیب محمد کریم "م دەکرد ( دواتر بوو بە سکرتێری پارتی)، ئەوسا لە تەلەڤزیۆنی عارەبیی بەغدا دەردەچوو( دەنگوباسی دەخوێندەوە و... گۆینده بوو) . ئەو دەهات و لە کۆنتڕۆلی بەردەرگای رزگاردەکردم . جارێکی تریش بە هەمان شێوە چوومە خزمەت مامۆستا حەسەن قزڵجی

که له بەشی" الإنصات و الترجمة"ی رادیۆی فارسی لەوێ کاری دەکرد . سەیدا، دوای ماوەیەك، بوو بە مامۆستا لە بەشی خوێندنی کوردی لە " معهد اللغات العالی" لە بەغدا ( ئەویش وەکو سەجادی " محاضرە"ی دەدا، نەك ئەوە کە بە ناوی ئوستاد دابمەزرێت، ئەویش هیچ دیپلۆمێکی نەبوو) .

هەژار لە سۆڤیەت هاتەوە . ژن و ئەولادی جگەرخوێنیش گەیشتنە بەغدا و، ئیتر نێوانی ماڵی هەژار و ماڵی جگەرخوێن دەستی پێکردەوە . ژنی هەژار و ژنی جگەرخوێن و سینەم خانم بە رێکوپێکی هاتوچۆی یەکتریان دەکرد . جگەرخوێن خۆیشی چەند جار هاتە ماڵی هەژار، بەڵام هەژار قەت ماڵی جگەرخوێنی لە بەغدا نەدیت . من خۆم بەتەنیا زۆر دەچوومە ماڵی سەیدا . سەرەتا ماڵیان لە کۆتایی" الوزیریە" بوو، دوای ئەوە چوونە شوێنێك لە " خلف السدە"ی کۆتایی" الأعظمیە" . کە دەچووم، یەك وێستگەی پاس ( ئۆتوبوس)ی پێش کۆتایی لای مزگەوتەکەی ئیمامی ئەعزەم دادەبەزیم و زۆر دەڕۆیشتم تا دەگەیشتمە ماڵیان لە پشت سەددەکەوە، خەتی پاس ئەوسا بۆ ئەو " خلف السدە"یە نەبوو .

جگەرخوێن لە بەغداش کۆمونیست بوو و، ئەو کارەی رادیۆی و ئەوجا ئەوەی لە خوێندنی کوردی، شیووعییە- کان بۆیان هەڵسووڕاندبوو ( شیووعی ئەوسا لە عیراق دەستیان ئێجگار زۆر دەڕۆیشت، وەکو شیووعییەکانی سووریای پێش یەکێتیی لەگەڵ سووریادا) . لە بەرانبەردا، پارتی سەیدایان زۆر ناخۆش دەویست . برایم ئەحمەد هەر زۆر رقی لێ بوو و، ئوستاد بەشیریش قسەی پێ دەگوت : ئێ ئەمە چیە ئەم جەگەر ... ئەمە چیە ؟ ژنی سەیدا ژنێکی ئێجگار زۆر چاك، زۆر بەڕێز و مرۆڤی نموونەیی بوو، زۆر بە مەحەببەت بوو . زۆرتر وا دەبوو کە دەچووم قاپێك ترشیاتێکی دەخستە بەردەمم و دەیگوت بخۆ، دەزانم تۆ ئەوەت پێ خۆشە . باینجانی رەشی زۆر بچووکی پڕکردبوو لە سیر وکەرەوز و خستبوویە سرکەوە، من زۆرم لا خۆش بوو . ئەو لەگەڵ هەموو میوانان و دەوروبەریدا وا بوو، وەکو دایك یا خوشکێکی زۆر دڵسۆز بوو . ئەو بۆی گێڕامەوە گوتی : برایم ئەحمەد گوتوویە جگەرخوێن بۆ پارە هاتووەتە ئێرە، بە ناوی کورد خۆی دەوڵەمەند دەکات و شیووعیشە . من نەمبیستووە جگەرخوێن لە بەغدا قەت سەری لە ماڵی سەرۆك بارزانی دابێت . من خۆم جارێك لە دەمی جگەرخوێنم بیست کە بە" پارتی"ی گوت : " بەعسیی کورد" . کە شۆڕشی کوردیش هەڵگیرسا ، لام وایە تاقە پێوەندییەك و ئاگادارییەکی راستەخۆی سەیدا لە شۆڕش ئەوە بوو کە من جارێك چەند بەیانێکی چالاکیی پێشمەرگەم بۆ برد ،دوای سێ رۆژ چووم وەرمگرتنەوە، ئەوسا لەگەڵ بەیانەکاندا پارەیەکی کەمی وردەی پیتاکیشی دامێ بۆ پێشمەرگە ( پێم وایە سێسەد فلس بوو ) . سەیدا ئەوسا پێی گوتم ئەم پشنیارەشی بگەیەنم: با کەسانێکتان هەبن لە شار ،بکوژن و دەست بەجێ خۆیان بکوژن .

(٥)

ئەو ساڵانەی مانەوەی سەیدا لە بەغدا (١٩٥٩-١٩٦٣) بۆ ناو و ناوبانگی سەیدا، بە پێچەوانەی ساڵەکانی مانەوەی هێمن لە بەغدا بۆ هێمن، هیچ باش نەبوو، تەنانەت زۆر زیانی بۆ شەخسیەتی سەیدا هەبوو. سەیدا لە بەغدا دوو کتێبی دانان، کە نەدەکرا زۆر بە جیددی وەربگیرێن: ئاوا و دەستوورا زمانێ کوردی - ١٩٦١ و، دوو بەرگی فەرهەنگ - ١٩٦٢. کتێبەکان، بۆ خوێندکارانی مەعهەدەکە دانرابوون، کە جگەرخوێن پارەیەکی باشی بۆ چاپی وەرگرتبوو و، زەبیحی کە ئەوسا بەرپرسیاری چاپخانەی "صلاح الدین"ی پارتی بوو، بۆی چاپ کرد و، پارەکەی وەدەست هێنا. هەژار دەیگوت هەر بیری چاپکردنی کتێبێکی وا، زەبیحی خستوویەتە سەری جگەرخوێنەوە، چونکە دەیزانی مەعهەد پارەی چاپی بۆ ئەوە دەداێ و، زەبیحیش مەبەستی هەر پارەکە بوو بۆ چاپخانەکەی، ئیدی گوێی بەوە نەدەدا چۆن بوو و چۆن نەبوو.

زۆر بەداخەوە کە من ئێستا ئەو دوو کتێبەم نین و، لەوساوە ئیدی هەر لە هیچ کوێ نەمدیتوون، ناچار مەگەر هەر بە پشت بەستن بە بیرەوەری لێبدوێم و ئەوەش رەنگە کارێکی زۆر بە ئینساف نەبێت. چونکە ئەو دوو کتێبە بە رادەیەك بە نوختەی زەعفیان سەرنجیان راکێشاوە کە ئیتر لێنۆڕینی شتە بەکەڵکەکانی (کە حەقەن تێدابوون) لە بەرچاوی خەڵك شاردووەتەوە، یا لەبیری بردووەتەوە. ئاوا و دەستوورەکەی، گوایا رێزمانی تەواوی کوردی بوو، بەراوردی کرمانجیی باکوور و سۆرانیشی تێدا کرابوو، بەغوونە تێدا نووسرابوو:

کرمانجیی باکوور: مە نان خوار.

سۆرانی: ئێمەمانان نانمان خواردمان!

زۆر کەس - زۆر لە جێی خۆیدا- دەیانگوت ئاخر یانی چی شتی وەها بە خوێندکاری خوێندنی بەرز بگوترێت؟ تەبیعی خوێندکارەکانیش ئەوەیان قەبووڵ نەبوو: ئێمەمانان خزمان دیتمان، نانمان خواردمان... ئیدی بەوجۆرە.

بەڵام سەیدا ئامادە نەبوو پاشگەز بێتەوە، هەر پێی لەسەر ئەوە داگرت کە سۆرانی وەهایە. هەرچەندە من ئەوسا هەر لاوێکی ١٥-١٦ ساڵ بووم و بە ئەوپەڕی حورمەت و رێزەوە لەگەڵی دەدوام، بەڵام منیش لێرەدا جارێك پێم‌گوت: ئاخر سەیدا خۆ ئێمە بە سۆرانی ناڵێین ئێمەمان نانمان خواردمان. گوتی: هون خەلەتن! (ئێوە هەڵەن).

راستی، سەیدا هەر تەواوی شێوازی سۆرانیی پێ "هەڵە" بوو. دەیگوت: سۆرانییەك دێت دەڵێت:" ئامۆزام یا برازام یا خوشکەزام مرد"، هەموو دەست دەکەن بە گریان و نازانن کێ مردووە! نازانن مردووەکە کێیە: "پسمامێ وی" (کوڕی مامی) یا "دۆتماما وی" (کچی مامی)، "برازیێ وی" (کوڕی برای)، یا "برازییا وی"

( کچی برای)، " خوارزیێ وی" (کوڕی خوشکی) یا " خوارزییا وی" ( کچی خوشکی) .

سەیدا جارێك بە منی گوت : " خۆهەژار خۆی دەڵێت سۆرانی هیچی بەسەر هیچییەوە نیە! هەمووی هەڵەیە!".

من ئەوەم بۆ هەژار گێڕایەوە، هەژار زۆری پێ تووڕە بوو و چەند قسەیەکی زۆر ناخۆشی کرد و، گوتی : " نازانم ئەوە بۆچی بوختانم پێ دەکا و فەتوای بە نێوی من دەدا، من شتی وا چۆن دەڵێم ؟ ئەسڵەن هەر یانی چی بە هەر زمانێك یا لەهجەیەکی دنیا بڵێی غەڵەتە و هیچی بەسەر هیچییەوە نیە ؟ ".

سەیدا زۆر بڕوای بە خۆی بوو . من ئەوەم هەر تەنیا لە هەژار بیستووە، نە لە کەسی تر، بەڵام بە سەیری نابینم ڕاست بێت،کە دەیگوت جگەرخوین لە شیعرێکیدا گوتوویە : کا لینین ؟ کا ستالین ؟ کا سەیدایێ جگەرخوین؟ ( کا؟ = کوا؟) .

فەرهەنگەکەشی، هەم فەرهەنگی وشەی زمان و هەم ئەنسیکلۆپیدی بوو . شتی وەهای تێدا بوو :

اسمهان : خوەها ( یا خوشکا) " فریدالأطرش"ـە، دبە " ئەسما خان" بە ( یا شتێکی وەها کە ئێستا دەقەکەیم بە وردی لە یاد نیە، حەیف کتێبەکەیم نیە) .

سیروان : هوتێلێکە لە بەغدا و ڕەنگە جێگایەکی خۆشیش بێت!

بە کورتی : هەرتك بەرهەمی، کارەسات بوون .

ئەو چەند نموونەیەی کە لێرەدا هێنامنەوە، من خۆم لەو دوو کتێبەدا دیتوومن، خوێندوومنەوە و بە دڵنیایی لەبیرم ماون . پەندی" مشتێك نموونەی خەڵوارێکە" ڕەنگە لێرەدا لە جێی خۆیدا بێت، ئەو دوو کتێبە شتی پتری وەهای تێدا هەبوون . بەڵام دەکرێت شتی تریش ببیسیت کە بۆی هەڵبەسترابن، هێندێکیشیان هەر بۆ گاڵتە لەلایەن هەژارەوە دروست کرابن و خەڵك بە جیددییان وەرگرتبن، چونکە نێوانی گاڵتە و جیددیبوونی هەژار هەمیشە روون نەبوو . هەژار - بەنموونە- بڵاوی کردبۆوە کە لە " فەرهەنگ"ی سەیدادا، لە ژێر حەرفی " ح"دا: " حەمەی سالح : ئەوە پیاوێك بوو پێش دوو ساڵ گرتمی و زۆر شەقی تێهەڵدام"! کە هەژار خۆی بۆی دروست کردبوو . زۆرترینی خوێندکارانی شاگردی سەیدا ،کتێبەکەیان نەکڕی . سەرەتا ، چەندێکیان کڕیبوویان، ئەوانیش بەسەریاندا دایەوە و داوای پارەکەیان کردەوە .

جگەرخوین ئەو ماوەیەی لە بەغدا بوو ،هیچ دیوانێکی خۆی چاپ نەکرد( تەنانەت چەند شیعرە سۆرانییەکەشی بڵاونەکردنەوە) .

ڕۆژێك جگەرخوین بە هەژاری گوتبوو : دوو فایلی کتێبم هەن، دەمەوێت لای تۆ بن، بۆم هەڵبگریت . هەژاریش

گوتبووی : باشە بەسەرچاو . هەژار - زۆر لەجێی خۆیدا - " دوو فایل" بە دوو پەروەندە تێگەیشتبوو . بەڵام دوای چەند رۆژێك، یەك لۆری( کامیۆن)ی باری لەبەر دەرگای ماڵی هەژار وەستا و، باریان داگرت : بە هەزاران لەو کتێبانەی سەیدا جگەرخوین . زەبیحی ئەو هەمووە کتێبەی بۆ چاپ کردبوو و هیچی لێ نەفرۆشرابوو . ئیدی هەژار ئاوا بە هەڵە پێوە بوو . هەموویان لە گۆشەیەکی باخچە هەڵچنین و، ناو بە ناو هەژار لەگەڵ باخچەکەی هێندێکیشی لەو کتێبانە ئاو دەدان! ... کتێبی بەدبەخت زۆر بێ ناز بوون، بە سۆرانیی سەیدا : کتێبەکانیان لە باخچەکانیان ئاویان دەدانیان! تا یەك- دوو ساڵ دوای رۆیشتنەوەی سەیدا بۆ قامیشلی بوو کە هەژار ئەو کتێبا-نەی بەسەر سینەم خانمی کچی سەیدادا دایەوە ( سینەم خانم لای مێردە عارەبە عیراقییەکەی هەر لە بەغدا بوو) . کتێب، بە هەر حاڵێکی کە مابوونەوە، گەیشتنەوە دەستی سینەم خانم . ئێستا دەڵێم خۆزیا بمزانیبا سینەم خانم چیی بەسەر کتێبەکان هێناوە ... یا ئەو کتێبە شوومانە - خوا نەکات - چییان بەسەر سینەم خانم هێناوە .

(٦)

سینەم خانم کە مێردی کرد، ئیتر نێوانی لەگەڵ ماڵیهەژاردا نەما . نە من و نە کەس لە ماڵی هەژار قەت مێردەکە-یمان نەدیت . بۆ کتێبەکانیش کە هەژار بەسەریدا دانەوە هەر لە رێگایەکی سێیەمەوە پێکهات، کەسانێك هاتن و بردیان، بۆ چ ئادرەسێك ؟ نەمانزانی . کە سەیدا و ژن و زاروزیچ گەرانەوە رۆژئاوای کوردستان، ئەوانیش ئیتر بە تەواوی لە ماڵی هەژار دابڕان، قەت نامەیەك، دەنگوباسێك، ئاگادارییەك - شتێکیان لە یەکتر نەبوو .

یەکەمجاری دوای ئەوە کە من باسی سەیدام بیست، ئەوەبوو کە هەژار گوتی : جگەرخوین هاتووەتە کوردستان (١٩٦٩)، بەڵام گوتی کە لە شۆڕش" گومانی لێ دەکەن کە پێوەندیی بە حکومەتی سووریاوە هەبێت" ( دەقی قسەی هەژار) . جگەرخوین لە قەڵەمڕەویی شۆڕش، هەر میوانێك بوو، هیچ کارێکی پێ نەسپێردرا ( وەك کە هێمن و هێدی - بە نموونە- لەگەڵ هەژاردا لە رادیۆ یا لە چاپخانە دەبوون، ئەو شتی وای نەبوو) . ئیدی من هیچ دەنگوباسێکی سەیدام نەبوو( دەڵێن ١٩٧٣ چووەتە لوبنان)، تا لە بەرەوکۆتایی هاوینی ١٩٧٥ چوومەوە رۆژئاوای کوردستان، سەرەتا چەند حەفتەیەك لە " تربە سپی" بووم، ئەوجا چووم چەند مانگێك لە ماڵی کاك مەجیدی کوڕی چەچان ئاغای حاجۆ لە قامیشلی مامەوە .

کاك مەجیدی هەڤاڵی زۆر بەرێز و خۆشەویستم لە رابەرانی پارتی و پێبەندی ماڵی بارزانی بوو، باسی سەیدای بە باش نەدەکرد . نەك هەر ئەو، هەموو ماڵی حاجۆ و، هەموو ئەو کەسانەی کە من لە تربەسپی دیتمن ( لە پارت و

ڕێکخراوانی‌جیاواز) کەسێکیان تێدا نەبوو کە بە قسەیەك ددانێکی‌خێری پێدا بهێنێت . من لە قامیشلی زۆر لە دووکانی کاك " شکری موصللي"دادەنیشتم - کەسێکی لەبابەتی ئوستاد بەشیری خۆمان، کە من زۆر قەرزداری چاکە و لوتفی ئەو بەڕێزەم، زۆر کەسم لە دووکانەکەی ناسین و بە خۆشترین ساوار و گۆشتیش دەعوەتی ماڵیی کردم . دەچوومە قاوەخانەی" کەربیس"یش کە ناوی لە شیعری جگەرخوین‌دا هەیە :

(..)

ئەگەر وەك من ئەڤیندارى، کەرەم کە قەهوەیا کەربیس

د لۆجێدە، مە نابینن نە " ئاگۆپ" و نە " دیکران"ـە .

ئەڤینداران گونەهـ نینە، وسا فەرمان کری زەردەشت

بـ دل هەرکەس گونەهکارە، بـ دەڤ هەرکەس مسلمانە .

(..)

( ئەگەر وەك من ئەڤیندارى، فەرموو وەرە قاوەخانەی کەربیس

لە لۆجێدا ( گۆشـەی جیاکراوە) نـامانبینن نـە ئاگۆپ و نـە دیکران ( تۆمەز گومانیان لێ کراوە کە دوو کرێکاری جاسووس بوون لەو قاوەخانەیەدا) .

ئەویندارا‌ن گوناهیان نیە، وای فەرمان کردووە زەردەشت

بە دڵ هەر (هەموو) کەس گوناهکارە، بە دەم هەر (هەموو) کەس مسوڵمانە) .

وا دەبوو کەسێکی کە نەمدەناسی لەوێ دەهاتەلام و لێیدەپرسیم : تۆ کوڕی سەیدا هەژاریت ؟ دەمگوت : بەڵێ . ئەوجا لام دادەنیشت و یەك دنیا باسی دەکردەوە . لەوانە، پیاوێکی زۆر بە سـەروسیما، هاتە لام و گوتی : من برای " دکتۆر نـافیز"م ( برای دکتۆر نـوورەدین زازا) و، بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە پرسیاری زۆری لە بارەی هەرەسی ١٩٧٥ و هیوای دیسان ژیانەوەی شۆڕشی لێ کردم . مـەبەستم لەو قسانە لێرەدا ئەوەیە کە بڵێم من لە دەوروبەر دانـەبڕابووم، ئاگام لە خەڵك هـەبوو و، دەتوانم بە دڵنیایی بڵێم کە جگەرخوین ئـەوسا لە تربەسپی و لە قامیشلی بە هیچ جۆرێك خۆشەویستی خەڵك نـەبوو . دەیانگوت جگەرخوین لە حیزبەکەی" حەمید دەرویش"دا بوو ( پارتی دیموکراتی پێشڤەروو لە سووریا) .

حـەمید دەرویـش، سـاڵانی زۆر، نیزیکترین کەس بوو لە تـاڵەبانی و، ڕەوشت و شێوەی کاریشی کۆپییەکی تاڵەبانییە و، ئێستاش لەبەرچاوترین سیاسەتمەداری ڕۆژئاوای کوردستانە ( سەرۆکی ئەو شاندەی ڕۆژئاوا بوو کە

یەکەم مانگی ٢٠١٤ چووە کۆبوونەوەی جنێڤ و پێکاکا زۆری پێ تووڕە بوون و قسەیان پێ‌گوت) . من هەر یەك جار لە بەغدا دیتوومە، لە مەجلیسێك دانیشتبوو، مارکسیزمی شەرح دەکرد . دەبێت من لێرەدا ئەوەش بڵێم کە من بە ڕێکەوت تووشی کەسێك لەو حیزبەی نەبووم تابەڵکو شتێکی باش لەبارەی جگەرخوین لە کەسێك ببیسم.
کاك مەجیدی حاجۆ دەیگوت : جگەرخوین و حەمید دەرویش لە لوبنان پێوەندییان بە سەفارەتخانەی بەعسی عیراقەوە هەبووە (من قسە وەکو خۆی دەگێڕمەوە، ئیتر حەقیقەت لەوناوەدا چۆن بووە یا نەبووە نازانم، چووزانم؟) .

(٧)

کاك مەجیدی حاجۆ دەیگوت : لەوەتەی جگەرخوین هاتووەتەوە قامیشلی، ناوێرین بچینە سەرەخۆشییەکیش، چونکە پرسە هی هەر کەس بێت، جگەرخوین هەموو ڕۆژێك، لە سەرەتای ڕۆژی پرسەوە تا کۆتاییەکەی لەوێ دادەنیشێت؛ ئێمەش کە دەچینە پرسە، لەبەر دەرگا دەمانگرێت و دەمانخاتە وەزعێکەوە کە ناچار بین دەست بخەینە دەستییەوە ... ئەو فێڵبازە چۆن ئەو پرسەیە بۆخۆی دەقۆزێتەوە تا دەست بخرێتە دەستییەوە، دەزانێت کەس حەز لە چارەی ناکات و، تا بە ئەو فێڵانە دەیەوێت خەڵك قەبووڵی بکات .

دە من کاتێك ئەوەم لە کاك مەجیدی خۆشەویستم دەبیست، بیرم دەچۆوە بۆ ١٨ساڵی پێش ئەوە، کە چەند هەنگاوێك لەولاوەی ئەو شوێنەی قامیشلییی کە ئێستا کاك مەجید لەوێ ئەو قسانەی بۆ دەکردم :
ڕۆژێکی هاوین، هەژار و من پێکەوە لە قامیشلی بە شەقامێکدا دەڕۆیشتین، تووشی سەیدا جگەرخوین بووین کە بەتەنیا بوو . هەژار و جگەرخوین چاکوچۆنییەکی گەرمیان کرد، ئەوجا جگەرخوین بە یەك - دوو وشەیەك منیشی دواند ( هەرچەندە جگەرخوین بە گشتی لە پێوەندیی کۆمەڵایەتی و دواندنی خەڵکدا - بە پێچەوانەی هاوسەرەکەی - وشك بوو و هەر دەبوو ئەو جێی سەرنجی خەڵك بێت، نەك ئەوە کە ئەویش بە کەس بڵێت دەتبینم) .
ئیدی پێم‌وایە هەر وا لە پەنجا میترێك بەولاوە پتر نەڕۆیشتبووین کە تووشی هەمان کاك مەجیدی حاجۆ بووین کە ئێستا وەها باسی سەیدای بۆ دەکردم، ئەوسا ئەفسەرێکی دوو ئەستێرە لە سەر شان ( ملازم ئەووەل، سیتوانی یەکەم)ی هێزی پیادەی لەشکری سووریا بوو( بەڵام لەو لەحزەیەدا کە تووشی بووین، بە بەرگی سەربازیی نەبوو) .
دوای پرسیار و چاکوچۆنی، کاك مەجید گوتی: فەرموون با بچینە لای من، من ژوورێکم لەم هوتێلە ( فندق حداد)ی بەرانبەر هەیە، ئێستاش ئیدی نیوەڕۆیە، پێکەوەنانێك دەخۆین و فرسەتێکیشە بۆخۆمان هێندێك قسان بکەین وکەڵك لە حوزوورتان ببینم . چووین . دەست بەجێ داوای نانی بۆ کردین،کەبابێکی زۆر هات و نان خورا .

هەژار گلەییەکی لە جگەرخوین کرد و جگەرخوین گوتی راست نیە، ئەو کەسەی کە ئەو قسەیەی بۆ تۆ گێڕاوەتەوە (ناویان هێنا، فلان کەس، وادەزانم باسی "رەمۆ" بوو، بەلام باشم لە یاد نەماوە و لێ دلنیا نیم)، ئەوجا گوتی : "رووێ وی وەکی بنێ قازان سپی بە"! ( رووی وەکو بنی مەنجەڵ سپی بێت) . ئیتر دەوری دوو سەعاتێك لەوێ ماینەوە . کاك مەجید ئەوسا لەگەڵ سەیدادا بەوجۆرە بوو و،ئێستاش دوای ١٨ ساڵ بەمجۆرە بوو . منیش ئەمجارە لە قامیشلی بەدووی سەیدادا نەگەڕام، بە ڕێکەوتیش تووشی نەبووم تا قسەی لەگەڵ بکەم، ئیدی نەمدیت .

ئەگەر ئەم وەزعەی ئەم سەردەمەی جگەرخوین بە - بڵێین - ٣٠ ساڵ پێشتری بەراورد بکەین (دەرچوونی" دیوانە یەکان"ی ١٩٤٥)، دەبینین مەرکەزی جگەرخوین لەناو خەڵکدا بە گشتی چەندە خراپ ببوو . ٣٠ ساڵ بەرلەوە، بەو جۆرە بوو کە لە بەشی یەکەمی ئەم نووسینەمدا ئاماژەم بە قسەیەکی هەژار لە "چێشتی مجێور"دا کرد: "دیوانی کە بۆ یەکەم جار چاپ کراوە، وا نادر بوە لە دێهاتی ناو کوردان دا، دێیەك دیوانێکی بەرکەوتوە، پەڕ پەڕ بەشیانکردوە و بۆ پیرۆزی وەك نوشتە لە سەری مندالانیان دروە"(چێشتی مجێور ل٢٣٦) . جگەرخوین، بە بیرەوەریی منداڵیی منیش لە جزیرە (١٩٥٦-١٩٥٨)، مەرکەزی" ئەولیا"ی هەبوو و وەکو" ئوەیسەل قەرەنی" و "قوتبولعارفین" و ئەو شتانە بوو . کەچی ١٩٧٥-١٩٧٦ تا بەو حاڵە گەیشتبوو . لە بەرانبەردا، هەژار لە ٣٠ ساڵی رابردوودا، تا پێش چەند مانگی پێش ئەم لەحزەیەی جێی باس، زۆر پلەی پەیژەی بەرەو بەرزایی زۆر سەرکەوتبوو . بە هەڵسەنگاندنی من، جگەرخوین زۆر لە هەژار شاعیرتر بوو، بەلام هەژار سیاسەت و سایکۆلۆجیی جەماوەر و خۆشەویستبوونی دەزانی . هەژار سنووری خۆیشی باشتر دەدیت، بە نموونە : کاتێك کەسێك پرسیارێکی رێزمانیکوردیی لە هەژار دەکرد، هێشتا پرسیارەکەی تەواو نەکردبوو کە هەژار پێی دەبڕی و دەیگوت : وەڵلا براگیان من قەواعیدی زمانی کوردی نازانم، من شیعر دەزانم، تەرجومە دەزانم، کەلیمەی کوردییم ئەگەر لێ بپرسی رەنگە مەعنای بزانم و دەشکرێ نەیزانم، قەواعید کاری من نیە . ئیدی نەدەچوو کتێب بۆ ئاوا و دەستوورا شێوازەکانی تری غەیری شێوازەکەی خۆیشی دابنێت . بە بەڵگەی"مارکسیستی"یش قسەی بەماڵی بەدرخان و حاجۆ ئاغا و کوردپەروەرانی تری وەها نەدەگوت . بە بیری من : هەژار، لە سەرمایەی کەمەوە دەستی پێکردبوو و، لەو ٣٠ ساڵەدا هەر دەوڵەمەند دەبوو . جگەرخوین، دەوڵەمەندێك ببوو کە تا دەهات پتر سەرمایەکەی خۆی بە ئاودا دەدا . هەژار لێرەدا زیرەك بوو، جگەرخوین وا نەبوو .

(٨)

هەژاریش لەو ساڵەدا، بە هەرەسی پێش چەند مانگێکی شۆڕش و چوونە کەرەج لەگەڵ سەرۆك" بارزانی"دا، لای خوێندەواران و هۆگرانی شیعری شارستانی موکریان، ڕێك بەو شێوەیە سەیر دەکرا کە سەیدا جگەرخوین لە قامیشلی سەیر دەکرا. من شیعرێکم لە قامیشلی دیت کە هەجوی جگەرخوینی پێ کرابوو، وەکو ئەو شیعرەی خوێندەوارێکی مهابادی خەست نەکردبۆوە کە تێدا تەنانەت بە هەژاری گوتبوو "بێ شەرەف"، بەڵام دیسان هەر هەجو بوو. (دانەری شیعرەکەی هەجوی هەژار دەڵێت کە جەلال تاڵەبانی داوای ئەو شیعرەی لێ کردم و گوتی بۆ ئەوە یەك کلاشینکۆفت دەدەمێ). کەواتە ئەگەر یاریی نەردیوان (پەیژە) و مارەکە بهێنینە بەرچاو، جگەرخوین و هەژار دوای ئەوەندە ساڵی وا سەرکەوتن لە نەردیوان، لە ١٩٧٥ وا دەهاتنە بەرچاو کە بە هەڵخلیسکانێك بەسەر پشتی لووسی ماردا هاتبنەوە پشت نوختەی کۆتایی کلکی!.

بوونە "شاعیری گەل" وەزیفەیەکی کارەساتە، بەدبەخت ئەو کەسەی کە لە "خۆم شاعیری خۆمم"ـەوە ئەو وەزیفەیە وەربگرێت و "بڕیار بدات" کە ببێت بە "شاعیری گەل". شاعیری "کێ؟" گەل؟ گەل چیە؟ مەگەر هەر ئەوە نیە کە هەر ڕۆژەی بە مووسیقایەك سەما دەکات: ڕۆژێك گۆرانیی مارکس و پرۆلیتار و جنێودان بە ئەمریکا و پێهەڵگوتنی برایەتیی کورد و عارەب و سۆڤیەت و چی و چی لە موتریبی حەریفانی خۆی دەوێت و، لەپڕێکدا بادەداتەوە و دەڵێت: دەی موتریب، جنێون بەوانە لۆ بدە! هەقی خۆشییەتی، کە من شاعیرم هەبێت، بە هەقی خۆمی دەزانم داوای لێ بکەم پەلاماری ئەوانەم بۆ بدا کە حەز لە چارەیان ناکەم. هۆڵەندی، ژمارەی دووچەرخەیان لە ژمارەی خۆیان پترە و، هەر ڕۆژەش لە هۆڵەندا دووچەرخەیەکی زۆر دەدزرێت، ئیتر کە وا دەبێت بەدبەختێکی بێ ئاگا دەچێتە ئیدارەی پۆلیس و شکایەت دەکات، وادەبێت پۆلیسێکی قسەخۆش بە گاڵتە پێی- دەڵێت: ئێ تۆ هاتوویتە ئێرە چی؟ خۆ ئینشاڵڵا بە تەما نیت دووچەرخەکەی خۆمت بدەمێ، بڕۆ تۆش بۆ خۆت دووچەرخەیەك بدزە!. لە دووکانی فرۆشتن و چاککردنەوەی دووچەرخان، زۆر وادەبێت قسەیەکی هۆڵەندی لە سەر دیواری دووکانەکە نووسراوە، کە کوردییەکەی بە حەرفی دەبێت بە:" هەر وا دیتت هەتە دووچەرخە، هەر وا دیتت هەتە هیچ!" (دزرا) ... بە هەمان شێوە:" هەر وا دیتت هەتە شاعیری گەل، هەر وا دیتت هەتە هیچ، نیە شاعیری گەل". چونکە شاعیر کە هی گەل بوو، ئیتر دەبێت گۆرانی بۆ گەل بڵێت، خۆ بۆخۆی ناڵێت، ئەی کە" یەك گەل" بوو بە" پازدە گەل"!ی کەهەمووی جنێوی بە هەمووی دا چۆن؟ موتریبیش دەبێت خۆی ساغ بکاتەوە. یەکێکیان هەڵبژێرێت تاکو چاردەکەی تر جنێوی پێ بدەن. لە کێشەی ساڵانی ١٩٥٨-١٩٦٠ی نێوان پارتی و کۆمونیستان

لە هێندێك شوێنی کوردستانی باشوور، دەهۆڵ و زوڕنالێدەری شاییەکانیش دەبوو خۆیان ساغ بکەنەوە : ئەمەیان بۆ پارتیی لێدەدا و ئەوەی تریان بۆ شیوعی .

لێرەدا ئەوەشم وەبیردێتەوە : کۆمیدیایەکی میسری هەبوو، خاوەن ماڵ تێدا قەرەواشی فێرکردبوو هەرکاتێك لە بەرچاوی خەزووری داوای هێنانی پەرداخێك، قاپێك - شتێکی لێ بکات، خزمەتکار شتێکی وەها بڵێت : " کامەیان بهێنم ئاغا ؟ سپییەکە یا رەشەکە یا سەوزەکە یا لیمۆییەکە ؟ ( ئێستا دەقەکەیم بە وردی لە یادنەماوە، بەڵام شتێکی وەها کە هەمیشە بە " لیمونی" کۆتایی دەهات) . " شاعیری گەل"یش دەبێت ئیتر بزانێت کامەیە : سپییەکە یا رەشەکە یا سەوزەکە یا لیمونی ؟ " شێرکۆ بێکەس"ـە سەوزەکە لە دژی " هەژار"ە زەردەکە، " جگەر-خوین"ـە سوورەکە و" هێمن"ی لیمونی و ... رەنگە شینەکە و پرتەقاڵییەکەش بە رێگاوە بن! ( باسی" پەشێو"یش کە ماوەیەکە لە ئاست ئەو هەمووە رەنگانەدا" سەری سوڕما پەشێو"، ئیتر باسی‌کارەساتی شنگالیش یا حەماسەی " کۆبانی" یش ناتوانن شیعری تێدا بزوێنن ، ئەمەشیان باسێکی ترە) .

شاعیر کە " خۆم شاعیری خۆمم" بوو، ئەوسا ئەویش، وەکو ئەم خەڵك و خوایە، دەکرێت لەگەڵ هەر رەنگێدا بڕوات، بەڵام بە "عەفەویەت"ی خۆی، ئەوسا هەر " خۆم شاعیری خۆمم" دەمێنێتەوە و بەشێکیش دەبێت لە بەشێکی گەلەکەی . بەڵام بوونە " شاعیری گەل" بە" بڕیار"، بە نەخشە، بە پلان، لە پێناوی ئەوەدا کە گەلەکەی لەو رێگایەوە قەبووڵی بکات و وەزیفەی شاعیری خۆی بداتێ، ئەوسا دەبێت بە بەڵا بۆ خۆی و بۆ گەلەکەشی . کەسێك ئەگەر شاعیری" خۆم شاعیری‌خۆمم" بوو، تەنانەت ئەگەر نەیەوێت بە تاقە یەك وشەش باسی‌هیچ مەسەلە-یەکی گەلەکەی خۆیشی بکات، دەکرێت ببێتە شاعیری گەورەی گەلەکەی، چۆن ؟ وەك ئەوە کە " شێلی" و " لۆرد بایرۆن"ی ئینگلیس ( کە من زنجیرەیەك باسم لەسەر نووسیون)، ئەوانە هەر رقیان لە ئینگلیس بوو! و هەوڵیان دەدا دوور لە ئینگلستان بژین! بەڵام بە خەڵاقیەتیان و رێك بە ئا ئەو راستگۆیی و عەفەویەتەی خۆیان بوونە گرنگترین " شاعیرانی گەلی ئینگلیس"، گەوهەر و یاقووتی سامانی نەتەوایەتیی ئینگلیس . " ئۆسکار وایلد"ی بە عەقیدەی " هونەر بۆ هونەر"، هەر باسی بولبول و گوڵ و ئاو و مووسیقا و رەسمی دەکرد، مرۆڤی ئینگلیس هیچ کە لای ئەو باسێك نەبوو،هەر مرۆڤ بەگشتی، هەموو مرۆڤی بە بەڵایەك بۆ سەر شتە جوانەکان پیشان دەدا: بۆ سەر داربەڕوو، گوڵ، ئاوێنە و ... ئیدی . بەڵام ئۆسکار وایلد گەوهەرێکی درەخشانی سامانی نەتەوایەتیی ئینگلیسە .

عەفەویەتی شاعیر،کە " خۆم شاعیری‌خۆمم"، تاقە رێگایەکی شاعیری راستەقینەیە . ئەوەی کە بیر لە میزاجی

خەڵك دەكاتەوە : ببێت بە كارمەند لای گەلەكەی، وەزیفەی" شاعیری گەل"ی بدەنێ و، بە دڵی گەل بڵێت تا لەسەر وەزیفەكەی بهێڵێتەوە، ئەوا هەر لە شـاعیریی دەسـڕدرێتەوە، دەبێتە كارمەند كە خاوەنكار( گەل) - بە تەبیعەتی حاڵ- دەكرێت لە هەر لەحزەیەكدا لە وەزیفەكەی دەربكات .

هـەژار، بە عـەفەویەتی خۆی، بە شـیعری سیاسیی، بە دڵ خۆی فڕێ دابووە گـۆمی مـەلەی " ژێكاف"ـەوە . جگەرخوینیش وەكو قانیع یا لە قانیعیش پتر، بە گۆرانیی ئەڤینی خۆی بۆ نەتەوە و نیشتمان، دێهاتی بەشێكی كوردستانی لەگەڵ خۆیدا دڵگەرمی ئەو ئاینەی ئەڤین كردبوو و گەیشتبووە شارستانیش . بەڵام كاتێك كە گەل دە دە باوەشی‌خۆی گرتن وگوتی: ئێوە شاعیری منن، ئەوان دوای ئەوە،كە ناوی‌خۆیان بیستەوە، دیتیان كە" دنیا"ش هەیە و، ژیان هەر دین نیە! ... چەندە وەكو خۆیان مانەوە؟ چەندە هاوسەنگیی سادەیی جوانی سەرەتای‌عەفەویەتی خۆیان پاراست یا چەندە لاسەنگ بوون ؟ ئەمەیان هەوراز و نشێوی دیتبوو . ساڵی١٩٧٥، جگەرخوین و هەژار، هەرتك گەیشتبوونە نوختەیەك كە - ئەوەندەی پێوەندیی بە وەزیفەوە هەبوو - وەزیفەكەیان نەمابوو : هەر وا دیتت هەتە وەزیفەی " شاعیری گەل"، هەر وا دیتت نیتە وەزیفەی" شاعیری گەل"! ئێستا ئیتر بە نیسبەت هەرتكیان : نیە وەزیفەی شاعیری گەل . تەنانەت نێوانی "گەل" و شاعیرەكەی ئێستا وا لینگەوقووچ هەڵگەراوەتەوە كە گەل بە شیعری خۆی هەجوی ئەو دوو كەسە دەكات كە تا دوێنێ وەزیفەی شاعیری خۆی دابوونێ .

## (٩)

شیعرێكی " نزار قبانی" هەیە، باسی خۆی تێدا دەكات ( الرسم بالكلمات) :

(..)

لە پێستی ژنان عەبام دروو

لە گۆی مەمكان هەرەمم دروست كردن

( چیم كرد و چیم كرد و كەچی ئێستا بەتەنیا:)

وا ئەمڕۆ لەسەر كەشتییەكەم دادەنیشم

وەكو دزێك لە رێگایەكی راكردن دەگەڕێم

(..)

من وەكو چرای پەنا رێگام ... نازەنینەكەم

دەگریم و کەسێك فرمێسکم نابینێت

(..)

جگەرخوین و هەژاریش ساڵی ١٩٧٥ دەگریان و کەسێك فرمێسکی نەدەدیتن. لەوەوە کە رۆژانێك ناویان لە منداڵان دەنران و، نازداران لە ریزی یەکەمی ساڵۆنی ئاهەنگان بەو دەستوپەنجە جوانانەیان چەپڵەیان بۆ لێدەدان، ئێستا تەنانەت بەوە گەیشتووە کە " مامەی چەکمە سووره"ش " بەو سمێڵە زووره"یەوە، هیچ کە نەیدەویست مەرحەبایان بکات، تەنانەت هەجوشی دەکردن. ئەوە خەتای کێ بوو ؟ بۆچی وای لێ هات ؟ ئەوە لێکۆڵینەوەیەکی زۆر هەڵدەگرێت، بەڵام خەتای هەرکەس بووبێت، هی گەل یا شاعیری، یا هی هەر کێ یا هی هەرچی، مرۆڤ کە لە وەزیفەیەك دەرکرا، مەگەر هەر بڵێت: ئێستا چی بکەم ؟ ئایا هەژار و جگەرخوین دەگەڕێنەوە دنیای سەرەتای عەفەویەتی پەتیی خۆیان و، بێباك لەو گەلەی کە لە وەزیفەکەیانی دەرکردن ؟ یا چی ؟ چی دەکەن ؟

هەژار، کارەساتی زۆری لە ژیانیدا دیتبوون ( یا - بە هەر حاڵ - وای هەست پێ کردبوون) و لێیان دەرچووبوو. ئەو کەسێك نەبوو کە تەسلیم ببێت. بە هەمان رووحی" چێشتی مجێور"، کە تێدا شەڕ لەگەڵ دێو و درنجانی ژیاندا دەکات و، - دەڵێت - هەر ئەو کتێبەشی بۆ ئەوە نووسیوە کە کوڕەکەی ( خانی) لێی فێر ببێت و "لە تەنگانەدا ناهومێد نەبێ و لای وابێ رێگای رزگاربون بە یەکجاری پێشی‌نەگیراوە (..) ئەگەر لێی قەوما چۆن مل بداتە بەر کار و کۆشش، حەولی رزگاری لە خەم و دەرد بدا" ( ل ١)، ئا بەو رووحیەتە، بڕیاری دا کە ئەو گەلەی کە ئەوسا هەجوی دەکرد وا لێ بکات کە دیسان پێی‌هەڵبڵێتەوە. هەژار، بە پسپۆڕیی خۆی لە ناسینی گەلەکەیدا، لە سەرکەوتنی‌خۆی لەوەدا دڵنیا بوو، ئیدی بیری کردەوە و نەخشەی دانا و کەوتە بەجێهێنان: لە کەرەج مایەوە و کەوتە سەر هەڵچنینی سەرلەنوێی دیواری بەرزی تەلاری. بە تەرکیزێکی زۆر، خشت بە خشتی دیسان لەسەریەك دانا. کارێکی لەسەرخۆ و بە نەفەسی بە سەبر و بە نەزمی چەند ساڵێکی‌کەم بوو و... نەتیجە؟ ئەوپەڕی تێدا سەرکەوت، زۆر لەوەی چاوەڕوانیشی دەکرد پتر سەرکەوت. ئەمجارەیان، لەجیاتی هەر سەرکەوتنەوەی لە نەردیوانەکەی، بیست نەردیوانی تریشی لێك بەستن و، بە هەموویدا سەرکەوت و، گەیشتە ئاسمان و، هەوری کرد بە عەرشی پادشای شاعیرانی‌موکریان و، هەر شاعیر ؟ نا، وای بە حاڵی ئەوە کە لە مهاباد تەنانەت بڵێت"هەژار فەیلەسووف نەبووە". من خۆم کە ساڵی ٢٠٠٨ وام گوت، ئێستاش کە ئێستایە، بە رێکوپێکی لە مهابادەوە جنێوم بۆ دێت ... تۆ چۆن بە مامۆستا هەژار دەڵێیت فەیلەسووف نەبووە ؟ لەکاتێکدا کە هەر ئەوانە ساڵی ١٩٧٥ لە مهاباد قسەیان بە هەژار دەگوت: بە لێشاو رستەیان لە وشەکانی خاین و خانوو و پووڵ و ساواك و بارزانی ... ئیدی بۆ

هەژار ریز دەکرد .

هەژار، ئەو شەڕکەرە بوو کە گورز و مەتاڵی خۆی هەڵگرت و چووە مەیدانی شەڕی گەل و ئاوا بە گەل وێرا: ئێستا فەیلەسووفیشیانە و زانایانە و دانایە و موعجیزاتیانە و، ئەگەر کەسێکیش لاریی لێ هەبێت ئەوا جنێوی پێ دەدەن . هەژار ئەمجارەیان بە حەق بوو بە " شاعیری گەل"ی " پەتی" و، وێ دەچێت تا زۆر ساڵانی تریش، بەلای کەم لە موکریان، هەر وا بمێنێتەوە .

جگەرخوین، لە بیرکردنەوەدا، وەکو هەژار گورج و گۆڵ نەبوو، تەمەنی ئێستا ٧٢-٧٣ ساڵ بوو ( ١٨ ساڵ لە هەژار بەتەمەنتر)، ماندوو بوو، پێویستی بە ماوەیەکی پتر بۆ بیرکردنەوە هەبوو . نەیدەزانی بەرەوکوێ بڕوات و چی بکات . جگەرخوین، ئێستا - بە قسەی کاك جەباری خۆشەویست - لەو قۆناغەدا بوو کە دابنیشێت و گوێ لە کاسێتی " برایانی زیزی" بگرێت : ئەرێ بە بانانەوە گیانە بە بانانەوە ...

تا ئەمە ، لەپڕێکدا، هەر وەك چۆن نیتچە لای بەردەکە " وای گوت زەردەشت"ی بە بیردا هات، جگەرخوینیش لە لەحزەیەکی مێژوویید‌ا، نازانم لای چ بەردێك بەڵام لە قامیشلی، ئەوەی بە بیردا هات :

ئەی جگەرخوین! بڕۆ! لەم دیارە بڕۆ، دوور بڕۆ، زۆر بڕۆ، تا دەگەیە ئەو وڵاتەی کە پێی دەڵێن سوێد ، عەرزی میعادت لەوێیە . حەفتا و دوو میللەت بە تۆ چی شەڕیانە ؟ ...

دەڕۆم، شەرت بێت دەڕۆم، ئیتر چیم داوە لەم شارە وێرانە ؟

ئیتر جگەرخوین ڕۆیشت، چووە سوێد (١٩٧٩) .

(١٠)

سوێدیش چ سوێد ؟ زەرد و سوور تێکەڵاون ژن و پیاو هەرایە! دە توخوا ئەمە لە شەڕی ئەو هەمووە حیزبانە خۆشتر نیە ؟ دوای ئەو گەشتە سیاسییەی ژینی کە بەوە گەیشتبوو پەنای بە مەجلیسی فاتیحا دەبرد بۆ ئەوە کە گەلەکەی دەست بخاتە دەستییەوە، وا ئێستا لە شوێنێکە، هەر وەك ئەستێرەیەکی سینەما بێت، خەڵك دەستە - دەستە دێن سەیدا جگەرخوینی شاعیری ئەفسانەیی ببینن . سوێد - بۆ خۆشبەختیی سەیدا - زۆری لە هۆگرانی وێنەگرتن لەگەڵ ناودارانی‌دا لێ دەژیان . ئەو هەمووە کوردانەی ئەڤینداری شیعری نەتەوەیی و یا چینایەتیی،کە کێشە ناوخۆییەکانی قامیشلی هەڵیانتەلووشیبوون، ئەو تورکە چەپانە، ئەو سوێدییانە ... ئەو هەمووە نازدارانە .

دەبێت سەیدا چەندە بەوانە خەیاڵی چووبێتەوە سەردەمی لاویی لەدەستچوو، دەبێت چەند جار ئەو شیعرە فارسییەی "شهریار"، یا شتێکی بەو مانایەی لە حوزووری نازداراندا لەبەرخۆیەوە گوتبێتەوە : آمدی جانم بە قربانت ولی حالا چرا ؟

من خۆم وام نەدیتووە، بەڵام دۆستانم لە سوێد دەیانگێڕایەوە، دەیانگوت : سەیدا کە دەچێتە ئیدارەیەك و لای خانمێکی کارمەند دادەنیشێت، ئەگەر خانمەکە ڕێگای بدات، سەیدا زۆر وادەبێت دەستی دەخاتە دەستیخۆیەوە و بە قسەکردنەوە ( من چ خەباتێکم بۆ مافی ژن کردووە و چیم بۆ نووسیوە و ئەو قسانە) دەستی بۆ دەشێلێت .

یەکێك لەو جارانەی کە پێش کۆچیدوایی سەیدا، لە ستۆکهۆڵم بووم، لەگەڵ خانمێکی سوێدیی دۆستمدا بووم، چووین لەگەڵ هەڤاڵێکی کورددا یەکترمان گرتەوە و لە کافێیەك دانیشتین، لە قسەدا باسی سەیداش کرا، هەڤاڵەکە گوتی : ئەگەر چوویە لای سەیدا، ئەم کچە لەگەڵ خۆتدا مەبە . گوتم : بۆچی ؟ گوتی : چونکە سەیدا بۆت دەگوشێت! ئیتر زۆر پێکەنیم، گوتم : بۆم دەگوشێت یانی چی ؟ گوتی : وایە، سەیدا ئەگەر میوانی بێن، سەیر دەکات بزانێت کیژێکیان تێدایە ؟ ئەگەر تێدا بێت، کیژەکە لە باوەشی دەگرێت و دەیگوشێت! و ئەوانی دیی لەبیردەچێتەوە، دەبێت وەبیری بهێننەوە کە : هۆی سەیدا ئێمەش هەین!

دەوڵەتی سوێد، چەند کتێبێك ( پێنج دیوان و ...؟) بۆ چاپ کردن، من دووانم لەوانە هەن :" ڕۆناك - دیوانا ٤ ا" و " زەند ئاڤێستا - دیوانا ٥ ا" . هەرتك، جوان چاپکراون، بەڵام بەتایبەتی پێنجەمەکە، بە کاغەزی زۆر جوان و گران و بەرگێك - بە من - لە بەرگی شەرحی مەلای جزیرییەکەی هەژاریش دەوڵەمەندانترە .

من کە هەوڵم داوە دنیای خوێندەواریی سەیدا، چ لە شیعرەکانییەوە و چ لەوەی بە شەخسی لێم بیستووە، تێبگەم، گەیشتوومەتە ئەو نەتیجەیە کە سەیدا خوێندەوارییەکی زۆر کەمی هەبووە، ڕەنگە نیوەی خوێندەواریی هەژاری نەبووبێت . سەیدا تا کۆتایی ژیانی هەر خۆی بە مارکسیست دادەنا، زۆر قسەی بە شێخ و مەلا و دەرەبەگ گوتووە، شتی وەك : " محەمەد نەچوویە ئەزمانا" ( محەمەد نەچووەتە ئاسمان)یشی کردووەتە ناونیشانی شیعری و، قسەی بە گەورەماڵانی کوردی سەردەمیخۆی گوتووە، کەچی کۆڵێك بە پادشایانیکۆنیشی هەڵگوتووە و، ئەوانەی بە شانازیی کورد پێشکەشی دێهاتییانی کورد کردوون ( کوڕەکەی خۆی ناوناوە "کیسرا")، زۆری لەم بابەتە گوتووە :

ئەم پسمامێ گوهدەرزن ـــ وەلاتێ مە کوردستان ( ئێمە ئامۆزای گودەرزین ـــ وڵاتی ئێمە کوردستان)،

یا: ئەم گوهدەرزن سەربلندن دەڤچڕێن! ـــ وەکی ڕستەم بدن دەنگ ( ئێمە گودەرزین سەربڵندین

دەمدڕێنین ــ وەکو ڕۆستەم دەنگ بدەینەوە) .

یا : کوڕێ کەیقوباد و کوڕێ ئەردەشێر، یا: لـ ئەیوانێ کیسرا دبی شەهریار ... زۆر لە ناوانی شاهنامە و، داوای گەڕانەوەی ڕۆژانی درەخشان :

بێ خەلیج و بێ فەرات ــ بێ جزیر و بێ خەلات ــ بێ سەرا و بێ کەلات ــ ئەم چنە کوردنۆ ؟

( فەرات = فورات، کەلات = قەڵا، ئەم چنە = ئێمە چین، کوردنۆ = کوردینە) .

شیعری سـەیدا، دەبێت کاری لە سەر بکرێت تا خوێنەرانی شێوازی سـۆرانی شارەزای ببن، بیناسن . سـەیدا گوتاریشی بە پەخشانێکی ڕەوان نووسیون، یـەك چیرۆکیشی نووسیوە کە پێشکەشی " گوندی و جۆتکار"ی کردووە :" ڕەشۆیێ دارێ" .

جگەرخوین لە سوێد، وێڕای درێژەدان بەم شێوە شیعرانەی، زۆرتری شیعری بۆ جنسی مێ بوون، کە لە " ببە بە پڵنگی جەنگ" و ئەو قسانەوە دەچێتە سەر چەقۆ و چەتاڵ چۆن لەسەر مێز دابنێت و، شەو چ کراسێك بۆ مێردی بکاتە بەر و، حەفتەی چەند جار خۆی بۆ مێردی شل بکات :

کراسەك تەنك وەرگرە لێ بـ شەڤ ــ تو بشکێنە ژێرە شەکر لێ بـ دەڤ

تو پێرە خوە بەردە ژ هەفتێ دو جار ــ نڤینا تە ژێرە نەبی کەڤنەوار

( کراسێکی تەنك بکە بەر بەڵام بە شەو ــ تۆ شەکری بۆ بشکێنە بەڵام بە دەم

تۆ خۆتی لەگەڵدا بۆ بەردە حەفتەی دوو جار ــ تا نوێنەکەت بۆی کۆن نەبێت) .

بەشێکی زۆری دیوانی پێنجەمی، وەکو " فـەرهەنگ"ـەکەی، یا وەك خولی خوێندنی هـەموو شتێك، بـەڵام بە شیعر، زۆر دەرس لە دنیای بیر و زانیاریی سەیدا پێشکەشی خوێندکارانی دەکات :

خوێندەواری، تەکنیك ( دەزگە و دەزگەڤانی)، ببن مارکسی، ( چۆن دەبیت بە) شۆڕشگێڕ ( بە بێ مامۆستا، بەڵام نالێت بە چەند ڕۆژ)، پڕۆپاگەندە ( تێدا درۆ بکە)، لێخوڕین ( ی ئۆتومبیل و تانك و ...)، مەلەوانی، نێچیرڤانی، فیزیا و کارەڤا!، بازرگانی،یاری و ... زۆر شت . بەڵام بەشێکی باشیشی جۆرێکە، کە - بە بیری من - ئەگەر بە سۆرانی بوایە و بگەیشتایەتە دەستی برایانی زیزی، بە گۆرانیی خۆشمان دەبیستن :

پڕ خوەشە پڕ خوەشە ــ ئەڤ دنیا پڕ خوەشە ــ یار پال دایە سەر من ــ روو وەك گولا گەشە (..) .

لێڤ ژ گولێن سۆرن ــ ماچان پەڤ دگۆرن ــ لێڤێن هەڤ دمژن ــ تینا دل دکوژن (..) .

( لێو لە گوڵی سوورن ــ ماچان دەگۆڕنەوە ــ لێوی یەکتر دەمژن ــ تینی دڵ دەکوژن) .

نە بەس جگەرخوینم ــ هەمی جگەرخوینن ــ نە بەس دلبرینم ــ هەمی دلبرینن .( هەمی = هەموو) .

جگەرخوین ( شێخموس) ، لەدایکبووی ١٩٠٣ لە گوندی " حەسارێ"ی سەر بە ماردین، ٢٢ی ئۆکتۆبری ١٩٨٤ لە ستۆکهۆڵم کۆچی‌دوایی کرد . وەسیەتەکەی نە وەکو ئەوەی شێرکۆ بێکەس بوو کە لە باخچەی‌گشتیدا بنێژرێت و، نە وەکو ئەوەی " پەشێو"یش بوو کە سەگ بیخۆن . وەسیەتەکەی ئەوە بوو کە لە حەوشی خانووەکەی خۆیدا لە قامیشلی بینێژن . حیزبەکەی ( حەمید دەرویش) تەرمەکەی بردەوە و، دوو حەفتە دوای کۆچی دوایی، پێنجەمی نوامبر، بە خۆ پیشاندانی جەماوەرێکی زۆر، بە شەقامی سەرەکیی قامیشلی‌دا برا و، لە حەوشی خانووەکەی خۆیدا نێژرا . سیاسەتمەدارانی کە رۆژگارێك و تا پێنج ساڵ پێشتر، بۆ خۆ بواردن لە دیتنی سەیدا، چوونە پرسە- شیان لە خۆیان حەرام کردبوو، ئێستا لە ریزی پێشەوەی خۆ پیشاندەران بوون و، یەکەم کەسانێك بوون کە تەوقی گوڵیان لەسەر گۆڕی دادەنا . بەرژەوەندی گەل ئێستا ئیتر وا بوو . بەرژەوەند وایە : منافق و هەلپەرستە .

مرۆڤ و دەوروبەری، هەرکامەیان نوختەی هێز و زەعفی هەیە و، هەرکامەیان لە بەکارهێنانی ئەوەکەی تردا هەوڵ دەدات بە قازانجی‌خۆی کەڵك لەو هەر دوو لایەنەی خۆی و بەرانبەری وەرگرێت . لێکۆڵینەوەی بە ئینسافی زانستیی ئەو نێوانە، بۆ تێگەیشتنی زۆر لایەنی کۆمەڵگە و مێژوو، بۆ تێگەیشتنی رەوشتی مرۆڤان، بەکەڵك و تەنانەت زۆر پێویستە . ئەوەش لە باسی شاعیردا زۆر زەحمەت و ئاڵۆزە، چونکە گەل (دەوروبەر) لە خۆیەوە زۆر سیفەت دەدات بە شاعیرە خۆشەویستەکەی خۆی کە زۆر وادەبێت فڕیان بەسەر شاعیرەکەوە نابێت . مەیلی گەلیش، وەکو هی شاعیرەکەی، رووی لە بەرژەوەندی خۆیەتی، - مامۆستا مەسعوود محەمەد گوتەنی - ئەوە " پەلەی ژیان"ـە . ئەوجا خۆشەویستی وەهایە، ژووشك بە بەچکەکەی دەڵێت : بۆچی ئەوەندە نەرمیت! بەچکەش کە زۆر خۆشیان‌ویست، دەکرێت بە ناز بگۆڕێت و خۆی پێ نەرم بێت و، خۆی پێ لەوانی تر باشتر بێت . ئەوەی کە نەرمترین پێستیشی هەیە و بەڵام ناتوانێت خۆی لای گەل خۆشەویست بکات، دەکرێت ئەویش ئیتر بکەوێتە سەر هەوڵی وەدەستهێنانی ئەو خۆشەویستییە . لێرەدا مەسەلەیەکی زۆر پەروەردەیی بۆ رۆشنبیر لەکاردایە : دەنگی منداڵی خۆشەویست ماڵ رووناك دەکاتەوە، بەڵام رەنگە هەمیشە دەنگی ئەو منداڵە بۆ هەموو کەس وا خۆش نەبێت . پێوانەی " مەوزووعی" بۆ مانای " نەرمیی پێست" و " دەنگی خۆش" پێویستی بە " فەرهەنگ"ی لەوەی سەیدا باشتر هەیە . ئەوەش کارێکی هاسان نیە، هەر ئێستا من لەسەر ئەم نووسینەم لە فەیسبووکدا، بە چەند رۆژێك، ئەو هەمووە جنێوەم لە پتر لە کەسێکەوە بۆ هات . ئاخر ئێشاندنی دڵی دایکی ژووشك کارێکی

خۆش نیە، بەڵام ئیتر پێشکەوتن پێویستیی بە رۆشنبری و زانست هەیە و، کە هەوڵی ئەوە بدەین، چاری نـاچار، دەکرێت - بە بێ ئەوە کە بمانەوێت - دڵی ژووشکەکانیش بئێشێنین .

تـاقە "محـمـمـد" ناوێك لە دنیادا من پێ بزانم کە هیچ کەسێك نـەبوو پێی بڵێت" محـمـمـد"، ئەوە بوو کە پێیان-دەگوت "محـمـمـد تـەوفیق وردی"، هـەر وەك ناوەکەی سێ بەش بێت و نـەکرێت کەس بە بێ دووبەشەکەی تری تەواوکەری بیڵێت . کەسانێکی کەم هەبوون کە هەر بەشی سێیەمەکەیان دەگوت، دەیانگوت " وردی"، بـەڵام هەر تـەنیا" محـمـمـد" ؟ نـا ، ئەوە نەدەگوترا . ئوستاد بەشیر موشیر پێی دەگوت " وەردی"! منیش لێرەدا بۆ کورت-کردنەوە هەر پێی‌دەڵێم " وردی" .

وردی، سـاڵانێکی نە کەم، یەکێك لە پیاوە ناودارەکانی کۆیە بوو ، نازانم ئێستا لە زێدی چۆن باس دەکرێت و ، ئەگەر پەیکەریان بۆ دروست کردبێت یان چی .

دەڵێن ساڵی ١٩٢٣ لە کۆیە لەدایك بووە، ١٩٤٤ خوێندنی " دارالمعلمین الابتدائیە"ی لە بەغدا تەواوکردووە (خوێندگەی ئـامادەکردنی مامۆستا بۆ خـوێندگەی بنەڕەتی) و ، لە " تەق تەق"ی نیزیکی کۆیە بە مامۆسـتای خوێندگەیەك دامەزراوە . ئەویـش وەکو زۆر لە خوێندکارانی ئەو" دارالمعلمین"ـە، مەیلی لە نووسین و دانانی شیعر و ئەو شتانە بووە . ساڵی ١٩٤٦ خۆی گەیاندووەتە پـایتەختی کـۆماری کـوردستان و لە خـوێندگەیەکی دامەزراوە، دەرسی کوردیی بە منداڵان گوتووە و ، وادیارە لەوێش ناو بە ناوە گوتارێکی نووسیوە و ، شیعریشی داناوە . کەسێك لەوانەی کە ئەوسـا لەوێ دەرسی کـوردییان لای وردی خوێندبێت و ، ئێستا مابێت، دەبێت ئەم بەزمەی نێوان حەمەحوسێن‌خانی سەیفی قازی و وردیی لەیاد بێت : گوتارێکی وردی لە شوێنێکدا بڵاوبووەتەوە گوایا تێدا بە وشەی زبر هێرشی زۆر توندی کردووەتە سەر" بێ نەزمی"یەك لە ئیدارەی کۆماردا ." حەمە حوسێن خان"ی وەزیری بـەرگری، کە ئـەوە دەخوێنێتەوە زۆری پێ تووڕە دەبێت و ، لە تـووڕەییان زللەیەکی لێ دەدات . منداڵان ئەوەیان زۆر پێ خۆش دەبێت و ، گۆرانیی لێ سازدەکەن، کەواتە وێ ناچێت زۆریان خۆش ویستبێت .

دەڵێن، وردی ساڵی ١٩٤٧ چووەتە حیزبی‌کۆمونیستی‌عیراقەوە و ، لە خەباتی حیزبدا زۆر چالاك بووە . هەژار دەیگوت : خۆپیشاندانی‌کۆمونیستان لە بەغدا نـەبوو کە وردیی تێدا نـەبووبێت و ، هێشتا قەت نەگیرابوو کە جارێکیان بە بێ چوونە خۆپیشاندان، لەسەر خۆپیشاندان گیرا! چۆن ؟ بەیانیی ڕۆژی ئەو خۆپیشاندانە، درەنگ لە خەو هەڵدەستێت، هەر بە بیجامەوە و زەمبیلێك بەدەستەوە لە ماڵ دەردەچێت بچێت بازاڕ بکات ( ئەوە ئەوسـا لە بەغدا زۆر بوو ، خەڵك بە بیجامە دەبەردا دەچوونە بازاڕ) . بە ڕێکەوت، پۆلیس لەوکاتەدا خۆپیشاندەران ڕاو-دەنێت و ، هێندێکیان ڕادەکەنە ئەو کۆڵانەوە کە وردی تێدا بە زەمبیلەوە دەچێتە بازاڕ . پۆلیس وردی دەگرن و جا

وەرە لێدە! وردیی بەدبەخت دەیگوت : ئاخر بۆچی لێم دەدەن، من چم کردووە ؟ پۆلیسی کە لێی دەدا دەیگوت : سەگباب چۆن چت کردووە" أنت هم شیوعي هم کوردی و همگصیَر ( گسەییر)!" ( تۆ هەم شیوعیت و هەم کوردیت و هەم کورتەباڵاشیت) . وردی ناوی خۆی بەخۆیەوە بوو، وردیلەیەك بوو .

لە ناو هەموو رابەرانی کۆمونیستانی دنیادا، وردی شەیدای" لیو شاوشی" ی چین بوو( شێوە عارەبییەکەی لیو شائۆ چی) . زۆری لە قسەکانی لیوشاوشی لەبەرکردبوو . باسی هەرچیی بکرایە، وردی قسەیەکی لیو شاو شی ی وەبیردەهێنایەوە، کە لیو شاو شی دەڵێ : " إن الـ ..."، هەژار کە لەوێ بوایە هەمیشە قسەکەی پێ دەبڕی : " بە کوردی هەتیو، بە کوردی"! ئیدی وردی پەکی دەکەوت، چونکە ئەو دەقە عارەبییەکەی لەبەرکردبوو و، عیبارەتەکە هەمیشە بە " إنَ ..." (ئیننە) دەستی پێدەکرد، کە بە تەنیا هیچ بەرانبەرێکی لە زمانێکی تردا نیە، وەرنـاگێڕدرێت . ئیتر بەهۆی ئەو هەمووە" إن الـ ..."وە کە لەبەریکردبوو، لاوانێکی تازە خوێندەوار هەبوون کە زۆر حیسابیان بۆ دەکرد . من خۆم جارێك لە چاخانەکەی سەرووی دووکانی ئوستاد بەشیر دیتم کۆمەڵێك لەو لاوانە ( شاعیر و نووسەر و خەباتکاری چەپ) دەوریان دابوو، وردی وەك ئوستادێك مارکسیزمی بۆ روون دەکرد- نەوە : لیو شاوشی دەڵێ هەموو شەڕەکانی نێوان دەرەبەگان شەڕی چینی جووتیارن! چونکە دەرەبەگ خۆی شەڕ ناکات، جووتیار دەخاتە شەڕەوە لە دژی دەرەبەگی تر کە ئەویش هەر بە جووتیارانی شەڕدەکات،کەواتە شەڕەکە لە هەردوو لاوە هی جووتیارانە و، ئێمە دەبێ رێز لەو شەڕانەی چینی جووتیار بگرین! ... ئیدی لەوبابەتە . باسێکی تری زۆر مەرکەزی لە ژیانی" وردی" دا ئەمە بوو :

حیزبی کۆمونیستی عیراق (الحزب الشیوعي العراقي) و" حزب تودە"ی ئێران، بڕیار دەدەن کە ناو بەناو کادیر بۆ ماوەیەك بگۆڕنەوە، ئیدی وردی بەر ئەوە دەکەوێت کە حیزبی شیووعیی عیراقی ئەو بنێرێتە ئێران و، تودەش نازانم کێ بنێرێتە بەغدا . من لە دەمی" زەبیحی"م بیست گێڕایەوە گوتی : " جارێك وردی پێی‌گوتم : وا من بە کاری حیزب دەچمە ئێران،هەر بەتەنیا دەچم، نابێ ژنەکەم لەگەڵ خۆم بەرم، نامەوێ ژنەکەم بەتەنیا لە بەغدا بەجێ- بهێڵم، با ئەو ماوەیە لەماڵی تۆ بێ تا دێمەوە"؛ منیش پێم گوت : " ناوەڵڵا براگیان لای منی بەجێ‌مەهێڵە، من قەت وە ماڵ نـاکەومەوە، هەر رۆژە لەجێیەك و، هەر شەوە لە شوێنێك، ئـەگەر بێشمەوە ماڵ ئەوا تـاقە ژوورێکم هەیە و، مەسئوولیەتی ژنم پێ هەڵنـاگیرێ" . ئیدی وردی ژنەکەی لای هەڤاڵێکی تری حیزبی بەجێ‌دەهێڵێت و، دەڕوات . دوای ماوەیەك کە دێتەوە، دەچێت ژنەکەی وەرگرێتەوە، بەڵام خاوەن ماڵ پێی‌دەڵێت کە : بەخێرهاتییەوە سـەرچاوان، بـەڵام ئیدی تۆ ژنت لای من نیە، ئەوە ئێستا ژنی منە و لە ماڵی خۆیەتی و، کارێکی بە تۆ نـەداوە،

فەرموو ئەمەتا لێی بپرسە بزانە ژنی کێیە . چۆن ژنی کێیە ؟ خۆ من تەڵاقم نەداوە و... زۆر لەو قسانەی وردی کە دادی نادەن . هەڤاڵ زۆر بە روونی تێیدەگەیەنێت کە تازە ئیتر تەواو، خۆ بە زۆر نیە، ئەو ژنە و ئەو یەکتریان بۆ هاوسەری هەڵبژاردووە . فەرموو لە ژن بپرسە بزانە چیی دەوێت ؟ دەیەوێت لەگەڵ مندا بژیت، ئیتر تەڵاقی چی و شتی چی ؟ بۆ تۆیەکی کۆمونیستی خەباتکار، کە ئەو هەمووە "لیو شاو شی"ت بۆ باس کردووین، عەیب نیە ئەو قسانە دەکەیت ؟ وردی ئاگری تێبەردەبێت ... جا وەرە دە هەزار جنێو بە قەبری شی ی بابی شاو و حەوت هەزار پشتیان بدە . دوێنێ ژنێکت هەبوو و، وا ئێستا پێت دەڵێن : تەواو! بەڵام مەگەر - جگە لەوە کە لە داخانا ببێت بە پارتییەکی ٢٤ عەیار - چیی تری لەدەست دێت ؟ هیچ .

(٢)

وردی، بۆ وەدەستهێنانەوەی ژنەکەی، پەنا بۆ هەرکسانێك دەبات، ئەو پەندە ژیرەی وەبیردەهێننەوە کە : لەدووی چووان مەچوو! کاتێك ژن تۆی نەوێت و یەکی تری بوێت، ئیتر تەواو، خۆ بەزۆر نیە . تازە ئەوە چوو، ژنێکی نوێ بۆخۆت پەیدا بکە و، کۆنەکە لە بیر خۆت بەرەوە، خۆشت بحەسێوە و خەڵکیش بحەسێنەوە .

وردی، ژنێکی تری دیتەوە و، لەگەڵ ئەم ژنە نوێیەدا چەند جار سەردانیماڵی هەژاری کرد( من ژنی یەکەمیم نەدیتووە) . وا دیاربوو خۆی و ئەم ژنەی ئێستای زۆر گونجابوون . ژن زۆر بە مێردیخۆی هەڵدەگوت، دەیگوت : وردی رەئیسی هەموو ئەدیبانی کورد و عیراق و ئێرانە! ، مێردیش بە بزەیەکەوە و بە سەر لەقاندنێك دڵنیای دەکردەوە کە تەواوە و حوکمەکەی جوان داڕشتووە . بەڵام هەر زۆری پێچوو تا لە گرێی خەمی ژنی یەکەمی رزگار بوو، یا بە لای کەم تا چیتر دەرینەدەبڕی کە "لە دووی چووان بچێت" . وردی، وا دەزانم هەر بۆ ئەوەش بوو کە کتێبێکیشی نووسی:" ویستم ژن بێنم". من ئەوسا لەو تەمەنەدا زۆر عەقڵم بەو کێشانە نەدەشکا و نازانم چی بوو، بەڵام خەڵك - بە حیلکە حیلکی پێکەنینەوە - دەیانگوت پێوەندیی بەو کێشەیەوە هەبوو و، بە جۆرەها شێوە کارەساتی رۆمیۆیان بەدەست ژنێی کە وا ئێستا "چووبوو" دەگێڕایەوە . ئیتر باسێکی ترت لە خەڵك نەدەبیست : ئەمریکا و سۆڤیەت و ئەو شتانە لەبیرچووبوونەوە، باس هەر باسی ژنی وردی و هەڤاڵ و ویستی ژن بێنێت بوو .

بەڵام ئەوەم لەیادە کە شێرکۆ بێکەس شیعرێکی لە شوێنێکدا بڵاوکردبۆوە، نامیلکەیەکی بچووکی خۆی بوو و وردی پێشەکیی بۆ نووسیبوو، یا لە گۆڤارێکدا بوو و وردی تەعلیقی خۆی خستبووە پاڵ، ئەوەیانم لە یاد نەماوە بەڵام پەراوێزەکانی"وردی"یم زۆر چاك لە یاد ماون . شێرکۆ لە هەر شوێنێکدا باسی ئەڤینی کردبوو، وردی فلق

پەراوێزێکی بۆ نووسیبوو : بەڵام کاك شێرکۆ مەبستی لە شەهوەتپەرستی و خیانەت و ... نازانمچی نیە، یا: بەڵام کاك شێرکۆ بزانە خۆشەویستی دوورە لە شەهوەت و خیانەت ... ئیدی پیس بە گرێی" شەهوەت" و" خیانەت"ییە-وە گرتبوو و هەموو شیعرەکەی شێرکۆی بەدبەختی بە مەحکووم کردنی شەهوەت و مەهوەت کون - کون کردبوو .

وردی، زۆر حەزی لە کتێبدانان دەکرد . هەژار نووسیویە :

" (..) خوا لێ خۆشبوو مامۆستا تەوفیق وردی ناوێك لە عیراق هەبوو (..) ئەم کابرایە وەك ئاردی بەهار وابوو بۆ هەزار شت دەستی ئەدا . هەم شاعیر بوو، نووسەر بوو، هەم فۆلکلۆرنووس بوو، هەم وەرگێڕێکی زۆر لەزەبر . مانگ نەبوو چوار پێنج کتێب دەرنەفرتێنێ . کار گەیشتبووە رادەیەك خۆیشی نەیدەزانی ژمارەی تەبلیغاتی چەندن". ( برە ئامۆژگارییەك - بابەتێکی بڵاونەکراوەی مامۆستاهەژار - ١٩ی ٧ی ١٣٦٠، تاران لە فەیسبووکی مامۆستا سوارە فتووحی وەرگیراوە . سەرچاوە : گۆڤاری ١٧١ی مەهاباد؟) .

" جەلال تاڵەبانی"یش لە کتێبێکیدا(کردستان و الحرکة القومیة الکردیه) باسی دەکات : ئوستاد محەممەد تەوفیق وردی کۆششی زۆری بۆ کۆکردنەوە و ژیاندنەوەی فۆلکلۆری کوردی و چاپکردنی کردووە ( ل٥٢) .

ئەگەر باشم لەیاد بێت، ساڵی ١٩٧٣ بوو، وردی جارێکیان هاتە ئیدارەی خوێندنیکوردیی حکومەت لە بەغدا و، رێك هاتە ئەو ژوورە کە منی لێ بووم و لای من دانیشت ( وادەزانم بەهۆی مامۆستا" عەبدولرەزاق بیمار"ی هاوشارییەوە رووی لە ژوورەکەی ئێمە کرد،کە من و مامۆستا عەبدولرەزاق بیمار هاوکار و هاوژوور بووین و مێزەکانمان بەرانبەری یەکتر بوون) . وردی، داوای پشتگیریی لە ئیدارەکەمان بۆ چاپیکتێبێکی کردبوو و، ئیدارە نەیدابوویێ، کۆمەڵێك گازندەیان لە کتێبەکەی ببوو، یەکێکیان ئەوەبوو کە بەرگی کتێبەکەی وێنەی پۆستەرێکی فیلمێکی فارسی بوو! وردی بە پۆزێکی کە قەت لێی نەدەهات، گوتی : " من ئەدیبی ئازادم و مساوەمە ناکەم، بەرگی کتێبەکەم تەعبیر لە ناوەرۆکی دەکا و نایگۆڕم و ... لەو قسانە" . ئێمەش ( مامۆستا عەبدولرەزاق بیمار و خۆم) سەیرمان کرد، بزانین ناوەرۆکی کتێبەکە چیە تا بەرگی تەعبیری لێ بکات . هەر لەگەڵ کردنەوەی کتێبە-کەیدا، کە فۆلکلۆری کوردی بوو، لە قاقای پێکەنینمان دا، دیتمان نووسرابوو : " دایە مەمدە بە جۆلا ــ جۆلا کیری گڕن گڕنە! " ... ئای کە پێکەنیوین بۆ ئەو بەرگەی کە تەعبیر لە ناوەرۆکی دەکات، کوا تەعبیر لە ناوەرۆکی چی و شتی چی ؟

(٣)

هەژار، چەندجار لە باسی وەرگێڕانی"وردی"دا ئەمەی گێڕاوەتەوە،کە دواتر لە تاران نووسیویە و ئێستا لە ئینتەر-

نێتدا هەیە، دەڵێت :

" ڕۆژێکیان کتێبۆکەیەکم دیت کە بۆ فرۆشتن بە دیواری جادەوە هەڵپەسێرابوو، بە عارەبی لەسەری نووسرابوو : چۆن دەبیە وێژەوانێکی باش ؟ بە قەڵەمی ماکسیم گۆرکی، مامۆستا تەوفیق وردی لە فارسییەوە کردوویەتە عارەبی و نرخی سەد فلسە . (..) خۆم پێ نەگیرا، خۆم گەیاندە مامۆستای بەڕێز و لە پاش چاك و خۆشییەکی گەرم، ئەم پرسیار و وەرامەمان لە ناودا هات و چوو :

ــ بێ قەیدی بێ دەبێ ببووری . من دەزانم تۆ عەرەبیت خوێندووە و بە عارەبی دەرس بە منالان دەڵێی، دیارە لە عەرەبیدا بولبولی؛ خۆیشت جارێکیان فەرمووت زمانی ئینگلیسی دەزانم . چونکە خۆم نایزانم گوتم : ڕەنگە ڕاست بکا، بەڵام تێناگەم تۆ ئەم فارسییە چۆن وا باش فێر بووی کە بتوانی نووسراوێکی کە بە ڕووسی نووسراوە و بە فارسی تەرجەمەکراوە، وا بە پوخت و پاراوی وەرگێڕیە سەر زمانی عارەبی ؟

بە زەردەخەنەیەکەوە فەرمووی :

ــ وادیارە تۆ خەبەرت نییە کە من پارەکە بۆ کارێکی حیزبی چوومە تاران و نزیکەی دوو مانگ لەوێ مامەوە . پیاو بە دوو ڕۆژ فێرە فارسی دەبێ؛ زۆر زمانێکی هاسانە .

ــ بەڵام ...

ــ بەڵام بەڵامی ناوێ،هەر کتێبێکی فارسیم بۆ بێنی، بێ لام و جووم بۆت وەردەگێڕمە سەر: عارەبی، ئینگلیسی، کوردی و کەسیش ڕێی ناکەوێ ڕەخنەم لێ بگرێ؛ تێگەیشتی ؟

ــ بەڵێ تێگەیشتم . خوا حافیز .

ــ ئاها! چا بوو وە بیرم هاتەوە . توخوا جارێ مەڕۆ . پرسیارێکم هەیە . ئەرێ دیشەب لە فارسیدا بە چی ئەڵێن ؟

ــ مامۆستا گیان، « دیشەب» و دوێشەو ئەوەندە لێك نزیکن کە پیاو بێ چوونە تارانیش دەیزانێ . ڕەنگە ئەوەی تۆ لێتەوە تەرجەمەکردووە، هەمووی باسی ئەمڕۆ بووبێ و تووشی دوێشەو نەهاتبێ .

بەڵێ ئیتر هیچمان ئەوەندەمان وەختیش نییە بیربکەینەوە، هەیاران خۆ لەم دنیا پان و بەریندا بە لانیکەم سێ ملیارد بنیادەم دەسدەکەوێ کە دووزمان یا سێزمانە بێ، واتا بەو پێوەدانە با دەبوا تەرجەمەکەران لە تۆڵەکە هەرزانتر و لە خاك و خۆڵ مشەتر بان و کوردگوتەنی: کەر کلکی ڕاوەشاندبا سەد وەرگێڕی کتێبانی بەرکەوتایە . کەچی وەك گشتمان دەزانین، ژمارەی موتەرجیمی باش لە دنیادا لە کتێبنووسان کەمترن . لە وڵاتێکی زۆر قەوغا و سی چل ملیۆنیدا بە قیرەقیر دە پازدەیەك هەڵدەکەون کە ناویان بە موتەرجیمی باش مەنشوور بێ .

( کۆتایی قسەی هەژار - هەمان سەرچاوەی کە پێشتر ئاماژەم پێ کرد) .

لێرەدا، بۆ ئەمانەت، دەبێت بڵێم شێوەی گێڕانەوەکەی ئێرەی هەژار لەوەی من لە خۆیم بیستووە جیاوازە، چونکە ئەوەی من لە هەژارم بیستووە هەمیشە ئەوە بووە کە هەتا قسەی لەگەڵ وردی‌دا کردبێت بەمجۆرە دەستی پێ-کردووە :" وردی هەتیو وەرە، کوڕە ئەوە چیە ؟ ... دیسان تێی‌ڕیاوی ؟!" ( ... شتی وەها) .

هێمن لە نامەیەکیدا بۆ هەژاری نووسیوە :

(..) لە بیرمە جارێکی وردی رەحمەتی رەخنەی لە کۆڕ دەگرت کە بۆ وەرگێڕانی شەرەفنامە زۆریان پارە داوە بە تۆ، خەڵکی زۆری لێ بوو، کوتم کوڕینە و کچینە ئێوە شاهید بن، من دوو ئەوەندەی کۆڕ داویە بە هەژار دەدەم بە مامۆستا بەو شەرتە بتوانێ شەرەفنامەی کوردی و فارسی لە " سەقافەی کوردی" بۆ ئێمە بخوێنێتەوە (..) .

( کۆتایی قسەی هێمن - لە دیواری فەیسبووکی کاک ئاگری ئیسماعیل‌نەژاد) .

کتێبەکانی وردی هەمووی وردیلە بوون، چەند لاپەڕەیەك فۆلکلۆر و، وەرگێڕان و، شیعری کوردستان باغ و بێستان و کوێستان و ئەو قسانە، وادەزانم گۆرانیی" جوانین ئێمە جوانین - رۆڵەی‌کوردستانین -... چیی باخانین، بەخوا ئێمە جوانین"یش شیعری ئەو بوو . ئێستا، لە بەرهەمی وردی، دەستم هەر بە دوو پارچە شیعری دەگات کە لە ژمارەکانی ٤ و ٧ی گۆڤاری " گەلاوێژ"دا ( نیسان و تەمووزی ١٩٤٣)

بڵاوکراونەوە : ( بە دەستکاریی رێنووسەوە)

خۆشەویستیی وڵاتم . لە کوێیەوە: محەممەد تەوفیق ( لێرەدا" وردی"یەکە نیە، هەر کەوتووەتە دوا دێڕی شیعرەکەوە : بەسە وردی وڵاتی تۆ بەهەشتی سەر بەهەشتانە ...)

گوڵ و گوڵزاری کێوانم بە سەد باغ و چەمەن نادەم

هەڵاڵی دامەنی شاخم بە سەرو و یاسەمەن نادەم

(..)

بەیانی سەد وەکو بەهرام لە هەردانا دەئاخێون

لە جۆگا بەردی گراوی بە مەرجانی عەدەن نادەم

قوڕ و چڵپاوی کۆڵانی لە بۆ ئێمە وەکو سورمە

لە بۆ چاو نرخدارێکە بە خۆڵی سەر حەسەن نادەم

(..)

یەکی تر :

نرخی نیشتمانم . لە کۆیەوە : محەمەد تەوفیق وەردی ( وا نووسراوە : وەردی!)

ئەی وەتەن دوور بم لە تۆ من گیان و ژینم بۆ چیە

تاجی شاهی و سونبل و گوڵ نازەنینم بۆ چیە

دیمەنی شاخانی تۆم بێ گوڵچنینم بۆ چیە

(..)

نێرگزی سارا و دەشتت هەردویان هەر یەك و جووت

گشت پەرێشانن لەبەر کێوان و گوڵزارانی رووت

خۆ پزیشکی دەردەداره بێنی سونبل تاری مووت

پاچنار و گۆشە هەنگوین سەروی خەندانە لە دووت

من هەڵاڵم لایە مسك و نەستەرینم بۆچیە .

ئێستا، جگە لە کتێبە گرن گرنەکەی باسکرا، دوو کتێبی تریم بە بیردا دێن ( ئەگەر ئەوانە بکرێت پیان بگوترێت کتێب) :

ـ یەکێکیان کتێبێکی چەندلاپەڕەی کەمی عارەبی، وەرگێڕانی لە فارسییەوە بوو: " تلألأ النور من بين الظلام"، پێم وایە لەسەری نووسرابوو: لە تۆلستۆی . جارێك کەسێك، لە دووکانی کاك ئەحمەد شایی‌جان لە بەغدا، باسی کرد، گوتی محەمەد تەوفیق وردی کتێبێکی وەهای لە فارسییەوە تەرجومە کردووە، " مامۆستا حەسەن قزڵجی"-یش لەوێ بوو، گوتی :" کوڕە تەرجومەی چی و شتی چی ؟ ئەو شێتە چووە یەك پەڕەی لە کتێبێکی زەلامی فارسی وەرگرتووە و کردوویەتە کوردی و، کردوویە بە کتێبێك، نە پێشەکەی مەعلوومە و نە پاشەکەی و، نە ئەو پەڕەیەش کە دەڵێ کتێبە، ئەوە نە فارسی دەزانێ و نە هیچ ".

ـ کتێبەکەی تریشی، لەو سەردەمەیدا بوو کە زۆر نەتەوەییانە خۆی دەڕازاندەوە . نازانم چۆن " بێجان جندی"ی ناسیبوو و خۆی لای" بێجان" وا شیرین کردبوو . بێجان لە بەرەی " کاردار"ی عەشیرەتی شکاك بوو، لەگەڵ بارزانییەکاندا چووبووە سۆڤیەت و، ئێستاش لەگەڵیاندا هاتبووە بەغدا و، لە بەغدا دامەزرابوو( کاری فێر-

کردنی زمانی رووسی لە شوێنێك دەکرد)،هاوگەڕەکی ماڵی هەژار بوو و زۆر سەری لە هەژار دەدا و لەگەڵ هەژاردا زۆر پێدەکەنین. هەژار زۆر جار لەبەر چاوی بێجان دەیگوت: بابی کافری ئەو بێجانە لە تاڵانی سابڵاغدا (ئۆکتۆبەری ١٩٢١) بووە، منی لە لانك دەرهێناوە، لەسەر ئەرزی داناوم و لانکەکەی بۆ بێجان بردووم. بێجان جەزبەی پێکەنین دەیگرت، دەیگوت: ئێ کەك هەژار ئەز چ بکەم؟ هەژار دەیگوت: چۆن چ بکەی، پارەکەی دانێ، ئەتۆ لانکی منت داگیرکردووە! بێجان چیرۆکی چوونی خۆی لەگەڵ بارزانییەکاندا بۆ وردی گێڕابۆوە و، وردی کردبووی بە کتێبێك، چەند وێنەشی تێدا بوون (هی بێجان خۆی و مامەند مەسیح و ... ئیدی).

(٤)

کاتێك شۆڕشی ئەیلوول (١٩٦١) دەستی پێکرد، بێجان هەر لە سەرەتاوە لەگەڵدا بوو و، بە زوویی کرا بە فەرماندەی خەتی یەکەمی بەرگری بەرانبەر ڕەواندز. بێجان بە هەموو عەقڵی خۆی (زۆرتر بە ئەو هەمووە شیعرەی کوردستان باغ و بێستان و کوێستانەی) پێیوابوو "وردی"یش دێت و دەورێکی گرنگ لە شۆڕشدا دەبینێت. بەڵام وردی بە لای لایەنی هەرەکەمی خەباتیشدا نەچوو. ئیتر بێجان لێی بێ ئومێد بوو و لە دوورەوە قسەی پێ دەگوت، دەیگوت: "وەڵڵا گەلەکی خووڕی دەرکەت"!

وردی کە پێشتر نێوانی لەگەڵ کۆمونیزمدا نەمابوو، ئەمجارەیان لەگەڵ کوردایەتیشدا نەما. خۆی پێ زۆر هەژار و نەدار بوو و، لای وابوو کە میللەتەکەی قەدری نەزانیوە و، ئاوڕی لە خەبات و قوربانیی نەداوەتەوە. کاتێك کاك مەلا ڕەشید حوسێنی، پێم وایە هەر یەك جار "وردی"ی دیتبوو، ئەویش لە ئیدارەی ڕۆژنامەی "الثورە"ی حیزبی بەعس، کە کاك مەلا ڕەشید و هەڤاڵانی (لەگەڵ ئەحمەد تەوفیق) چووبوون "طارق عزیز" ببینن. کاك مەلا ڕەشید بۆی گێڕامەوە گوتی: "«وردی»مان لەوێ دیت و زۆر بە گەرمی کەوتە گلەیی لە کورد و گوتی: «کاك مەلا ڕەشید، کورد میللەتێکی زۆر بێ شەرەفە"!. وردی ئەوسا لەو ڕۆژنامەیە کاری دەکرد، کارەکەی "مصحَح" (موسەحەحیح = ڕاستکەرەوە) بوو، بە نووسیناندا دەچۆوە کە ئەگەر هەڵەیەکی تایپکردنیان تێدا بوایە ڕاستی بکردایەتەوە یا سەرۆکی کارەکەی لێ ئاگاداربکردایەتەوە.

من خۆم دوا جار کە "وردی"یم دیت، چەند ساڵێك پێش ئەو کارکردنەی لە "الثورە" بوو. لە دووریی چەند میترێکەوە، ئەو منی نەدیت، ئێوارەیەك لە خوێندگەی ئێوارانەی کۆمەڵەی کوردە فەیلییەکان لە بەغدا بوو (لە کۆڵانی بەرانبەری مەرقەدی غەوسی گەیلانی). من خۆم دە ساڵێك پێش ئەوە لەوێ خوێندبووم و، ئێستا لەگەڵ

هەڤاڵێکمدا(کاک عەبدوڵڵا ئەمین، خەڵکی گوندی«بێتاس»ی سەر بە زاخۆ) دەچووینە سەردانی مامۆستایەکی هەڤاڵمان لەوێ،کاک محەممەدعەلی ئیبراهیم، هاوگوندی کاک عەبدوڵڵا، کە ساڵی ١٩٦٣ لە شانەیەکی حیزبیدا یەکترمان ناسیبوو و، ئێستا بە ڕۆژ لە بەشی‌کوردیی زانکۆ (معهد اللغات العالی) دەیخوێند و، ئێوارانە لەم خوێندگەیە دەرسی بە منداڵان دەدا . وردی، ئەمجارەیان لە کراسێکی کۆن و کنج - کنجی پەڕپووتی زۆر سەیردا بوو: ئێجگار زۆر هەراو، ڕەنگە حەوت وردیی‌درشت جێیان تێدا بوایەتەوە، شکڵی پەڵەپەڵەی وەك پێستی پڵنگی لەسەر بوو و، وردی زۆر بە پەلە دەڕۆیشت، دیار بوو دەرەنگ‌کەوتبوو، سنگی‌کراسەکەی کرابۆوە و بای تێ‌دەچوو و وەکو پزدانێك فووی تێ‌دەکرد، ئیدی پزدانێکی زۆر زەلام، باڵۆنێك، پیاوێکی وردیلە دەیکێشا، وەکو نیشانە بازرگانییەکەی تایەی " میشیلین" دەهاتە بەر چاو . ئیدی هەرتکمان، کاک عەبدوڵڵا و من، بە خۆمان نەبوو لە قاقای پێکەنینمان دا و، تا زۆر دوای ئەوەش، کە" پڵنگەکە"مان وەبیردەهاتەوە، پێکەنین دەیگرتین . ئەو دیمەنە شپرزەیەی دیوی دەرەوەی وردی، بەرگێك بوو کە زۆر بە وردی " تەعبیری لە ناوەرۆکی دەکرد" . وردی بە لەش و بە ڕەوان شپرزە بوو ... هەر بەشی دوژمنت بێت و، دۆستت وای بەسەر نەیەت .

نێوانی هەژار و وردی - بە من - شتێکی زۆر سەیر بوو . جارێك (١٩٦٢) تەلگرافێك بە ناوێکی کۆنی هەژار (عەزیز قادر) لە بەغدا بڵاوبۆوە کە بۆ لایەنگریی حکومەت لە دژی بارزانی بوو . هەژار سەرەتا دەیگوت ئەوە کاری برایم ئەحمەد بووە، کەچی دوایی دەیگوت ئەوە کاری وردی بووە و وردی خۆی لای من ئیعتیرافی بەوە کردووە . جارێك وردی لەگەڵ هەڤاڵێکیدا نیوەڕۆ چوونە ماڵی هەژار و، نانی نیوەڕۆیان لەگەڵ هەژار خواردووە، کە ماسی بووە، وردی دوای ئەوە گوتوویە : هەژار جاسووسە دەنا چۆن وا بورژوایانە دەژی هەموو ڕۆژ ماسی و برنج بخوا ؟ هەژار ئەوانە لە " چێشتی مجێور"دا باس دەکات و، ئەوجا دەڵێت : " لێی خۆش بووم و بوینەوە برادەری جاران" (ل ٣٥٩) . " بوینەوە" ؟ یانی چی ؟ مەگەر هیچ جارێك ئەو برادەرییەت بڕیبوو ؟ بەڵام ئاخر لێرەدا " برادەری" یانی چی ؟ هەژار قەت هیچ ڕێزێکی وردیی لەلا نەبوو . بە نموونە : وردی کە قسەی دەکرد، پەیتا - پەیتا دەیگوت " بە شەرەف" . هەژار دەیگوت : شەرەفەکانی وردیی ماکەر هەمووی دوو تەقەن، دە قسەکردنیدا دەڵێ " بە شەرەف - بە شەڕەف"، یەکەم بە " ر"ی لاواز و دووەم بە " ڕ"ی قەڵەو، جا ... کوڵێك جنێوی پێ دەدا . من پتر لە جارێك ئەوەم لەگەڵ هەژاردا باس کرد : یانی چی درێژە بە نێوانت لەگەڵ کەسێکی وەهادا دەدەیت و پێی‌دەڵێیت" برادەر" ؟ بەڵام بێ فایدە بوو . من هەوڵم داوە لە کتێبەکەمدا (هەژاری مرۆڤ ...)

ئەوە لە شیکردنەوەی تێکڕای پێکهاتنی سایکۆلۆجیی هەژاردا بدۆزمەوە .

خولاسە :

وردی لە تافی جەوانییدا بەر لافاوی شیعردانان بۆ نیشتمان کەوت . تا چارەگە سەدەیەکیش دوای یەکەم شیعری وردی، ئەوە هەر باو بوو کە" کوردی رۆشنبیر" دەبوو شیعر بڵێت . ئەوەی شیعری نـەگوتایە، رووی مەجلیسی یارانی نەبوو . تەنانەت کەسێك، لەبەر ئەوە بە ناچاری، زۆر لەخۆی دەکات و، هەر ئەم شیعرەی بۆ دەگوترێت :

کۆیە لیێیەتی یەك مەکتەب و دوو متوسطه

ئەممان مع الأسف خانییەکانی لە قوڕ و خشطه!

چی بکات بێچارەیە، دەبێت شیعر بڵێت . جارێك کەسێك پێی‌گوتم ئەوە شیعری" مەجید عومەر"ی ئەندازیار بوو ( کادیرێکی زۆر ناسراوی ئەوسای پارتی، من یەك جار لەگەڵ کاك محەمەد مەولوودی چیرۆکنووسدا دیتوومە) . بـەڵام کە پرسیارم کرد، هێندێك دەیانگوت راستە شیعری ئەوە و، هێندێك دەیانگوت نـا، بۆی هەڵبەستراوە . عاتیفەی شیعری کۆیە " وردی"یشی بە خەڵك ناساندووە، تەنانەت خۆیشی هەڵگرتووە و گەیاندوویەتە مهاباد . ئەوجا بوونە کۆمونیست باو بووە، بووە بە کۆمونیست و، دوای ئەزموونێکی خێزانیی، دڵی لەویـش شـکاوە و، بووە بە پارتی . ئەمجارەش کوردایەتیی کە " آسان نمود اول ولی" وا" مشکلها"ی لێ دەکەوتەوە : شـەڕ و شۆڕش و خەباتی نهێنی و خەتەر و زیندان و بێ پارەیی و ... خۆ هەرچیشی بکردایە هەر نـەدەگەیشتە مەقامی هەژارێك، ئیتر دوای چی کەوتبوو ؟ دوای ئەو هەمووە ساڵانە، شەتەك و ماندوو، بەس نەبوو ؟

ئیتر وردی وازی لە کۆمونیزم و کـوردایەتی و هـەمووی هێنا و، دەیویست زوو چوار فلس پەیدا بکات و، وا لە رۆژنامەی " الثوره" بە " مصحح" دوا لاپەڕەی ژیانی نووسی .

شکۆ، کەسێك یا هەیەتی یا نیەتی . ئەگەر نەیبوو، وەدووکەوتنی بێ هوودەیە، چونکە شکۆ وەکو سێبەرە : کە روو لە هەتاو دەڕۆیت، دوات دەکەوێت و، کە دەگەڕێیتەوە و دوای دەکەویت، پێی ناگەیت .

وردی گەڕایەوە و دوای‌کەوت تا پسا و پێی نەگەیی : ٢ی دیسامبری ١٩٧٥ بە مردوویی مرد .

کە تـەمەنم بوو بە هـەژدە سـاڵ، گوتیان دەبێت " دفترالخدمة العسکریە"ت هەبێت، بەڵام من گوێم نـەدایە، تاکو ڕۆژێك لە کۆنترۆڵێکی ڕێگا لە بەغدا داوای ئەو دەفتەرەیان لێ کردم، کە نـەمبوو گرتیانم و بردیانمە مەرکەزی پۆلیسی" کرخ" و لەوێ زیندانیان کردم. ئەو ڕۆژە هەر کەس لێی نەپرسیم تۆ لێرە چ دەکەیت. ڕۆژی دووەمیش تا عەسر هەمان شت. ئیدی لەگەڵ یەکێك لە پۆلیسەکان قسەم کرد و - بە شێوەیەك - تێمگەیاند کە ئـەگەر ڕێگام بدات لەوێوە تـەلیفۆنێك بکەم ئەوا پـارەیەکی دەدەمێ. چـەند سـەعاتێك دوای ئەوە، پۆلیسەکە هات و لە ناو حـەپسییەکاندا بە دەنگی بـەرز ناوی بانگ کردم و لەگەڵی ڕۆیشتم، بردمییە لای تەلیفۆنێك و گوتی: فەرموو تەلیفۆن بکە. لە چەند تەلیفۆن، یەکێکیان گرتی و، هەر ئەوەش بوو کە دۆست فریام کەوتن و بە کەفالەتی قانوونی بەریاندام و، منیش بە نووسین پەیمانم دا کە دەستبەجێ وەدووی دەرهێنانی" دفترالخدمة العسکریە"کەم بکەوم.

چوومە ئیدارەی دەرهێنانی ئەو دەفتەرە، پرسیاری تـەزکەرە( دفتر نفوس) ی ١٩٤٧یان لێ کردم، گوتم وەڵلا من هەر ئەوەی ١٩٥٧م هەیە. گوتیان ئەمە نـاخوات، تۆ ١٩٤٦ لەدایکبوویت، کەواتە دەبێت تەزکەرەی ١٩٤٧مان بۆ بهێنیت. گوتم نیمە، گوتیان نـابێت، چۆن نیتە؟ تۆ ساڵێك پێش سەرژمارییی ١٩٤٧ لەدایکبوویت، دەبێت هەتبێت، قانوون وایە و، بە بێ ئەوە کارەکەت ناڕوات.

هەژار لێرەدا فریام کەوت و گوتی خەمت نەبێ، ئێوارە لەگەڵم وەرە، دەچینە لای کەسێك کە یەکەم خۆشەویستی سەرۆکی تەواوی ئیدارەی بەعەسکەریبردنی خەڵکە. ئێوارە چووین، بۆ کوێ؟ بۆ مەکتەبێك کە لەسەری نووسرا- بوو " المحامی عمر جـلال الحـویـزی" ( پارێزەر، وەکیل)، لای" حافظ القاضي" ( ساحة الوثبە)، لە نیزیك عیادەی " جاك عبود"ی بژیشکی بەناوبانگی ئەعساب. لە پلیکانان سەرکەوتین، ئەو هەمووە ژنانە لەسەر ئەو پلیکانانە دانیشتبوون، تەنانەت وادەبوو هێندێك دەبوو بکشێنە ئەولاوە تا ڕێگای چوونمان بۆ بکەنەوە.

دوای وەسەرکەوتن لە پلیکانی زۆر، گەیشتینە مەکتەبی مامۆستا عومەر جەلال حەوێزی. پیاوێکی کەڵەگەتی ناوقەد باریك، لە ناوەندی تەمەندا، زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنیکردین. نێوانی لەگەڵ هەژار زۆر خۆش بوو. هەژار گوتی: سەر پلەکان جەمی دێ، ئەوە چیە ئەو هەمووە ژنە؟ حەوێزی گوتی: " ئـەوانە هـەزار جۆت گانیان دایە! ئەوجا هاتینە لای ئەو ژنە دختۆرەی، زگیان لەباردەباتن و پەردەشیان لۆ دەدروویتەوە، ئەویش لۆخۆی هەزار جۆت گانی دایە!". من ئەوەم زۆر لا سـەیر بوو، مامۆستا حەوێزی شـەخسیەتێکی گشتیی نـاودار بوو، ئاخر ئەوە چ ئەدەبێك بوو بۆ دەستپێکردنی مەجلیسی لەگەڵ شاعیری دۆستی خۆشەویستیدا؟

عومەر جەلال حەویزی، ساڵی ١٩٦٠ خاوەن و سەرنووسەری حەفتەنامەی بە دوو زمان، نیوەی کوردی و نیوەی عارەبیی" دەنگی کورد- صوت الأكراد" بوو . لەبیرمە جارێك شیعرێکی هەژاریشی بڵاوکردبۆوە :" کوردە تۆ عەبدی لە لای من ..." . کاتێك حکومەت حەفتەنامەکەی داخست، خەڵك قسەی زۆریان لەبارەیەوە دەکرد، ئیدی نەمزانی چەندی راست بوو . دەیانگوت لەسەر بڵاوکردنەوەی گوتارێکی توندی مەلا جەمیل رۆژبەیانی هەم دایانخستبوو و هەم " حەویزی"یشیان هەر لەسەر ئەوە گرتبوو . من گوتارەکەم وەبیردێت، بەڵام وەبیرم نایەت ئایا بە ناوی ئاشکرای مەلا جەمیل بوو یا بە ناوێکی ساختە بڵاوکرابۆوە . دیارە ئەگەر گرتنەکەی حەویزی لەسەر ئەو گوتارە بووبێت، دەبێت بە ناوێکی ساختە بڵاوکرابێتەوە، ئەینا خۆ راست دەچوون مەلا جەمیل خۆیان دەگرت . من ئەوساش حەقیقەتی وردەکارییەکانم لێ روون نەبوو . بەڵام لەیادمە، کە خەڵکێك هەبوون قسەیان بە حەویزی دەگوت، دەیانگوت ناوی نووسەرەکەی داوە بە کاربەدەستان تاکو بەری بدەن و بەوە حورمەتی کاری رۆژنامەگەر-ریی پێشێل کردووە .

مەلا جەمیل زۆر بێحەیا بوو و، دەبووە بەڵا بۆخۆی و بۆ خەڵکی دیکەش . هەژار دەیگوت : مەلا جەمیل لە مزگەوتی" ئیمام قاسم"ی کەرکووك خوتبەی جومعەی بەوجۆرە داوە: " ئەی مەعشەری مسوڵمانان، ئایا ئێوە هەر تەنیا حیزن ؟ جەواب! : نەخێر بە هیچ جۆرێك هەر حیز نین، سەد خۆزیا هەر حیز بوونایە، ئەدی ئێوە چین ؟ جەواب : ئێوە حیزی حیزانگاون، خۆ ئەگەر کەریشن و نازانن چۆن حیزی حیزانگاون، با بۆتان شەرح بکەم! ئێوە حکومەتێکی حیز دەتانگێ!،کەواتە ئێوە بوون بە چی ؟ جەواب : بوون بە حیزی حیزانگاو!". جا توخوا ئەوەش بوو بە خوتبەی جومعە ؟ ئیدی مەلا جەمیل لەژێرەوە بیجامەکەشی لەبەر بوو، حازر و بزر تا لەوێوە راست بیبەنە زیندان . وا لێرەشدا دەیانگوت سەری " دەنگی کورد"ی حەویزیی خواردووە . من لە یادمە، ساڵی ١٩٦٠ ئەو گوتارەی جێی باسم خوێندەوە . گوتارەکە بە عارەبی بوو، بە ناوی " لقد حسبتك ساهراً فنمت" ( پێم وابوو تۆ بەخەبەربوویت ئیدی من نوستم) . تێدا گوتبووی کە جارێك پیاوێك چووە لای " کەریم"خانی زەند( بەڵام دیارە لێرەدا هێرشەکە بۆ سەر" کەریم قاسم" بوو) و گوتی : کەریم خان ئەمشەو دزیم لێ کراوە . کەریم خان گوتی : شەو نوستی و ئاگات لەماڵی خۆت نەبوو و ئێستا هاتووی لای من شکایەت دەکەیت ؟ زەلام گوتی: بەڵێ نوستم، چونکە پێم وابوو تۆ بەخەبەربوویت . ئەوجا باسی رووداوێك دەکات کە لەکەرکووك تەقەیان لە ئۆتومبیلی رەنگ سووری کەسێك کردووە ( کە سوور بە رەنگی کۆمونیستان دادەنرا و ئەو سەردەمە کێشەی گەورە لە نێوان کۆمونیستان و دوژمنانیاندا لە کەرکووك هەبوو) . زەلام بۆ شکایەت کردن چووەتە لای پۆلیس،لە ئیدارەی

پۆلیس پێیانگوتووە : ڕەنگی ئۆتومبیلەکەت بگۆڕە تا تەقەت لێ نەکرێت . ئیدی مەلا جەمیل لێرەدا بە حکومەت دەڵێت : ئەدی تۆ کە نەتوانیت سەلامەتیی خەڵکی بێگوناهـ بپارێزیت و، تەنانەت بە هۆی ڕەنگی ئۆتومبیلیانەوە تەقەیان لێ بکرێت، تۆ چ کارەیت ؟

بگەڕێمەوە سەر باسەکەم، لەگەڵ هەژاردا ئەو ئێوارەیە پتر لە سەعاتێك کە لەوێ بووین، بە پێکەنینی هەژار و حەوێزی و، منیش کە لافاوی پێکەنین دەیبردم، ڕەنگە دەنگمان گەیشتبێتە مەیدانی حافز قازی . نازانم چۆن بوو حەوێزی بە هەمان شێوە دابەزییە سەر کاربەدەستێکی شۆڕشیش : ئەوە چیە بارزانی ئەو هەتیمەی کردییە بە هەرامە، ئەو هەتیمە هەزار جۆت گانی دایە . هەژار گوتی : " هەزار جۆت ؟ کەسر و نوقسانی تێدا نیە ؟ ".

هەژار لە دواییدا پێی‌گوت بەڵکو بۆ دەفتەری عەسکەرییەکە یارمەتیم بدات . حەوێزی پرسیاری کێشەکەی لێ کردم، منیش هەموویم بۆ گێڕایەوە . گوتی : ئەوە هاسانە، ئەمن سبەی " الضابط الأقدم "ی تەجنید دەبینم . ئەوجا گوتی : تۆ دووسبە سەعات ١١ی بەیانی شاهیدێك لەگەڵ خۆت بینە و، وەرنە بەر دەرگەی ئیدارەی تەجنیدی کەرخ، من دێم کارەکەت لۆ جێبەجێ دەکەم .

هەر واش بوو . من کەسێکم لەگەڵ خۆم برد و هەژاریش هات . سەعات یازدە حەوێزی پەیدا بوو . هات و نامەیەکی دا بە ئەفسەری تەجنید (ملازمێکی یەك ئەستێرە)، کە تێدا نووسرابوو تەلیفۆن بۆ "الضابط الأقدم" بکات . تەلیفۆنی کرد، دیار بوو "الضابط الأقدم" زۆری لێ تووڕە بوو و، من زۆر لەوە ترسام کارەکەمان هەر بە تەواوی لێ تێکبدات، کەچی نا، ئەفسەر دیاربوو بەو تەلیفۆنە ترسا و، حەوێزی خۆی ڕێگایەکی قانوونیی بۆ دیتەوە، نووسییان کە : ئەم کەسە بەهۆی شەڕ لە مەڵبەندەکەیان، کارمەندساڵی ١٩٤٧ نەیانتوانیوە بگەنە لایان و ئیتر نەنووسراون . حەوێزی خۆی بە ناوی شاهید ئیمزای کرد و ئەو شاهیدەی تریش کە من بردبووم و، تەواو . ئیدی ئەفسەر هەر بە دەستی خۆی دەفتەرەکەی بۆ پڕکردمەوە و دایمێ . کە هاتینە دەرەوە، حەوێزی - ڕوو لە من - گوتی : ئەو زابتی ئەقدەمە گەلەکی مسوڵمانە، من زۆر شەوان دەچمەلای پێکەوە قورعانێ دەخینین! هەژار گوتی : بەڵێ دیارە زۆر لە خودا دەترسێ . کە حەوێزی ڕۆیشت، هەژار گوتی : ئەوە مەعنای " قورعانێ دەخینین "یشمان زانی، کوڕە قورعانی چی و شتی چی ؟ دەچن پێکەوە هەزار جۆت عارەق دەخۆنەوە .

هەژار، تا لە بەغدا بوو، هەر زۆر هاتوچۆی حەوێزیی دەکرد . ساڵی ١٩٧٢ یا شتێك زووتر یا دواتر، حەوێزی بوو بە " معاون مدیر عام "ی شوێنێك و، کارێکی باشیشی بۆ هەژار کرد : کاك " کەریم "ی کوڕی ژنەکەی کاك محەمەدی ئیمامی ( لە باوکێکی تر) بۆ بە کارمەند دامەزراند . هەژار یەکێك لەو جارانە بوو گوتی حەوێزی

پرسیاری" هێمن"ی لێ کردم، کوتم: وەڵڵا هەر تەقەتەقی ددانەکانی دێ! حەویزی ئەو قسەیەی زۆر پێ سەیر بوو: کوو تەقەتەقی دێ! ئیدی دوای ئەوەش هەزار دەیگوت حەویزی تا بچمە لای پرسیاری ئەوەم لێ دەکا: ئەمرێ ددانی هێمن کوو تەقەتەقی دێ ؟

" یەکتا"ی کوڕیشی وەکو خۆی هەر پارێزەر( وەکیل، ئەوقات) بوو و، لە هەمان مەکتەبی باوکیدا بوو. جارێکیان بە کاك " ئەمیری قازی"ی گوتبوو وەرە لام لە مەکتەبەکەم، من پەساپۆرتێکت لۆ پەیدا دەکەم. دوای هاتوچۆیەکی زۆر، دوا نەتیجەی کە کاك ئەمیر دەستیکەوت، بریتی بوو لە: " ناتانم" ( ناتوانم ). بەڵام باوکی توانی ئەو دەفتەرە بۆ من دەربهێنێت و، من بۆ ئەوە مەگەر هەر هەزار جۆت سوپاسی بکەم.

ئەحمەد تەوفیق ( عەبدوڵڵای ئیسحاقی) ئەم باسەی بەم جۆرە بۆ گێڕامەوە، گوتی :
کاك هەژار و من و عەزیزشەریف و نوورەدین زازا و چەند کەسێکی دیکەش، لە ماڵی ڕەوشەن خانمی بەدرخان لە شام دەعوەتکرابووین . لەوێ، زۆرمان هەوڵ دەگەڵ عەزیز شەریف دا کە باسی مافی کوردی ژێردەستی سووریای دەگەڵدا بکەین و، ئەو هەر خۆی لە باسەکە لادەدا و دەیگۆڕی،دەچۆوە سەر کێشەکانی پیادەکردنی سۆسیالیزم لە سووریا و، پرۆلیتار وا و، سەنعەت وا و، نازانمچی وا . ئاخر ئوستاد عەزیز، ئەتۆ خۆت کوردی( ؟)*، لە شورەوی ئەوەندە ڕێزت هەیە و ئەوەندە گەورەپیاوانی بزووتنەوەی کۆمونیستییدنیا گوێت لێ دەگرن، ئاخر چۆن دەبێ ئەتۆ هاوار بۆ هەموو میللەتانی دنیا بکەی، بەڵام بۆ داوای خوێندنێکی کوردیی منداڵانی کورد لە سووریا وا گوێت گران کەی ؟

ئەو، کە هەر بە عەرەبی قسەی دەکرد، کاك هەژار زۆر بە گەرمی، بە عەرەبیی بەغدایی دەگەڵیدا گیر ببوو . بەڵام بێ فایدە بوو . هەر ئێمە دەمانگوت منداڵی کورد و هەر ئەو بە دەرسی ئاکادیمیی سۆسیالیزمی خۆی جوابی دەدایەوە . کاك هەژار، دوای هەوڵێکی زۆری بێ نەتیجە، بەینێك بێدەنگ بوو، ئەوجا ڕووی کردە عەزیز شەریف و بە عەرەبی بەغدایی پێی گوت : " ئوستاد دەمبەخشی، ئەمن هەر زمانی خەڵکی هەژار و چینی پرۆلیتاری چەوساوە دەزانم، ئەگەر لێم قەبووڵ بکەن، حەز دەکەم بەو زمانە چیرۆکێکتان بۆ بگێڕمەوە ".
عە زیز شەریف گوتی :" فەرموو، تکا دەکەم، ئێمە دەبێ بە زمانی جەماوەری چەوساوەی گەل بدوێین، فەرموو ".
کاك هەژار گوتی :" پیاوێك" و ... ئیدی وەستا ! ئێمە هەموو چاومان تێبڕی بزانین چ مەسەلەیە، بۆچی وەستا ؟ بۆچی قسەکەی تەواو نـاکا ؟ ئاوا موددەتێك زۆر هونەرمەندانە ڕایگرتین، تا تەواوی حەواسمانی بەلای خۆیدا

---

* دوای بڵاوکردنەوەی ئەم نووسینەم لە فەیسبووکدا،کاك" رفعت عمر" تێدا سەرنجی بۆ ئەوە ڕاکێشام کە عەزیز شەریف کورد نەبووە .کاتێك لە ئینتەرنێتدا بۆیگەڕام، دیتم هەموو قسەی کاك رفعت دەسەلمێنن،کە عەزیز شەریف عارەب و خەڵکیعانە بووە . بەڵام من لێرەدا قسەکەی ئەحمەد تەوفیق وەك خۆی دەگێڕمەوەو، ئەوەش کە من لە هەژار و چەندین کەسی دەوروبەریم بیستووە کە دەیانگوت عەزیز شەریف کوردی فەیلییە بەڵام کوردی نازانێ! ئەم ئەفسانەی کوردبوونەی چۆن دروست بووە ؟ عەزیز شەریف بۆچی بۆی ڕاست نەکردوونەتەوە ؟ نازانم . من شتەکان وەك بیستوومن دەگێڕمەوە .

راکێشا و ئێمە هەموو بە چاو پێی دەڵێین:" ئێ ؟ ئەوجا ؟ پیاوێك چی ؟ دە بڵێ". ئەوجا کوتی :" پیاوێکی دەگا".
جا قڵقوهۆڕی پێکەنینت بدیتایە . ڕەوشەن خانم خۆی جەزبەیەکی پێکەنینی گرتبوو، نەیدەتوانی دانیشێ و لەسەر پشت کەوتبوو!، هێندێك بە پێکەنینەوە هەر لە ژوورەکە چوونە دەرەوە، ئیدی ئەوە نەبوو کەس خۆی پێ بگیرێ، هەموو لەبەر پێکەنین زگمان دەئێشا . کاك هەژار خۆشی دەگەڵماندا پێدەکەنی، بەڵام دەموچاوی عەزیز شەریفت بدیتایە چۆن وەکو چەوەندەر سوور هەڵگەڕابوو .

پاش چەند دەقیقەیەك، ئەوجا هێندێك هاتینەوە سەر خۆ و هەموومان بە یەك دەنگ کوتمان :" کاك هەژار ئێ ی ی ی ؟ ". کاك هەژار کوتی : " بەڵام قوونی ئەوەندە تووکن بوو، هەرچەندی دەیکرد کونەکەی نەدەدیتەوە . کوتی : ئاخر خودایا چ دەبوو هێندێکت لە تووکی ئەو قوونەی لەسەر سەری دابنایە ؟ بەرهەمی ئەوەندە زۆر و دابەشکردنی ئەوەندە نایەکسان! جا ئوستادعەزیز، چ پێویست بە ئەزیەتکێشانی تۆ نیە سۆسیالیزممان بۆ روون بکەیەوە، ئێمە ئەوەمان هێندە بیستووەتەوە ئەوەتا دەتوانین بە چیرۆکی ئاواش بە دەرس بیلێینەوە" .

جا وەرە دیسان پێبکەنەوە. عەزیز شەریف هەستا و کوتی : " کوا کۆتەکەم، ئەمن دەبێ بڕۆم کارم هەیە" . ڕەوشەن خانم کوتی : " ئەمن بۆ نان خواردنم دەعوەت کردووی، چۆن دەڕۆی ؟ هەتا نان نەخۆی ناڕۆی" و، زۆری لێ پاڕایەوە، بەڵام بێ فایدە بوو . لەوبەینەشدا کاك هەژار هەر دەستی لێ هەڵنەدەگرت :" ئوستاد بۆکوێ دەچی ؟ ئەمن جارێ زۆر چیرۆکی‌دیکەم بە زمانی جەماوەری چەوساوە ماون! تۆ چۆن دەڕۆی و لە دەستخۆتیان دەدەی؟" . ئێمەش کوتمان لێی‌گەڕێن با بڕوا، نانی چی ؟ ئەو بەدبەختە تازە چۆن پاروو بە قوڕگیدا دەچێ ؟ ئیدی بە بێ نان خواردن ڕۆیشت . " ئێمەش" لەبەر پێکەنین نانەکمان بە زەحمەت بۆ دەخورا . کاك هەژار کوتی : " وەڵڵا حەیف زوو ڕۆیشت، خۆ ئەمن هێشتا زۆر دەرسی دیکەم مابوون هەموو فلتەفلتی کۆمونیزمی بە زمانی گەلی چەوساوە بۆ روون بکەمەوە ( هەژار بە فەلسەفەی دەگوت " فلتەفلت") .

هەژار، "عەزیز شەریف"ی هەر لە بەغداوە دەناسی . دەیگوت : بارزانی ڕۆژێك پێی‌گوتم " فلان کەسی ڕەفیقت لێرەیە، بیبینە ( وادەزانم گوتی" حەسەن"ی ڕەفیقت)، منیش‌کوتم " من ڕەفیقێك بەو ناوە ناناسم". بارزانی کوتی: " دەیناسی!". ئیدی کە دیتم دەبینم هەمان"عەزیز شەریف". تۆمەز ساڵی ١٩٦٣ لە بەغدا رایکردبوو و چووبووە لای بارزانی و، بارزانی بەو ناوە لە" بارزان" شاردبوویەوە . هەژار چەند ساڵێکی کەم دوای ئەو دەعوەتەی ماڵی ڕەوشەن خانم، لە ڕێگای گەڕانەوەیدا بۆ بەغدا(١٩٥٨)، لەگەڵ پۆلیسی" مووسڵ"دا تووشی کێشەیەك بوو، لە

"چێشتی مجێور"دا ( ل ٢٨١-٢٨٢ ) باسی دەکات، دەڵێت چۆن عەزیز شەریف لەوەدا فریای کەوتووە . دیارە عەزیز شەریف ویستوویە یارمەتیی کەسێکی نیزیکی بارزانی بدات، بەڵام رەنگە هەر بێ لەوەش "هەژار"ی خۆش ویستبێت و ئەو گاڵتە خەستانەی هەژاری لە دڵ نەگرتبێت . دەڵێن عەزیز شەریف ساڵی ١٩٩٠ لە یەکێتی سۆڤیەت کۆچی دوایی کردووە .

# Barzanî-Hejar

# u

# Hejar u Çend Kesêk

Nûsînî : Şêrko Hejar

2016